بەیتی

# لاس و خەزاڵ

بەیتی

# لاس و خەزاڵ

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

بەیتی لاس و خەزاڵ
ئامادەكردنی بۆ چاپ: عەبدوللەتیف عەبدولمەجید گولی
كتێبی ئاراس ژمارە: ١١٠٣
چاپی یەكەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ١٤٧ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: كارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
رێنووسی یەكگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

خوێنەری بەڕێز! ئەمەی دەیخوێنییەوە، بەشێکی ترە لەو کۆمەڵە فۆلکلۆرەی کە وەختی خۆی کۆڕی زانیاری کورد، بەیارمەتیی چەند کوردێکی دڵسۆزەوە کۆی کردووەتەوە.

ئەم بەشە فۆلکلۆرە بەناوی «بەیتی لاس و خەزاڵ»وەیە و ئەمیش دانەیەکی دیکەی ئەو بەیتە بەناوبانگەیە و کاك عوسمان مەولوود عەبدوڵڵا هەمەوەندی گوتوویە و کاك مەحموود زامدار سەرپەرشتیی کردووە. بەیتەکە لەناوچەی کەرکووك کۆکراوەتەوە(*). ئەم بەیتە، مام هێمنی موکریانی و کاك جەلالی ڕەحمەتی لەسەر شریتیان ڕاگوێزتووەتە سەر ڕووپەڕان.

(*) ناشێ ئەم بەیتە لە ناوچەی کەرکووك کۆکرابێتەوە لەبەرئەوەی شێوەزاری گەرمیانی نییە، زیاتر بەلای کرمانجەتیی دەشتی هەولێر و کۆیە دایە.

لاوە! ئەریٚ لاوە! ، خۆ ئەتوو ئەستێرەك نەبووی لە من هەلاٚتی وەختی عیشایێ.

خەزاڵ دەڵێ، لاوە ئەستێرەك نەبووی لە من هەلاٚتی وەختی عیشایێ. ئەو ئەستێرە شەوقێ خۆی دەداوە لە دەشتی شارەزووریێ، لە سەرای سوبحان ئەغەی، لە ئەوەکەی زەڵمێ، لە چیایەکەی پیرەمەگروونێ، لە قەلاٚتی بابانییان، دەیداوە لە قەبری بابی ئاشقان، لە گەردەنی مەنیجەی، جوانی دەکردەوە بژانگ و برۆی چاوی لەیلایێ.

دەڵێ براینە! برادەرینە! گەلی خزمینە، ئەگەر ئەو ئەستێرە دیسان شەوقی خۆی دەداوە لە چیایەکەی بێستوونێ، لە بەژن و بالاٚی شیرنێ، لە قەد و قامەتی ڕەشیدی فەرهادی، دەیداوە لە تاجی زێڕی سەری خەسرەوی پەروێزی کەیانی. وەکی هەرمیلا و مەرجانە و ڕەیحانەی، هەرسێکی لۆ دەهاتەوە سەمایێ.

دەڵێ براینە! برادەرینە! گەلی خزمینە! ئەگەر ئەو ئەستێرەی ئاشقان شەوقی خۆی دەداوە لە قەلاٚتی کاکە مەمی برایم پاشای، لە جوانیی خاتوونە زینێ، ئەگەر ئەستێرەی ئاشقان شەوقێ خۆی دەداوە لە قەلاٚتی کاکە مەمی برایم پاشای، لە بەژن و بالاٚی خاتوونە زینێ خوشکێ میرزێندینێ کیژی میر عەودالٚ بەگی جزیری بۆتان، دەیداوە لە دەست و قامکی قەرەتاژدینێ لە لاو و دیوەخانی

میرزێندینێ. براینە! برادەرینە! دەیداوە لە تۆق و تەلەسمی خاتوون ئەستییێ مەعشووقەی قەرەتاژدینێ، بەڵام چ بکەمێ گوارە و خەزێمی لە بۆ کاکە مەمی دەهێناوە ڕجایێ.

دەڵێ، براینە! برادەرینە! ئەگەر ئەو ئەستێرەی ئاشقان شەوقێ خۆی دەداوە لەسەر و سواری کاکە وەلی بەگی سەعید بەگی قولی بەگی هەریر بەگییان، دەیداوە لە چاوی ئایشە گوڵێ، ئەوانیش دوو ئاشقی گەلەك بەسۆز بوون، دەگەڕانەوە لە دنیایێ.

ئەگەر ئەستێرەی ئاشقان شەوقێ خۆی دەداوە لە شان و تفەنگی برایمی مەلا زێندنیان، لە بەربەنە و خاشخاش و یاقووتی خاتوونە پەریی خوشکێ میر شێخ و میر یەحیا بەگی کیژی میر ئاودەلان. بەڵان ئەوانیش ئاشق بوون، حەو ساڵان بەتەمای یەکدی بوون لە دەشت و چۆل و چیایێ.

ئەگەر ئەستێرەی ئاشقان شەوقێ خۆی دەداوە لە بەژن و باڵای کاکە قەرەی کوڕی برایم پاشای شاری قەزەلیان. بەڵان دەیداوە لە دوگمە ، یاقووت و بەربەنەی خاتوون گوڵەزەرێ، کیژی عەلی باشاغای گاگەشان.

بەڵان براینە! برادەرینە! ئەستێرەی ئاشقان شەوقێ خۆی دەداوە لە گردی گەراجێ لە کانیە مرازێ لە دەشتی مەندواوێ، دەیداوە لە هۆبە و عێلەساتی مەزن باویلاغای میر هۆمەریانی بابی خەزێم زێڕینێ، بابی ئەسمەرێ، بابی خاتوونە تەورێزێ. دەیداوە لە دەمانچە و تفەنگ و قەرەبینا و شەشئاگر و شیرێ شا میسری خەنجەری نێرۆییی کاکە ناسر و ماڵ ماڵی، هەردووکیان ئامۆزا بوون، وەکی باویلاغای میر هۆمەری گاگەشان، هەردووکی لەسەر خاتوونە تەورێز و ئەسمەرێ، دەردەکردنە دەرێ لۆ شاری کاولە بەغدایێ.

دەڵێ، براینە! برادەرینە! ئەگەر ئەستێرەی ئاشقان شەوقێ خۆی دەداوە لە ڕوومەتی مێرەمێ عەلییان، دەیداوە لە کۆشك و باڵەخانەی خانزادی سۆران، خوشکی سولەیمان بەگی هەریرێ، بەڵان ئەستێرەی ئاشقان شەوقێ خۆی دەداوە لە کۆشك و باڵەخانەی خانزادی هەریربەگییان، دەیداوە شەوقێ خۆی لە

کۆسرەتێ شاڵەبەگییان، دەیداوە شەوق و شەبەقێ خۆی ئەستێرەی ئاشقان لە شارەکەی کۆیێ. دەیداوە ئەستێرەی ئاشقان شەوق و شەبەقێ خۆی لە داو و بەردووکانی وەستا عەبباسی ناڵبەند، ماڵی ویرانم دیسان شەوقێ خۆی ئەستێرەی ئاشقان دەداوە لە گۆڕێ تووان لە کانییێ سۆراوان لە هۆبە و عێل و عێلەساتی ئاغا مەزن مەلا نەبی خەیلانی، دەیداوە لە سەر و سواری کاکە لاسی ئەحمەد بەگی شارەزووری، بەگزادەی جافان.

دەیداوە لە بیست و چار کەزیێ خەزاڵە شۆڕێ، دەیداوە لە تاس و پلێلە و بەربەنەی ئەسمەر و ئەستی و ڕابی و خووبییێ، هەرچاریان کارەکەی خەزاڵە شۆڕێ کیژێ مەزن مەلانەبیان بوون. بەڵان چ بکەمێ براینە! برادەرینە! خەزاڵێ بابان ویران لە جیاتی نۆ خینان درایێ. بەڵان چ بکەمێ براینە! برادەرینە! خەزاڵی بابان ویران لە جیاتی نۆ خینان لە وەیسی و وسوئاسکە مارە دەکرایێ.

دەڵێ، براینە! برادەرینە! ڕۆژەکی سەر لە سبیانێ، دەروێشەکی گەلەك گەلەك نوورانیم دەهاتە بەرچاوی، دەگەڕا لە دنیایێ.

ئەو دەروێشە نوورانییە، ئەگەر ناوی نازانن، ناوی دەروێش عەلی هەرکییە. دەیگۆ بەوەی کەمە ڕەبییە، نامرێ ئەبەدییە خالق لە ژۆری سەرییە. بەو شێخە لاس و شێخ ئەستییە، بەو شێخی باڵەکییە، بەو سوڵتان عەبدوڵڵای عارەبییە، بەو حوسێنی غازییە، بەو شێخ هۆمەر و شێخەڵڵای لۆ خۆم دەستم بەمەرقەدیانەوە گرتییە. چەند شاری وان و باشقەڵان و ئەرزەڕۆم و دیاربەکر و دەرسیم و حەڵەب و زاخۆ و دهۆك و ئاکرە و ئامێدیم دیتییە. هەتا مەقلوبێ شێخان و شارێ مووسڵێم بەجێ هێشتییە، دەهاتمەوە دەشتەکەی هەریرێ، گۆڕێ تووان، کانییێ سۆراوان، عێل و عێلەساتی ئاغا مەزن، مەلا نەبییان، سەردار عێلێ خەیلانییە، بابێ خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە. ئەو جوانییەی لە خەزاڵە شۆڕێم چاو پێ کەتییە، هێشتانەکینێ گوڵی قاقانی چینێ، شیرنی ماشووقەی فەرهادی، زینی ماشووقەی کاکەمەمی، ئەمان گوڵەزەرێ ماشووقەی کاکە قەرەی، تەورێزی ماشووقەی ئاغا ماڵ ماڵیم، چاو پێ نەکەتییە.

ئەمان، لە کاتەکی دەروێش عەلی هەرکییە، دەهاتە ناو عێل و عوربانی مەلانەبییە. هێشتا مەلای نیوڕانێ بانگی محەمەدی نەدایە و نەیگۆتییە.

پرسیارەکی لەوان شوانان و بەرخەوانان کردییە، دەیگۆ براینە! برادەرینە! دوو قسەم هەیە لە زارییە. پێو دەڵێم لە راهی خوای جوابم بدەنەوە بە ڕاستییە.

سەرێ چەند سالانە دەگەڕێم بەدەروێشییە. عومرم لە شێست ساڵی تێ پەڕییە.

ناوی من دەروێش عەلی هەرکییە. هێشتا ڕەبەنم ژن و ماڵم نەدیتییە. چەند ساڵە ماینەکی بەجوانیم بزر کردییە. لە ناو عێل و عێلەساتان دەگەڕێم بەشکو ماین و جوانیی من ڕێیان خەڵەت کردبی، کەتبیتە ناو هۆبە و عێلەساتی مەلا نەبییە.

بەلان براینە! برادەرینە! ئەوەش بزانن مەقسەدی مامە دەروێشی ماینێ بەجوانی نییە، مەقسەدی مامە دەروێشی ئەوەیە دیتنی جوانیی خەزاڵی مەلا نەبییە.

ئەوێ ڕۆژێ بەتەقدیرێ ئیلاهییە، خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە، لەگەڵ چەند دەستەخوشکان و هەر چار کارەکەریان دەچووەوە بۆ کۆڵ و قەساڵێ. لەناو گیا و گیابەندی بوهاری دای دەنا لە گۆڕێ تووان، لە کانیێ سۆراوان، بنگەی ماڵێ بابی خۆی بەجێ هێشتییە.

لەگەڵ کیژ و کاڵ و دەستە خوشکانی خەیلانییە، چووینە کەیف و سەیرانێ بە نییەتی سەیران و کۆڵ و قەساڵی ڕایان بواردییە.

ئەمان دەروێش عەلی هەرکییە، چاوی خۆی بڵندکردییە، سەیری قەرە ڕەشماڵێ گەورە و گرانی ماڵێ مەلا نەبیی کردییە. چەند چاوی خۆی دەگێڕا، بەلان بەژنی خەزاڵە شۆڕێ لە دەروێشی ماڵ وێران دیار نییە.

بەلان دەروێش عەلی هەرکییە، سواردەبوو لە کەرەکی سپیی بەغداییە، هەگبەکی دیاربەکریی لەسەر کەرێ قایم کردییە. کەشکۆڵەکی ڕەشی عەبەنووسی مووسڵییە، عەسایەکی سۆری دیاربەکرییە، تەسبیحەکی سەت و یەك دەنکی لە ملی خۆی کردییە. ڕدێنی ماش و برنجە، ڕەش و سپییە. دەهاتە

دەرکەی دیوەخانێ مەلا نەبییە. گازی شوان و بەرخەوان و ئەختیارانی کردییە. سەلامەکی لەوان کردییە. جوابی سەلامێیان گەلەگ گەلەك بەگرانی لێ وەرگرتییە. بەڵان مەلا نەبییە، لەلای دیوەخانێ دانیشتییە. گەورەی عێلەساتی خەیلانییە. ساحەبی حەفسەت ماڵ و رەشماڵانە بە تەمامەتییە.

ئەو دوو قسەی لە کن ئەوان ئەختیاران و شوان و بەرخەوانان کردییە. دەیگۆ بکەن لە ڕاهی ئەو خوایەی لە ژۆری سەرییە، خالق بەخۆیتی نامری ئەبەدییە. چەند ساڵە دەگەڕێم لە شاری دیاربەکر و مووسڵ و دەرسیم و وان و باشقەڵان و حومس و حەمایە تا ئەرزەڕۆم و تا زاخۆ و ئامێدییە. هەتا گەیشتیمە زاخۆ و ئامێدییە، پرسیاری ماینێ بەجوانیم کردییە. کەس ماینێ بەجوانی بە من نەگۆتییە. بەشکو ڕێی خەڵەت کردبی ئەو ماینەی بە جوانییە، هاتبیتە ناو عێل و عێلەساتی ئاغا مەزن مەلا نەبییە.

شوان و بەرخەوان ئەو قسەیان بەئاغا مەلا نەبی گۆتییە. مەلا نەبی خۆی لە شوان و بەرخەوانان تووڕە کردییە. دەیگۆ ئەوە دەروێش نییە، ئەو دەروێشە دەروێشێکی گەلەك خوێڕییە. نەماینی هەیە نەماینی بزرکردییە. دەری بکەنە دەرێ، بەنوێژی نیوەڕۆ، تێی بەربدەن منداڵە وردکە و شوانەوێڵەی عێلییە.

دەروێش عەلی هەرکییە، بەهەردووك دەستان دەیدا لەتۆقی سەرییە. فرمێسکی لە هەردوو چاوی بارییە. دەیگۆ خودای لە ژۆری سەرییە، مراز و مەقسوودێ دڵێ منت حاسڵ نەکردییە. مراز و مەقسوودێ دڵێ من، دیتنی خەزاڵە شۆڕێ کیژی مەلا نەبییە.

بەتەقدیرێ ئیلاهییە، ئەوێ ڕۆژێ خەزاڵە شۆڕ لەگەڵ چار کارەکەرانی ئەسمەرە، ئەستییە، رابییە، خووبییە، لەگەڵ دەستە خوشکانی دەچووەوە کوڵ و قەسارێ لۆ گۆڕێ تووان کانیێ سۆراوان، سێ سەعات ڕێ بەپیادەیی دوورە لە شارەکەی هەریرێ بە تەمامەتییە.

دەروێش عەلی هەرکییە سوار دەبووەوە لە کەری سپی بەغداییە. کەشکۆڵی عەبەنووسی مووسڵێی بەدەستەکی گرتییە، بەدەستی ڕاستەی دەستی دەداوە دار

عەسای سۆری دیاربەکرییە. تەسبیحەکی قل گەورەی سەت و یەك دەنكیی لە مل کردییە. ڕدێنی، ماش و برنج و سپی کردییە، عومری لە شێستی تێ پەڕییە. هێشتا هەر ڕەبەنە چاوی بەژن و ماڵی نەکەتییە. ئەشقە ئاشقی دوو چاوی خەزاڵێ کیژی مەلانەبییە. بەڵاّن ئاشقی خەزاڵێ بەڕاستی نییە. هێشتانەکینێ براینە برادەرینە مەخسەد و مرازی دەروێشی کەس تێی نەگەیشتییە.

عێل و عێلەساتی مەلا نەبیی بەجێ هێشتییە. پشتی دەکردە عیلەساتی مەلا نـەبییە. ڕووی دەکردەوە دەشتێ هـەریر و هـەریربەگییـە، بـەتـەقدیرێ خودای ئیلاهییە. خەزاڵە شۆڕێ بابان وێرانێ کیژی مەلانەبییە لەگەڵ دەستەخوشکان و هەرچار کارەکەران، کوڵ و قەسار و کەیف و سەیرانیان خەلاس کردییە. ڕوویێ خۆیان دەداوە هۆبە و عێلەساتی بابی خۆی، مەزن مەلانەبییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! دەروێش عەلی هەرکییە، هێشتان لەسەر پشتی کەرێ سپی بەغدایی دانەبەزییە، لە دوور چاوی بەچاوی خەزاڵێ کەتییە. بەژن و باڵایەکی گەلەك شیرن و ڕێکوپێکی هەیە. دەڵێی دارێ سووسنییە، سینگی دەڵێی کافووری سپییە. هەردوو مەمکی دەڵێی سێوی بەغداییە. هەردوو ڕوومەتی دەڵێی گوڵی ئەشرەفییە. چاوی دەڵێی بازی دەشتێ شارەزوورییە. دەڵێی مامزە پەروەردە و گەورە بووە لە بنەبنەی مەخموورییە. پەنچەی دەڵێی قەڵەم و قەڵەمبازییە. قەدی کەلەگ باریکە، کەمبەرەکی زیوی تێدا ختم کردییە. لەبەرە خۆی کردییە کراسەکی مەلەسی دەنك هەنارییە، کەوێیەکی بڕسەییە. دوگمە و قەیتان و تەورێزە و یاقووت و بەربەنە و خاشخاش و خڕخاڵ و بازن و بەربازن و بنکەوشەی لە خۆی بارکردییە.

دوو جۆتە بسکی تۆڕی بەردایتەوە، سەری ئەوان بسکان، لەبن گۆی کەمبەرەی دەرکردییە. لۆیە پێی دەڵێن خەزاڵە شۆڕی کیژێ مەلانەبییە. گەلی براینە! گەلی برادەرینە! دەروێشی ماڵ وێران چاوی بەچاوی خەزاڵێ کەتییە، دەتگۆ ڕۆمییە لە قاوەخانەی شەرابی خواردییە. هەستەکی لە خۆی ڕاگرتییە، فرمێسکی هەردوو چاوی بە دەستەسڕی سڕییە. لەو خەفەتەی وەکی مەلانەبی لەناو عێل

و عێلەساتێ دەروێشی دەرکردییە.

خەزاڵێ چاوی بەدەروێشی کەتییە، فرمێسکی لە هەردوو چاوی بارییە. ئەمان خەزاڵ سەلامی لە دەروێشی کردییە. دەروێش زۆری سەلامی لێ وەرگرتییە، دەیگۆ بەخێر بێیەوە، سەرچاوی مامە دەروێشییە. ئەو ڕووحەت ببی بە قوربانییە، نازداری دەشتی هەریر و هەریربەگییە، ئەمن نازانم ناوی توو چییە.

دەیگۆت مامە دروێشی نوورانییە، بەوەی کەم نامری ئەبەدییە، بەو شێخ گەزنە و شێخ ئەستییە، بەو شێخ هۆمەر و شێخەڵڵای دەستم بەمەرقەدی گرتییە، بەو سوڵتان عەبدوڵڵای عارەبییە، بەو حوسێنی غازییە، بەو عەبدولعەزیزی ئاکرەییە. ناوی من خەزاڵە، شۆڕە کیژێ مەلانەبییە. عومرم لە بیستساڵی تێ پەڕییە. ئەمنیان بەزۆر لە وەیسی وسووئاسکەیان مارە کردییە. ئەمان پێمیان کردییە مەسڵەت لە جیاتی نۆ خینییە. بەڵان ئەمن ڕام لە وەیسی نییە، وەیسی گەلەك عەگیدە، گەلەك ڕەشیدە، بەڵان ناشیرنە، بەژن و باڵای وەیسی، بەکەیفی خەزاڵە شۆڕێ نییە.

ئەتووش دیارە دەروێشی، ناوی توو چییە؟

دەیگۆ ئەو ڕووحەت دەکەم بەقوربانییە، ناوم دەروێش عەلی هەرکییە. مەملەکەتی وان و باشقەلان و ئەرزەڕۆم و دەرسیمێ گەڕایمە، شام و حەڵەب و حومس و ئاکرە و زاخۆ و ئامێدییە. هەتا گەیشتمە ژەنگار و مەقلووبێ، مووسڵی وێرانم بەجێ هێشتییە. لە جسری بامەندان، ئەوڕۆکە دەروێشی ماڵ وێران تێ پەڕییە. نیوڕانێ گەیشتیتە ناو هۆبە و عێلەساتی مەلانەبییە. بەو غەرەز و فکرەی کە دەڵێم، حەفت ساڵە ماینەکم بە جوانی بزرکردییە. دەروێش لۆ سۆراغی ماینێ هاتییە. بەڵان مەخسەدی من ئەوەیە، چاوم بکەوی بە بەژنێ خەزاڵە شۆڕێ، کیژێ مەلانەبییە.

لە دنیایە سێ جوانم گەلەك پەسند کردییە، یەکیان خانزادێ خوشکێ سولەیمان بەگی هەریربەگییە، ئەوی دیکەشیان مێرەمێ عەلییە، سێیەمینیشیان

خەزاڵە شۆڕیێ کیژێ مەزن مەلانەبییە. ئەمان ئەوانم هەردووك دیتییە، ئەمان جاری یەکەمە، بەژن و باڵای تووم دیتییە، ئەو ڕووحەت ببی بەقوربانییە. بەژنی توو قابیل نییە بە وەیسییە، بەژنی توو قابیلە بەلاسی ئەحمەد بەگی شارەزوورییە، سەردار عێل و عاشیرەتێ دە جافییە.

ئەگەر نازانی کاکە لاسی ئەحمەد بەگی شارەزوورییە، سەردار عەشیرەت و عێلەساتێ جافییە. کوڕی خەجیج خان، کیژێ شیخ حموودییە، خوشکێ شیخ غەلیفەیە، لە عەشیرەتی تەیانە بەراستییە. کاکە لاسیش تاقانەیە، خۆشەویستی لە دڵی داك و بابییە. کاکە لاسیش عومری لە بیست و چار ساڵی تێ نەپەڕییە، وەکی بچێتە ڕاوێ لۆ دەشتی بەکراوەی، سەری قەڵاتێ، دەشتی قەشانێ، مەملەکەتی مەریوانێ، بکاتەوە ڕاوێ حەفت ڕۆژییە، تووتی و شەهێن و باز و سەقەری لەگەڵ خۆی ڕێز کردییە، چارسەت سوار و پێنسەت عەگید و شەشسەت خولامی، لەگەڵ خۆی دەباتە ڕاوێ بەتەدارەکییە. هێشتا ڕەبەنە ژنی نەهینایە بە تەمامەتی. لەناو عێل و عەشیرەتی جافان و بڵباسان و مەنگوڕ و مامەشان هێشتان دڵی چ شتاقە نازدار و کیژ نەگرتییە.

خەزاڵ گفتوگۆی لەگەڵ مامە دەروێشی کردییە، کارەکەر و دەستە خوشکانی لەبیر کردییە. دەیگۆت، مامە دەروێشی نوورانییە، ئەو شەو میوان بە لە خەزاڵێ مەلا نەبییە، خزمەتت دەکەم بە ڕاستییە، بەخێرت دەینم، سەر هەردوو چاوی خەزاڵێ مەلا نەبییە. ئەمان ئەگەر ئەتوو بڕواییت هەیە بە لاسی ئەحمەد بەگییە، ئەمن دەربینتە دەرێ لەو گەرداوی لە دەست وەیسی وسوو ئاسکییە، ئەمن ڕووحی خۆمی دەکەم بە قوربانییە. ئەنگوستیلەکی زێڕم هەیە، لۆ وی دەنێرم، بەدیارییە. لەگەڵ هەندەك لە بسك و شازولفان، دەینێمە ناو قۆدییەکی زیوی شامارییە، لۆ کاکە لاسی دەنێرمە شارەزوورێ، بە دیارییە.

ئەگەر دەزانی کاکە لاسیش پیاو نییە و غیرەتی نییە، ئەمنی خەلاس پێ ناکرێ لە دەست وەیسی، با دەست لە خۆی نەدا، ئەمن دادەنیشم لە بن قەرە ڕەشماڵێ مەلانەبییە، ئەویش با دابنیشی لە شارەزوورێ، لەسەر کورسیی حەیزەران و تەختی جەواهێربەندییە.

ئـەمـان ئـەمـن نـاوی کـاکـە لاسی ئـەحـمـەد بـەگـم بیستیـیـە. سمێڵـی سۆری سووسنییە. هەردوو لێوی ئەتڵەسییە. چاوی چاوی مامزییە. پەنجەی گەلەك زەردە گەلەك تەنكە لە بۆ قەڵەم و قەڵەمبازییە. بناگوێی گەلەك گەلەك زەردە ڕۆژی موبارەكی پێ نەكەتییە. گەردەنی لاسی گەزەك درێژە، مەعلوومە كە بخوا لێی بەدیار دەكەوی، مێوژە ڕەشكە و برنجی سەدرییە.

وەكی مامە درویش عەلی هەركییە، ناوی لاسی ئەحمەدبەگی لە كن خەزاڵێ بردییە، خەزاڵی بابان كۆر، تەزییەكی دەدا لە بنی پێی دەچووە دەرێ، لە تۆقی سەرییە. هۆش و فكری لە كنە خۆی نەدەما، دەستی داویشتە بەر، دەیگۆ، ئەو ڕووحەت ببێ بەقوربانییە، ئەتوو وەرە ئەوشۆكە مێوان بە لە لاو و دەیوەخانێ ئاغا مەلا نەبییە. بەلاّن ئەمن قسەكت لۆ دەكەم، بەكیژ و بابانییە، ئەو قسەی لەسەر دنیایێ پەرت نەكەی بیبەیە بن خاكی گڵییە.

خـەزاڵ، دەستـی لـە بـاغـەڵـی خـۆی ڕاكـردیـیـە، مـقـەسەكـی گـچـكـەی زیـوی، قۆدییەكی گچكەی زیوی شامارییە دەری دەهینا، بڕەكی لە پەرچەمی خۆی بـڕیـیـە. پـەرچـەمـی گـەلـەك جـوان و گـەلـەك زەردە، دەتـگـۆ، پـەڕێ تـاوسیـیـە. ئەنگوستیلەكی لە باغەڵی خۆی نایە، سەری چەند سالانە، هەڵی گرتییە لۆ ئەو كەسەی خەزاڵە شۆڕێ بینتە دەرێ، بەزەبری شیرێ شامیسرییە. سەری حەف سالانە خەزاڵێ بابان وێران لە وەیسی وسوو ئاسكیان، مارەكرایە، بەزۆرییە، پێی كرایە مەسلەتییە.

دەڵێ، براینە! برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! وەكی دەروێش عەلی هەركییە، چاوی بەقۆدیی شاماری زیوی كەتییە. خەزاڵە شوڕێ بابان وێران لە بسك و شازولفی خۆی بڕییە، لەناو قۆدیی دادەنا لە بۆ كاكە لاسی بنێری، بەدیارییە. دەروێش عەلی نوورانییە، تەماشای بەژنێ خەزاڵێی دەكردەوە پڕ بە دڵـیـیـە. خـەزاڵ لـە مـراز و مـەخسوودێ دەروێشی گـەیشتـیـیـە. دەروێش دەیـگـۆتـە خەزاڵێ مەلانەبییە، ئەمن سەیری توو ناكەم بە ئاشقییە، سەیری توو دەكەم هەر بە باب و كیژایەتییە.

ئەمان بابە! براینە! برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! خەزاڵە شۆڕێ بابان وێران، ئەسمەر و ئەستی و ڕابی و خووبی پێشی خۆی ڕەوانەی ماڵێ کردییە، عێل و عێلەساتی مەلا نەبی حەفسەت ماڵە بە تەواوەتییە. ڕەشماڵێ مەلا نەبی، لەسەر بیست و پێنج ئەستووندان هەڵدرایە، سێزدەی ماڵە دوازدەشی دیوەخانە بەتەواوەتییە.

ئەمان دەروێش عەلی هەرکییە، دادەبەزی لە کەری سپیی بەغداییە. لەگەڵ خەزاڵە شۆڕێ پێکەوە ڕوویان لە لاو و دیوەخانێ مەلا نەبی کردییە. مەلا نەبی لە دوور چاوی بەدەروێشی کەتییە، زانی مراز و مەخسوودی وی دەروێشی ماین نییە و ماینی بزر نەکردییە. دەیگۆت، ئەوە دەروێشە لە دنیایە گەڕیدەیە و هەر باقییە. مەخسەدی وی ڕوونە و مەخسەدی وی خۆڕییە. مەخسەدی وی زگ لەوەڕاندنە، بکاتەوە ئەو خێڵ و ئەو خێڵییە. خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە، دەستی دەروێشی نوورانیی گرتییە. دەیبردە خزمەت باوییە، دەیگۆت بابی گەورە و گرانم، ئاغا مەزن مەلانەبییە! ئەو دەروێشە دەروێش عەلی هەرکییە. نەماینی بزر کردییە نە کەس ماینی لێ دزییە. ئەمان لە توو شەرمی کردییە. زۆر حەیف و موخابنە پیاوەکی وەکی توو خانەدان بڵێن بەنوێژی نیوڕانێ دەروێشەکی لە ناو عێلی دەرکردییە. ئەو دەروێشە دنیای هەموو گەڕایە، لە وان و لە باشقەلانێ هەتا دەگاتەوە قەمچووغە و موبارەك و کۆسرەتی شاڵەبەگیان و مەملەکەتێ سولەیمانی و دەشتێ شارەزوورییە. نابی دڵی دەروێشی بشکێنی بەچ وەعدییە. ئەو شەو دەروێش میوانە لە دیوەخانێ مەلا نەبی و لە خەزاڵە شۆڕێ چاوبەنگییە.

ئەوێ شەوێ هەتا سبیانێ، خزمەتی مامە دەروێشی کردییە. ئەنگوستیلە و قۆدیی شاماری لە زیوییە، لۆ کاکە لاسی بەدیاری هەناردییە. بەقسە خۆی خەزاڵە شۆڕ نە بەدەروێشی کردییە، ئەمان دەڵێتە دەروێشی، ئەو ڕووحەت ببی بەقوربانییە، شوانەك لە کنە مە هەیە پێی دەڵێن کەلکانە کەچەڵ، خزمی وەیسی وسوو ئاسکییە. حەفت ساڵە شوانە بەبێ شەرتییە. ئاگات لە دەوت بی، قسان لە توو نەدزیتەوە، ئەو کەچەڵی سەر ڕزییە.

ئەمان کەلکانە کەچەڵی ماڵ وێران چ جواب و سوابی لە دەروێشی بەدەست نەکەتییە. هەر قسەکی خەزاڵە شۆڕ بکاتەوە لەگەڵ دەروێشەکییە یان لەگەڵ جاحێڵەکییە. ئەوێ ڕۆژێ کەلکانە کەچەڵ بچیتە دەشتێ، ئەو قسانە دەکاتەوە لەکن وەیسییە. بەدرۆ و بەفرتوفێڵ خۆی لەکن وەیسی گەورە کردییە. دەیگۆ خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییان چ ڕووحی لەبۆ توو نەمایە و لەبۆ وەیسی مردییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! ئەوێ شەوێ هەتا سبیانێ دەروێشی ماڵ وێران، لە خزمەت مەلا نەبی دانیشتییە. سبیانێ ڕۆژێ موبارەك هەڵدێ لە بابە گیسکی لەسەری هەریرێ لە کۆسرەتێ شاڵەبەگیان، لە سەری حەسەن بەگییە، لە بنەبنەی ئاکۆ و قەندیلان دەیداوە لە هەردووك شابسکێ خەزاڵە شۆڕێ مەلانەبییە. دەیداوە لە هەیاس و پڵپڵە و تاسان و کەمبەران و بن کەوشان و کەمبەران، ڕوونی دەکردەوە گوارە و خەزێمی سابڵاغییە.

دەڵێم براینە! برادەرینە! ڕۆژی موبارەك وەکی هەڵاتییە، مامە دەروێش نانی سبیانێی خواردییە، سوار دەبووەوە لە کەری سپی بەغداییە. دوعابوونی دەخواست لە مەلا نەبییە. چاوی بە خەزاڵە شۆڕێ کەتییە. دیسان خەزاڵە شۆڕ، پشتێنی مامە دەروێشی گرتییە. دەیگۆ، دڵی من لە بۆ دڵی کاکە لاسی مردییە. ئەو ڕووحەت ببی بەقوربانییە، ئەگەر کاکە لاس بێ، چاوی بکەوی بەخەزاڵێ مەلانەبییە، ئەمن ئەتوو خەنی دەکەم، بەماڵی دنیایێ هەر لە کەرەی، هەر لە ڕوونییە، هەر لە بەردیلی هەر لە بەرخییە. یان دەتدەمێ خەڵاتی پێشەکییە، سەت قرانێ دە زەمانییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی دۆستینە! گەلی خزمینە! دەروێش عەلی هەرکییە، پشتی دەداوە گۆڕێ تووان کانێی سۆراوان، جێ هەوار و خێڵی بابی خەزاڵێ، ماڵێ مەلا نەبییە. ڕووی دەکردەوە دەشتەکەی هەریر و هەریر بەگییە. بەبن قەڵاتی خانزادێ خوشکێ سولەیمان بەگی تێ پەڕییە. ڕووی خۆی دەداوە مەملەکەتێ شارەزوورییە.

گەلی براینە! برادەرینە! لە دەشتێ گولەك و باوییان بەسەر کەتییە. دەچووەوە

خوارێ بەناو عێل و عێلەساتێ قەپەك و مامساڵ و خەیلانی و بۆڵی و سوورچی و باڵەكییە. مامە دەروێشم لە كۆسرەتێ شاڵەبەگیان، بەسەركەتییە. لە لیسی خەرتەلان تێ پەڕییە. لە زوورگی ناڵەشكێنی لە قەسرۆك و قەمتەران بەدیار كەتییە. ڕووی خۆی دەداوە چیایەكەی پیرەمەگروونێ، قەمچووغەی موبارەك زێیەكەی زەهاوێ، سەرای سوبحان ئاغای قەڵاتێ زەڵمی دەشتی شارەزووریێ گۆیژەی موبارەك، براینە! برادەرینە! ئەو هەموو جێیانەی بەنۆ شەو و نۆ ڕۆژان بڕییە. ڕۆژێ دەیەم بوو دەچووەوە دەشتێ شارەزوورییە. میوان دەبوو لە دیوەخانێ كاكە لاسی ئەحمەد بەگی شارەزوورییە، لە هەناوی خەجیج خانی عارەبییە. چاوی بەلا و و دیوەخانی كاكە لاسی كەتییە، دەروێشی نوورانییە، جارەكی دیكەش ئەو لاو و دیوەخانەی مامە دەروێش، بەچاوی خۆی دیتییە. لۆیە ئەوەندە مەحتی كاكە لاسی لە كن خەزاڵە شۆڕێ كردییە. دەست و دیاریی كاكە لاسی گەلەك زۆرە، دەروێش چاوی پێ كەتییە.

بەڵان بەتەقدیرێ خودا و ڕەببییە، ئەوێ ڕۆژێ كاكە لاسم ڕاوی حەفت شەو و حەفت ڕۆژەی تەواو كردییە. نوێژی عەسرێ دەروێشم دەچووەوە دیوەخانی كاكە لاسی ئەحمەد بەگییە. نوێژی مەغریبیش كاكە لاسی دەگەڕێتەوە لە ڕاووشكارێ حەفت شەو و حەفت ڕۆژییە. پێنسەت خوڵام و چارسەت نۆكەر، شەشسەت عەگیدی لەگەڵدایە بە تەمامییە.

كاكە لاسم بەژنی دەڵێی داری سووسنییە. گەردەنی دەڵێی سووسنی كۆسرەتییە. سمێڵی سۆری خورمەیییە. سواری شینكەی شێخ خەزاڵییە. لە پشتیدایە زینی قەزەگییە. جۆتەك ڕكێفی عەوێزییە. شاڵی كرمانی لە پشتێ بەستییە. لە پێی خۆی كردییە جۆتەكی چەكمەی عاموودییە. كڵاوی هەمەدانێ، عەگاڵی بەسیمی تەلەعفەری لەسەر قایم كردییە. دووربینی دیاربەكرێی لەمل كردییە. لغاو و سەركەلە و سامۆتە و ڕێشمە و ڕكێفی كاكە لاسی، ساف لە زیوی زەمانییە.

دەروێش عەلی هەركییە، دادەبەزی لە كەری سپیی بەغدایییە. لە لاو و دیوەخانەی سەلامەكی كردییە. قاوەچی جوابی سەلامێی لە دەروێشی

وەرگرتییە. دەیگۆت، یا خوا بەخێربێی مامە دەروێشی نوورانییە. ئەمن جارەکی دیکەش چاوم بە توو کەتییە، ئەمان ئەگەر بزانم، ناوی توو دەروێش عەلی هەرکییە.

دەیگۆ، بەڵێ ڕاستە، ناوی من دەروێش عەلی هەرکییە. دەروێشم دەروێشی نوورانییە. ئەمن چاوی خۆم دەگێڕم، کاکە لاسی ئەحمەد بەگی، قەت لە دەروێشی دیار نییە.

قاوەچی دەڵێ، دەروێش عەلی نوورانییە، بەوەی کە نامری ئەبەدییە. بەو سوڵتان عەولای عارەبییە، بەو حوسێنی غازییە، بە عەبدولقادری گەیلانییە، ڕاوی حەفت شەو و حەفت ڕۆژی ئەوڕۆکە تەواو دەکات، یەکجارییە. چارسەت خولام و پێنسەت نۆکەر و شەشسەت عەگیدی لەگەڵ خۆی هەڵگرتییە، چوویتەوە ڕاووشکاریێ حەفت شەو و حەفت ڕۆژان، لۆ دەشتی بەکراوەی، سەری قەشانێ، بنەبنەی مەریوانێ ڕاووشکاری دابەخشییە. ئەوڕۆکە کاکە لاس ئاغای گرانم دێتەوە لە ڕاوێ، بە سەلامەتییە. ئەگەر دەتەوێ چاوت بکەوی بە ئەحمەدبەگی شارەزووریە، ئەحمەدبەك لە ماڵێ ئیختیارە کەتییە. ئەوڕۆ دەور دەوری کاکە لاسییە. لەسەر تەختی جەواهیربەندی شارەزووریێ، بە تاقی تەنێ دانیشتییە. لەتووش مەعلوومە، ڕەبەنە، بێ ژن و ماڵە، هێشتان دەگەڕێ لە دنیایێ، دڵی چ شتاقە کیژی نەگرتییە. لە تووش مەعلوومە لە بەگزادەیێ جافییە. لە نەوەی خەجیج خانێ عارەبییە. دایکیشی لە عێلەساتی تەیانە بە ڕاستییە. دایکی کاکە لاسی ناوی خەجیج خانە خوشکێ شێخ غەلیفەیە، کیژێ شێخ حموودییە. لە هۆز و عێل و عاشیرەتی تەیانە بە ڕاستییە.

بەڵان دەروێش عەلی نوورانییە، دەیگۆتە قاوەچییە، ئەگەر بێ زەحمەت نەبی، ناوی توو چییە؟ دەیگۆ ناوی من سەعیدی قاوەچییە. بیست و یەك ساڵە قاوەچیمە لە کن ماڵێ ئەحمەد بەگی شارەزووریە. کاکە لاسم بەخۆم بەخێو کردییە. ئەمان دەروێش عەلی نووورانییە دیارە قسەکی گەلەك گەلەك خۆشت هینایە لە بۆ کاکە لاسی بە دیارییە.

دەرویش دەڵێ، قسەی خۆشم گەلەك گەلەك پێیە، ئەمان هەتا كاكە لاس نێتەوە، پێی دەڵێم بە تاقی تەنێ، سەعیدی قاوەچییە. كاكە لاس بێتەوە ڕاسپاردەم هەیە، پێی دەڵێم، لە پێش توو، كاكە سەعیدی قاوەچییە.

بەڵان ئێوارە درەنگە، ڕۆژ لە زەردییە، دەنگی كەڕەنا و شمشاڵ و هێ هێی سوارانی، دەرویش بیستییە. ئەمان لە سەری دیوەخانێ، مامە دەرویش قاسیدە چاوی بكەوی بەكاكە لاسی ئەحمەد بەگی شارەزوورییە. لەپێش سواران دەڕوا، گەلەك گەلەك بە ئەدەبییە. بەژنی دەڵێی سووسنی كۆسرەتییە. شان و بازووی ڕۆستەمییە. سەر و سیمای قەپڵانییە. پێ و ڕكێفی ئەسكەندەرییە. لە گەورەیی لە خانەدانی سولەیمان بەگییە. سمێڵی قەیتانی سۆری خورمەیییە. ددانی سپیی سەدەفییە، چاوی مامزی شارەزوورییە، پەنجەی گەلەك نەرم و شلە لە بۆ قەڵەم و قەڵەمبازییە. تۆپەكی شاڵی ئاوریشمی كرمانێ لە پشت بەستییە. جۆتەكی چەكمەی زەردی عاموودی لە پێی كردییە. عەگالەكی مەرەزی چارقوڕنەی، بەسیمی تەلەعفەری لەسەر خۆی بەستییە. بەتییەكی سپیی شیخانییە. شیرەكی شامیسریی حەمایل كردییە. ئەمان براینە! برادەرینە! لە دووی خۆی ڕادەكێشی ڕمی هەژدەگەی گورگانییە. خەنجەری نێرۆیی نۆپشكەی لە زێڕییە، لەبەر پشتێ خۆی قەیم كردییە. دووربینەكی تارانێی لە مل كردییە. چاوێ خۆی داوێتە سەر دارێ دووربینێ بە تەمامەتییە. دەرویشی نوورانی لە سەرتیلەی دەیوەخانێ چاو پێ كەتییە. دەیگۆ گەلی خوڵامینە! گەلی نۆكەرینە! گەلی خزمەتكارینە!ساڵێ دیكەش تێ پەڕییە، ئەو دەرویشە مێوان بووە لە لاوو دیوەخانی كاكە لاسییە.

كاكە لاسی ماڵ وێران تاژی و توولە و تووتی و شەهێن و باز و سەقەری لەگەڵ خۆی ڕێز كردییە. ڕستەی ئەوان تووتی و شەهێن و بازانم ساف لە زێڕ و لە زیوییە. خەجیج خانی عارەبییە، پێشی مەغریبێ دەهاتە سەرخانییە. دووربینی دەدا بەر چاوییە. هەردوو دەستی بڵند كردییە لەبۆ عاسمانێ بە تەواوەتییە. دەیگۆ، خوای گەورە لە ژۆری سەرییە، ئاگاداربی لە لاسی ئەحمەد بەگییە، تاقانەیە، خۆشەویستە لە داك و بابییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی دۆستینە! گەلی خزمینە! وەكی كاكە لاسم

لە دیوەخانێ دادەبەزییە، خەجیج خان دەهاتە خوارێ لەسەر خانییە، هەردوو دەستی دەهاویشتە ملی کاکە لاسییە. کاکەلاسی ماچ کردییە، دەیگۆ بەخێر بێیەوە، خۆشەویستی لە دڵی باب و داکییە.

کاکەلاس لە شێخ خەزاڵی دابەزییە. خەڵك و خوا بەخێرهاتنیان کردییە. چاوی خۆی بڵند کردییە، چاوی دەکەت بە دەروێش عەلی هەرکییە. دەروێش عەلی، دەستی لە ملی کاکە لاسی کردییە، هەر دوو ڕوومەتی سۆری گوڵ گوڵی ماچ کردییە. دەیگۆ یاخوا بەخێربێی دەروێشی نوورانییە، ساڵە وەختەکە خۆت لەمە بزرکردییە.

گەلی براینە، گەلی برادەرینە!، دەروێش عەلی هەرکییە، دەیگۆتە لاسی ئەحمەد بەگییە، ئەو ڕووحەت ببی بەقوربانییە. قسەی خۆشم گەلەك لۆ توو هینایە بە دیارییە. شەوی پایزان گەلەك گەلەك دوور و درێژە، ئەو قسانە لۆ توو دەکەم بەتاقی تەنێ، کەس نەمینیتەوە لە دیوەخانییە.

پاشی نوێژی عیشایێ دیوەخانی بەستییە، کاکە لاس لەسەر تەختی جەواهێربەند دانیشتییە. ڕووی لە دەروێشی کردییە. چارسەت خوڵام و پێنسەت نۆکەر و شەشسەت سوار، لە خزمەت کاکەلاسی دانیشتییە. ئەو دیوەخانی گەورە و گرانی پڕ کردییە. کاکەلاس دەستی بەقسان کردییە. دەیگۆ دەروێشە دەروێشی نوورانییە، کێت لە دنیایێ جوان دیتییە، قابیلت بە بەژنی کاکەلاسی ئەحمەدبەگی هەڵگرتییە(١).

دەڵێم گەلی براینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە!، وەکی کاکە لاسی ئەحمەدبەگی لە دیوەخانی گەورە و گران دانیشتییە، ڕووی لە مامە دەروێشی کردییە. مامە دەروێش عەلی هەرکییە دنیات گەلەك گەلەك دیتییە، جوانەکت چاو پێ نەکەتییە، قابیل بی بەژنی کاکە لاسییە؟

---

(١) لێرەدا دیوی یەکەمی شریت تەواو دەبێ و بەندبێژ لە دیوی دووەم دای دەگیرسێنێتەوە. بەڵام یەك دوو قسە بەفەرقێکی کەمەوە دووپات دەکاتەوە (هێمن و جەلال).

دەیگۆ وان و باشقەڵان و دەرسیم و حەمس و حەما و ئەرزەڕۆم و دیاربەکرم هەموو دیتییە، لەگەڵ شام و ئاکرە و ئامێدییە، مووسڵیٚ ڕەنگین و مەندانم بەجیٚ هێشتییە، لەگەڵ ژەنگار و مەقلووبیٚ داسنییە، هەتا هاتیمەوە بن چیایەکەی هەریر و هەریر بەگییە، چ جوانم چاو پیٚ نەکەتییە، وەکی خەزاڵە شۆڕیٚ کیژیٚ مەلا نەبییە.

ئەمان کاکە لاسی ئەحمەد بەگی شارەزووریيە، وەکی ناوی خەزاڵە شۆڕێی بیستییە، دەروێشی دەهینا دای دەنا لە تەنیشتە خۆی بەبیٚ قەیدییە. دەیگۆ مامە دەروێش عەلی هەرکییە، ئەو ڕۆحەت ببی بەقوربانییە، ئەتوو بەچاوی خۆت خەزاڵە شۆڕیٚ کیژیٚ مەلا نەبیت دیتییە؟

دەیگۆ، کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، بەهەردوو چاوان، ئەمن ئەوم دەیتییە.

جوانی وا لە پاش یووسفی خودا قەت خەلقی نەکردییە.

دەیگۆ، وەسفی جوانیم لۆ بکە، بە تەواوەتییە.

مامە دەروێش عەلییە، مەحتی جوانیی خەزاڵێی لەبۆ کردییە. بەژنی داریٚ سووسنییە، گەردەنی سووسنیٚ کۆسرەتییە، مەمکی هەردووکی سێوی ڕۆستەم بەگییە، پەنجەی دەتگۆت، نەقشە، دەتگۆت، بەفری یەك شەوییە، سینگی دەتگۆت، بلەوری سەردەشتییە، قەدی گەلەك ناسك و باریکە کەمبەرەکی بیست و چار گۆی لە زیوی تێدا ختم کردییە، چل و چار دوگمەی لە کەوییٚ بوڕسەیی بەستییە، دەهاتە خواریٚ بەسەر دامەنییە، کراسی تەنکی دەنك شەربەتی و هەنارییە، دوو بسکی شۆڕی زەردی گەلەك درێژی پێوە بوو، سەری ئەو بسکانە لە بن گۆییٚ کەمبەرەی خۆیان دەرکردییە، لۆیە پێی دەڵێن خەزاڵە شۆڕیٚ مەزن مەلانەبییە. هەر دوو چاوی خەزاڵیٚ بمابووایی بەو مامزانەی بنەبنەی مەغمووریيە. کەزیی گەلەك گەلەك ڕەشن، وەکی جۆتە ماری ڕەشی عەربەتییە، ددانی سەدەفی مرواریيە، زبانی کەللەی شەکرییە، کەپۆی فندقی لە زێڕییە، باسکی دەڵێی خیاری باغی میللەتییە، هەردوو ڕوومەتی دەڵێی گوڵی ئەشرەفییە، پیٚ بکەنی، گوڵ دەباری لە زارییە، جوانی ئەوها پاشی یووسفی، خودای تەعالا کەسی

خەلق نەکردییە.

وەکی ئەو جواب و خەبەرەی بەکاکە لاسی گۆتییە، کاکە لاسی ماڵ وێران، چەند وەختەکی بەبی هۆشی کەتییە. سەری دادەنا لەسەر کورسییە، چاوی بڵند کردییە، تەماشای مەجلیسێی کردییە، چاوی بەمامە دەروێشی کەتییە. دەیگۆ، گەردەنت ئازا نەبی هەتا ڕۆژێ قیامەت و ئاخرەتییە، ئەو خەبەرە ناخۆشەت لۆچی بە من گۆتییە. ئەمن هێشتان عومرم لە بیست و چاری تێ نەپەڕییە، قەت ناوی خەزالە شۆڕ و جوانی وام نەدیتییە. ئەمان پێم بڵێ مامە دەروێش عەلی نوورانی، خەزاڵە شۆڕیان خۆ لە کەس مارە نەکردییە؟

دەیگۆ، ئەو ڕۆحەت ببی بەقوربانییە، بەگزادەی جاف و شارەزوورییە، خەزاڵە شۆڕیان لە وەیسی وسوو ئاسکیان مارەکردییە. شەوەکی با و باران دەبی، هەوری بوهارێ دەگرمێنی و دەشریقێنی، مەڕی ماڵێ مەلا نەبی و مەڕی ماڵێ ئاسکیان تێکەڵ دەبی، ماڵێ مەلا نەبی، نۆ زەلامیان لە ماڵێ ئاسکیان کوشتییە. سبیانێ هەڵدەستن، تەماشا دەکەن نۆ مەیت لە عەرزی کەتییە، مەسڵەتیان بە بەژنی خەزاڵە شۆڕێ کردییە. خەزاڵیان لە جیاتی نۆ خینان لە کاکەوەیسی وسوو ئاسکیان مارەکردییە. بەڵان پاشی دیوەخان چۆل بی، چەند قسەی خەزاڵێ هەیە لە خزمەت کاکە لاسی دەکەم بەبێ شەرم و قەیدییە.

ئای لە من، ئای لە من، ماڵە بابێ من. وای لە من، ماڵە بابی من، وای لە من غەریبێ، وای لە من غەمگینێ، وای لە من دڵ کوڵێ، وای لە من دڵ بریندارێ. کەس نییە ئەورۆ ئێوارێ جوابەکی بگەینیتەوە بەژنی خەزاڵێ بڵێ لە دەشتەکەی شارەزوورییە، کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە. سەرداری عێل و عاشیرەتێ جافییە، کوڕی خەجیج خانێ عارەبییە، بەتاقی تەنێ شەوێ لەسەر تەختی جەواهێربەند، خەو لە چاوی ئەوێ شەوێ نەکەتییە.

ئەگەر دیوەخانی کاکە لاسی چۆل دەبووەوە، بەبێ قەیدییە، دەمانەوە کاکە لاس و دەروێش عەلی هەرکییە، لەگەڵ سەعیدی قاوەچییە. کاکە لاس دەرکەی دیوەخانی بەقاوەچی پێوە دەدا، بەبێ دەنگییە، دەیگۆت نابی کەس سەر

بەژۆرێدا بگری، ئەوشۆکە کاکە لاس دڵی گەلەك گەلەك بە خەمە، خەو لە هەردوو چاوی نەکەتییە. جێ و بالینگانی کاکە لاسی بیننە دیوەخانێ، مێوانەکی گەلەك گەلەك نوورانیی هەیە، ئەو مێوانەش بەدایکم بڵێن، ناوی دەروێش عەلی هەرکییە.

خەجیج خان جوابی هەناردییە، کاکە لاس ماڵی بەجێ نەهێشتییە، قەت لە من دوور نەکەتیتەوە لەسەر جێی بەبێ قەیدییە. ئەوشۆکە دیارە، خەبەرەکی گەلەك گەلەك خەراپی لەو دەروێشەی بیستییە.

ئەحمەد بەگیش دەڵێ، خەجیج خانێ عارەبییە، لاسی ئەحمەد بەگی دیارە لە من نییە، لاس گەلەك خوێرییە. هەر قسەی منداڵ و تاڵ و دەروێشانی لە گوێی چەقییە، لۆیە ئەوشۆکە، ئەمن و تووی لە ماڵێ بەجێ هێشتییە، لاو و دیوەخانی ڕاگرتییە، جێ و بالینگانی خۆی لە دیوەخانی قایم کردییە.

دەروێش عەلی نوورانییە، سوندی لە بۆ کاکە لاسی خواردییە، بەو خودای نامری ئەبەدییە، بەو محەمەدی کە دینی ئیسلامییە، بەو شیخ عەبدوڵڵای دەشتی گەویلانێ بادینییە، بەو شێخ نوورەددینی بریفکانییە، بەو عەبدولقادری گەیلانییە، بەو عەبدولعەزیزی ئاکرەییە، ئەو بەژن و بالآیەی لە خەزاڵە شۆڕێم، چاو پێ کەتییە، ئەگەر کاکە لاس ئەتوو بیبینی بە تەواوەتییە، بێ هۆش دەکەوی سەعاتەکی لەسەر عەرزییە. ئەگەر لە دەروێشی قایل ببی، بەڕاستییە. قسەی من هەمووی ڕاستە درۆی تێدا نییە. دوو دیاریی لۆ توو ناردییە. یەکەکیان ئەنگوستیلەکە لە زیوییە، چەند ساڵە لە ڕەواندزێی بەکردن دایە لۆ تووی هەناردییە بە دیارییە، لەگەڵ کەمەکی لە بسك و شابسکێ خۆی بڕییە بە مقەسەکی زیوییە، دای نایتە ناو قۆدییەکی زیوی شامارییە. ئەگەر پێشم باوەڕناکەی فەرموو، ئەوە قۆدیەکەی، زیوی شامارییە.

کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، سەری قۆدیی پچڕاندییە، چاوی بەو پەرچەمە جوانەی خەزاڵێ کەتییە، دەتگۆ، پەڕێ تاوسییە. بۆنی عەتر و میسك و زەعفەرانی لێ هاتییە. کاکە لاس کە بۆنی قۆدی و پەرچەمی کردییە، لە دیوەخانی نیو

سەعات دەکەت بەبێ هۆشییە.

ئای لە من خانەوێرانێ، ئای لە من سەرگەردانێ، کەس نییە جوابەکی بداتە بەژنێ خەزاڵە شۆڕێ، بێتن دەستەکی بە بازن، قامکەکی بە ئەنگوستیلە، دابنێتە بن سەری کاکە لاسی ئەحمەد بەگی شارەزووری، ئەوشۆکە لە لای دیوەخانێ. کەسیش ناوێری جواب بداتە خەجیج خانی، نەوەك بکاتن داد و شین و گریانێ.

دەروێش عەلی هەرکییە، بڕەکی پەڕۆ سووتاندییە، بۆسۆی دەدا بەرکەپۆی کاکە لاسییە.

کاکە لاسی ماڵ وێرانم، هۆشی دەهاتەوە سەرەخۆی، دەستی بەقسە و بەگفتوگۆیان کردییە. دەیگۆ، دەروێش عەلی هەرکییە، ئەگەر خەزاڵ جوان بی، بکەویتە بەر دڵی کاکە لاسییە، خەنیت دەکەم بەزێڕی زەمانییە، کیسەکت دەدەمێ ئەو کیسە مقابل و تێی دایە لە سەد زێڕییە. کیسەکت زێڕ دەدەمێ، سەد زێڕی زەمانییە، ئەگەر خەزاڵیش جوان نەبی، بەوەی کەمە نامری ئەبەدییە، خالق لە ژۆری سەرییە، پارچە پارچەت دەکەم بە مەودای شیری شامیسرییە.

ئەتوو دەبێ ئەگەر ئەمنت کوشتییە، دڵی منت برژاندییە و سووتاندییە، ئەو بۆنە بۆنی چییە؟ نەبۆنی میسکییە نە بۆنی گوڵ و عەترییە ئەوە بۆنە بۆنی بەهەشتییە، بۆنی ڕاسقییە، بۆنی دڵدارییە. ئاشقی من ئەوشۆکە پەڕییە سەر بەژن و بالای خەزاڵە شۆڕێ کیژی مەلا نەبییە. خۆ بابی من و بابی خەزاڵێ هیچ لە مزگەفتەکی پێکەوە نوێژیان نەکردییە، هیچیشیان یەکدییان نەناسییە. بابی من ئەحمەد بەگە، لە هەموو عالەمێ مەعلوومە، بەگزادەی جاف و شارەزوورییە. ئەمنیش ناوم لاسە، دایکیشم خەجیج خانێ عارەبییە. بابی خەزاڵیش مەزن مەلا نەبییە، سەردار عەشیرەتێ خەیلانییە، ساحەبی حەفتسەت ماڵ و خێڵە ساتە، هەر بە تەواوەتییە.

بەلان دەروێشی نوورانییە وەرە بە من بڵێ بە ڕاستییە، بێم لەگەڵ توو بەچارسەت سوار و شەشسەت خولام و پێنسەت نۆکەران بەتەدارەکی شەڕییە، یان لەگەڵ توو بێم هەر بەتەدارەك و بەرگی دەروێشییە؟

ئەی لە من خانە خەرابێ، ئای لە من بێ بابێ، ئەوی بکاتن بەینی دوو دڵدار و دوو ئاشقان، ڕەبی بە جەهەننەمی شابێ. ئەوی ببیتە باعیزێ دوو ئاشقان ڕەبی، لە جەننەتێ دووربی، یا ڕەبی ئەبەدی لە جەهەننەمیدا بی.

دەروێش عەلی هەرکییە، دەیگۆ، بەوەی کەمە نامری ئەبەدییە، خالق لە ژۆری سەرییە، بەو عەبدولقادری گەیلانییە، بەو عەبدولعەزیزی ئاکرەیی، بەو سوڵتان عەولای عارەبییە، بەو حوسێنی غازییە، بەو شێخ هۆمەر و شیخەڵڵای، دەستم بەمەرقەدیانەوە گرتییە، ئەگەر لەگەڵ خۆت بینی پێنسەد سوار و چارسەت خولام و شەشسەت نۆکەرییە، عێل و عاشیرەتێ خەیلانی هەمووی هەڵدێ بەجێ دێڵن ڕەشماڵ و مەڕییە. ئەتوو وەرە بکە بەقسەی مامە دەروێشییە، لەبەرە خۆت بکە بەرگەکی چڵکنی پیسی دەروێشییە، لەبنەوە لەبەر بکە سوخمەی تەبریزییە، شەواڵواری دەمەرقۆپییە، شاڵێ کرمانییە. ئەمان لەگەڵ خۆت بینە خەنجەری نۆپشکەی لە زێڕی نێرۆییە. هێشتان بای سەر دنیایەی پێ نەکەتییە. لە پێی خۆشت بکە کلاشەکی پەڕۆینی دۆمانییە. دەستی خۆت باوێ سەر عەسایەکی سۆری دیاربەکرییە. تەسبیحەکی سەت و یەك دەنکیش لە ملت بکە، بە بێ قەیدییە. ئەو پەرچەمە سۆرە جوانەت بشارەوە، لەبن بەتیەی زەردی عەنتابییە. هەندەکیش زێڕی زەمانی لەگەڵ خۆت بینە، نەکوو لێمان بقەومێ، لە دەشتەکەی هەریرێ پێمان ببی ئیحتاج و موحتاجییە.

ئای لە من ماڵ وێرانێ، ئای لە من سەرگەردانێ، کەس ناوێرێ ئەو خەبەرەی ئەوشۆکە، بگەینیتە بەژنی خەجیج خانێ. خۆ ئەحمەد بەگی ماڵوێران، ڕای لەو قسانە نییە، بەڵان هەردوو پێی ناگری عەردییە، لەبەر ئەختیارییە و لەبەر پیرییە. دەردەکی بەسەر هاتییە، ئەگەر پیاوەکی گەورە مێوان نەبی لە لاو و دیوەخانێ، ئەحمەد بەگ نایێتە ناو مەجلیسی کاکە لاسییە.

براینە! برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! ڕۆژێ موبارەك هەڵاتییە، دەیداوە لە سەرای سوبحاناغای، لە چیایەکەی پیرەمەگروونێ، لە گۆیژەی موبارەك، لە قەڵاتی بابانییە. دەیداوە لە قایشێ دەمانچان لە خانێ زینان، لە

داریٚ دار ڕمان، ڕوونی دەکردەوە لاو و دیوەخان و تەخت و سەڵتەنەتی کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە. دەستی بەچاوییەوە گرتییە، هەردوو دەستی بابی ماچ کردییە، ئەو پرسیارەی بە بابی گۆتییە، دەیگۆ ڕام لەو قسانەت نییە. هێشتان ئاقڵت ئاقڵی منداڵییە. ئەمن و کچەتیمەکی خێڵەکییان نەگۆتییە. ئەمن پاشازادەمە لە عێل و عێلەساتی جافییە، ناوم ئەحمەدبەگی کوڕی مەحموود بەگی شارەزووریییە، لە عێل و بەگزادەییٚ جافییە. ئەتووش ناوت لاسە دایکیشت خەجیج خانە، کیژی شێخی تەیی عارەبییە. حەیفە بچی بە قسەی دەروێشەکی نانی نانییە، لەبۆ دەشتی هەریریٚ، گۆڕیٚ تووان، کانییٚ سۆراوان، چاوت بکەوی بەچاوی کیژۆڵەکی خەیلانییە.

ئای لە منی، ئای لە منی، کاکە لاس دەڵیٚ، لەبۆ حەیفیٚ لەبۆ مخابنی، لەبۆ ئەو گۆڕ و گۆڕخانەی وەکی بەژنی لاس و خەزاڵی دەچنیٚ.

گەلیٚ براینە! گەلی برادەرینە! کاکە لاس دەگەڵ بابی گەلەك گفتوگۆی کردییە. بەڵان بابی ئەو قسانەی لاسی بەدڵ نییە. کاکە لاسی دەرکردییە.

ئەوجار دەچووەوە خزمەت دایکییە، هەر دوو دەستی خەجیج خانێی ماچ کردییە. دەیگۆ دایکی گەورە و گرانم خەجیج خانیٚ عارەبییە، ئەو ڕوحەت ببی بەقوربانییە، خۆ ئەتوو دەزانی کاکە لاسی توو عومری لە بیست و چاری تیٚ پەڕییە. هێشتا ڕای لە چ شتاتە کیژوکاڵی بەگزادان نییە. لەناو عێلی ڕەوەند و جاف، بڵباس و هەرکییان و مەنگوڕ و مامەشییە، هەمووت لۆ من یەکەیەکە نیشان و دیاری کردییە. ئەمان دڵی من هێشتان چ شتاقە کیژی نەگرتییە. ئەمان ئەوڕۆکە ئەشقی خەزاڵە شۆڕیٚ کیژیٚ مەلا نەبیم پەڕیتە سەرییە. نازانم ئەتووش ڕات لەو قسەی هەیە یانە نییە؟

دەیگۆ، ڕۆڵەی شیرینم خۆشەویستی خەجیج خانیٚ عارەبییە، ئەمن ڕام لەو قسەی نییە. داخوا چ کیژۆڵەکە کارەکەرەکە کەتییە لە ماڵیٚ مەلا نەبییە. خوا دەزانی کارەکەرە یان سواڵکەری نانی نانییە. زۆر حەیف و مخابنی دنیایەم دەمێنیٚ بڵێن کوڕی خەجیج خانیٚ و کوڕی ئەحمەد بەگی، حەزی لە کچەتیوەکی

باڵەکی کردییە. ئەگەر دەکەی بەقسەیە دایکییە، ناچی لەگەڵ دەروێشی نوورانییە. برە پارەکی بدەیە، خەڵاتی بکە و بەرێی بکە، برواتن بە بێدەنگییە.

کاکە لاس زانیی دایکی حەزی لێ نییە، کاکە لاس دوورکەوێتەوە لە مەملەکەتی شارەزوورییە، بچێتەوە مەملەکەتی هەریر و هەریربەگییە. خۆ ناوی هەریر و هەریربەگیانی بیستییە، بەڵان بەچاو چاویان پێ نەکەتییە. خۆ کاکەلاس گۆڕێ تووان و کانێی سۆراوانی بەعەمری خۆی چاو پێ نەکەتییە.

ئەمان براینە! برادەرینە! دەروێش عەلی هەرکییە دڵی کاکە لاسی نەرم کردییە. چی بەکاکە لاسی گۆتییە، کاکەلاسی ماڵ وێران بەقسەی دەروێشی نوورانیی کردییە.

ئەمان براینە برادەرینە، خەجیج خانێ عارەبییە گەردەنی کاکە لاسی ئازاد نەکردییە. شەشسەت سوار و پێنسەت خوڵام و چارسەت نۆکەری لەسەر دەشتی شارەزوورێ بەجێ هێشتییە. تەختی جەواهێربەندی بەچۆلی بەجێ هێشتییە.

ئەمان دەگەڵ خۆی هەڵدەگرت سەت زێڕی زەمانییە. بەرگەکی پیسی دەروێشی لەسەر بەرگی پاشایەتی لەبەر کردییە. ئەمان براینە! برادەرینە! کەشکۆڵ و دارعەسای بەدەستیەوە گرتییە، پرچە سۆرە جوانەکانی، لەبن بەتیەی زەردی عەنتابی دەشاردەوە، ئاخ براینە! برادەرینە! لە شارەزوورێ بێتە دەرێ کەس کاکە لاسی نەناسییە.

ئەمان دەروێش عەلی هەرکییە دوعابوونی خواستییە لە سەعیدی قاوەچییە، چارسەت خوڵام و پێنسەت نۆکەر و شەشسەت سوار لۆ کاکە لاسی دەستیان بەگریانێ کردییە. خۆ حاڵی خەجیج خان و ئەحمەد بەگی مەپرسە، فرمێسکیان وەکی بارانی بوهارێ لە هەردوو چاویان بارییە.

کاکە لاسی ماڵ وێران، دوعابوونی خواستییە. دەروێش عەلی هەرکییە، سواردەبوو لە کەرێ سپیی بەغداییە. کاکە لاسیش بە پیادەییە. چونکین شارەزای بەرێیە نییە، بەپێش مامە دەروێشی کەتییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! ئەگەر دەزانی دەردی دڵداری دەرەکی گەلەك

گرانە، بەڵان وەختیش بوهارە، گوڵ لە عەردانە. وەختی سووسن و بەیبوون و هەڵاڵی سەرکێوەکانی کۆسرەتانە. خەزاڵە شۆڕم لەبەر ماڵێ بابی خۆی گەلەك نازدار و جوانە.

دەڵێم براینە! برادەرینە! گەلی دۆستینە! گەلی خزمینە! وەکی کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە لەگەڵ دەرویش عەلی هەرکییە، سوار دەبوون لە کەرێ سپییە. پشتی خۆیان دەکردەوە قەڵاتێ شارەزوورییە. لاو و لەشکر و دیوەخانیان بەجێ هێشتییە. دەکەتە دوو چاوی خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە. ئەمان ئەشقی خەزاڵە شۆڕێ لە کەللەی سەری کاکە لاسی کاری کردییە.

دەیپرسی لە دەرویش عەلی هەرکییە، دەیگۆ، ڕێی چەند ڕۆژانە بە پیادەییە؟

دەیگۆ، کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، ئەمنی ماڵوێران بەنۆ شەو و نۆ ڕۆژان ئەو ڕێیەم بڕییە.

کاکە لاسی ماڵوێران، قەت دوو سەعاتان لە عومری خۆی بەپێیان نەڕۆیشتییە. ڕوومەتی سۆری گوڵ گوڵی، ڕۆژی بوهارێ، ڕەشی کردییە. ئەو پەنجە ناسك و نەرمانەی ڕۆژی موبارەك ڕەشی کردییە. برسیاتی کاری لێ کردییە، لە هەر هۆبەیەکی لایان دەدا، چاویان بەکاکە لاسی کەتییە، دەیانگۆ، دەروێشی نوورانییە ئەوشۆکە لەمە مێوان ببە لۆمە بڵێ بەیتی محەمەدییە.

بەڵان عالەم نازانی، دڵی کاکە لاسی جۆشی گرتییە، هەتا چاوی بکەوی بە چاوی خەزاڵێ مەلانەبییە. بەشکو کەسەر و مەرەقی دڵی ببی سافییە.

ئەمان براینە! برادەرینە! کاکە لاسم شارەزای ئەو ڕێیەی نییە. دەروێشی ماڵ وێران، ئەو ڕێیەی هەموو دیتییە. دەشتی شارەزووریان بەجێ هێشتییە. ڕوویان دەکردە گۆیژەی بە تەواوەتییە. سەرێ قەمچووغە و پیرەمەگروونیان لێ بەدەر کەتییە. ئەمان سێ شەو و سێ ڕۆژان دەڕۆیشتن لەوان هۆبان و عێلەساتان و هۆزان، خۆیان شەوێ ڕادەگرت بە مێوانداریيە. ئەمان ئیشیان بەوەی چاك بوو کاکە لاس کەس نەیناسییە.

ئەمان براینە! برادەرینە! دەروێشی ماڵ وێران ئەو ڕێیەی لەگەڵ کاکە لاسی

هەموو بڕییە. کاکە لاس بە پیادەییە، دەروێشیش بەسواری کەری سپیی بەغداییە. هەتا دەگەیشتنە قەسرۆك و قەمتەران، لیسی خەرتەلان، زوورگی ناڵەشکێنی، کاکە لاس بە چاوی خۆی دیتییە. دەهاتنەوە خواریێ بەسەر سپیرێزێ خەیلانییە. ڕوویێ خۆیان دەداوە گۆڕێ تووان، کانییێ سۆراوان، جێی مراز و مەخسوودی کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە.

بەڵان دەروێشی ماڵ وێران شەرت و پەیمانەی لەگەڵ خەزاڵێ کردییە، دەیگۆ ئەگەر کاکە لاسی بنێرمە خزمەتە توو، بەبەرگی دەروێشییە، دەبی کاکە لاسی رازی بکەی بەکەیفی دڵییە. شەوێ مێوان ببی لە سینگ و مەمکێ خەزاڵێ مەلانەبییە.

ئای لە من ماڵوێرانێ، ئای لە من غەریبێ، ئای لە من، بێ نسیبێ، کەس نییە جوابەکی بداتە خەزاڵە شۆڕێ بڵێ ماشووقەکەی توو، ئەوشۆ مێوان دەبیتن هاتییە لە مەملەکەت و شارانی غەریبێ.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! دەروێشی ماڵ وێران، کاکە لاسی دەگەیاندە سەر گۆڕێ تووان کانییێ سۆراوان، ئاوەکی گەلەك خاوێن و جوانە، جێی کەیف و سەیرانێ خەزاڵێ مەلا نەبییە. ئەمان دەروێشی دەیگۆتە لاسی ئەو ڕۆحەت ببی بەقوربانییە، خۆ بەخۆت دەزانی ئەمن ناوێرم بێمە ناو عێلەساتی مەلا نەبییە، لە ترسی کەلکانە کەچەڵی سەگباب نەوەك بزانی ئەتووم لەبۆ خەزاڵە شۆڕێ بردییە. کەلکانە کەچەڵی سەگباب گەلەك شەیتانە، گەلەك فێڵزانە، نەکوو ئەتوو بکوژن لە وڵاتی غەریبیان بەبێ کەسییە. ئەو ڕۆحەت ببی بە قوربانییە، ئەو سەرەت ببیتە سەرگەردانییە. ئاگات لە دەوری خۆت بی قسە لە توو نەدزیتەوە کەلکانە کەچەڵی سەر ڕزییە. چونکی کەلکانە کەچەڵی ماڵ وێران حەفت ساڵە شەرتی شوانیی لە وەیسی وەرگرتییە، حەف ساڵیشە شوانە لەکن ماڵێ بابی خەزاڵێ مەلانەبییە، لۆ ئەوەی بزانی خەزاڵ حەزی لە کێییە، لەپاش وەیسییە. بەدرۆ و دەلەسە وەیسی ڕاگرتییە. هەموو ڕۆژێ لەبن گردی سپییە چاوی دەکەوی بە وەیسییە. دەڵێ خەزاڵی ماڵ وێران ڕووحی لەبۆ توو نەمایە کاکە

وەیسی، لەبۆ توو شێت بووە و مردییە.

دەروێش عەلی هەرکییە، دەیگۆ ئەوشۆ، ئەمن دەچمە ناو هۆبان، خۆم ڕادەگرم، هەتا سبیانێ چێشتەنگاوی میریە ڕۆشەن بێ لە کۆسرەتێ شاڵەبەگییە، ژوانی من و توو ئێرانەیە و سەرکانییە. ئەتووش ئەوشۆکە بڕۆ خزمەت خەزاڵێ مەلا نەبییە. لۆ یەکدی بکەنەوە قسەی دڵدارییە. ئەگەر ئەتوو ڕات لە خەزاڵێ بی، بە بێدەنگییە، شەوێ خەزاڵە شۆڕ جێت لۆ ڕادێخی لە دووری دەیوەخانێ، خۆشت پێشکێش دەکاتەوە بە سەلامەتییە. ئاگات لە خۆت بی، خەزاڵە شۆڕی بابان وێران کاکە لاسی لەبۆ توو مردییە. ئەوەندە بەحسی جوانیی تووم کردییە، ئەوەندە بەحسی ڕەشیدی و عەگیدایەتیی تووم کردییە، لێت مەعلووم بی، چەند شەوە خەزالی بابان وێران خەو لە چاوی نەکەتییە.

ئەمان سەرت لێ نەشێوێ، لێت نەگۆڕێ، چار کارەکەری هەریەك بەیەکی دەڵێ ئەمن جوانم. یەکیان ناوی خووبییە، ئەوی دی ناوی ئەستییە، ئەوی دی ناوی ڕابییە، چارەمینیان ئەسمەرە جوانیی لە هەرسێکان بڕییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! دەروێش عەلی هەرکییە سوار دەبووەوە لە کەرێ سپیی بەغداییە. دەچووەوە ناو عێل و عێلەساتی ڕەوەندان ئەوێ شەوێ خۆی خەلاس کردییە.

کاکە لاسی ماڵ وێران، هەر دوو پێی ماندییە. لەناو کڵاشی هاتیتە دەرێ، بارەکی تۆز و خۆڵ لێ نیشتییە. هەردوو لێوی سۆری خورمەیییە ڕۆژی موبارەك ڕەشی کردییە. خۆ ڕوومەتی گوڵ گوڵی ئەو جوانییەی لێ بڕایە، لەبەر ڕۆژی قودرەتییە. عومری دوو ساعات بەپێ نەڕۆیشتییە. پەرچەمی سۆری شاردیتەوە، لەبن بەتیەی زەردی عەنتابییە. کەشکۆڵی ڕەشی مووسڵییە، بەدەستی چۆپەی هەڵگرتییە. بەدەستی ڕاستەی دەداوە عەسای سۆری دیاربەکرییە. لە ماڵی یەکەم پێدا ڕۆیشتییە. بەڵان دەروێش تەعریفی ماڵێ مەلا نەبیی کردییە. دەیگۆ ئەو ڕەشماڵەی لەسەر بیست و پێنج دیرەگانە، ئەوە ڕەشماڵی ماڵێ ئاغا مەزن مەلا نەبییە. دوازدەی دیوەخانە، سێزدەشیان لەبۆ ماڵێ دابڕییە. چارباغی خەزاڵیش

لە دووری ڕەشماڵێ چار کارەکەری ڕاگرتییە. خەزاڵیش کابانی ماڵێیە، تاقە کیژێ بابییە. یەك برای هەیە لە داك و بابییە، ئەویش ناوی محەمەدە، بەویش دەڵێ پسپۆڕی شوانانە، هەموو ڕۆژێ لەگەڵ نۆ شوانان دەچیتەوە دەرێ بە تەمامییە. بەخۆی گەورەیە لە ماڵێ، بەخۆی خانەدانەیە، بنەماڵێ مەلا نەبییە. ئەو قسە خەزاڵ بیکا ڕەت نابیتەوە جارەکی دییە.

گەلی برایینە! گەلی برادەرینە! کاکە لاسی ماڵ وێران قەت دەروێشیی نەکردییە، قەت دەروێشیی نەدیتییە. گەیشتە ناو عێل و عێلەساتێ خەیلانییە. حەفت سەت ساڵە بە تەواوەتییە. ئەوەل مانگی بوهارێیە، گیا لە عەرزێیە، گەیشتییە ئەوەڵ ماڵی پیرێژنەکی، ئەو پیرێژنە گەلەك کەونە دنیای زۆر دیتییە، زۆر های و هووەکی دەکێشا دەیگۆ گەلەکم برسییە. ڕوونم لۆ بینن لەگەڵ کەرەی ڕۆژییە.

ئەو پیرێژنە، دیقەتی دەدا کاکە لاسییە. گازی دەکرد، سەرشینێ، سەربەتاڵێ، سەرێ خۆ بنێن لە خمخانێ، ئەوە دەروێشی نان و کەرە و ڕوونی نییە. ئەوە جێی سەر و کڵاوی دیارە، جێی قەڵەمی باری لێ نیشتییە. ئەوە هەر بەگزادەیە، پاشازادەی وڵاتییە، داخوا ئاشقی چ کیژۆڵەکی خەیلانییە. ئەوە دەروێشی کەرە و ڕوونی نییە، ئەوە دەروێشی نان خواردنێ نییە. ئەو سەرەم لەبەر هەتاوێ سپی نەکردییە، ئەگەر هەبی ئەو دەروێشە، ناوی لاسی ئەحمەد بەگییە، ئاشقی خەزاڵێ کیژی مەلا نەبییە.

ئای لە من ماڵوێرانێ، ئای لە من سەرگەردانێ، ئای لە من خانەوێرانێ، کەسەك نییە جوابەکی بگەینیتە خەجیج خانێ. لۆ من داببەستی شینێ لەگەڵ گریانێ. کاکە لاسی خۆشەویستی تاقانەی بابی کەتییە لەناو غەریبستانێ.

کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، گوێی لە پیرێژنێ زۆر ڕانەگرتییە. زانیی پیرێژنی کەونە ساڵ، دنیای گەلەك دیتییە، ئیشی لێ ئاڵۆز کردییە. سەری خۆی لەبەر هەتاوێ سپی نەکردییە. نە ڕوونی ویستییە و نە نانی ویستییە، دەچووەوە پێش ڕەشماڵەکی دیکە ڕادەوەستا، های و هووی دەکێشا بە نیازی دەروێشییە.

ئـەوەنـدەیـان ڕوون دەدا كـاكـە دەروێشی ئـەو كـەشكـۆڵـە ڕەشەی مـووسڵـیی پڕ كردییە. قۆتی دەدەیتەوە و ڕوونی تێ كردییە، كەشكۆڵی بەتاڵ كردییە. عالەم دەیـزانـی مـراز و مـەخسوودی كـاكـە لاسی ئـەحـمـەد بـەگی شارەزووریێ ڕوون خڕكردنەوە نییە، مەخسەدی دیتنی خەزاڵە شۆڕێ كیژێ مەلا نەبییە.

گەلی براینە گەلی برادەرینە، دارە تووەكی گەلەك گەورە لە پێشی ماڵێ خەزاڵە شۆڕێ مەلانەبییە، گەلەك قەدیم هەیە بەبێ قەیدییە. كاكە لاسی ماڵوێران ئەو تەعریفەی دەروێش عەلی، هەرچی لۆی كردییە، چاوی بەو ڕەشماڵە گەورەی كـەتـیـیـە. لـەسەر بیست و پێنج ئـەستووندانـە، دوازدە ئـەستووندی دیوەخـانـە، سێزدەشی ماڵە بەبێ قەیدییە.

ئەوێ ڕۆژی لە بەختی كاكە لاسییە، بەرەمەشكەی سێ ڕۆژیان گەرم كردییە. خەزاڵیش لەبەر ڕوون گەرم كردنێ لە ژۆرێ گەلەك مشەوەشە، قەزمە و تیلاكی دانایتە سەر عەرزییە. دوو مەمكی جۆت سێوی پرتەوییە. گەردەنی شووشەی بن هەورییە. ناوقەدی كشمیرییە. كراسی بەری دەنك هەنارییە. ئەو جۆتە بسكە لە بن گۆیی كەمبەران، خۆیان بە دەریێخستییە. لۆیە مەشوورە پێی دەڵێن خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە.

ئـەگـەر دەپـرسن لاس و خـەزاڵ چییـە، ئۆبـاڵ بـەملـی مـن دەڵێم ئـەوە بـەیـتـی كوردییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی دۆستینە! گەلی خزمینە! كاكە لاسی ماڵ وێران كەشكۆڵی ڕەشی پڕ لە كەرە و ڕوون كردییە. بەڵان لەبن دارێ توویێ دانیشتییە. چێشتانە گەرمایە گیا لەسەر عەرزییە. ئەوەڵ مانگی نیسانێیە گوڵ پشكفتییە.

هـای هووەكی دەكێشا، خۆی كەڕ و لاڵ كردییە. منداڵ ئەوەندە دەورەیان لە كـاكـە لاسی دەدا، كـاكـە لاسی مـاڵ وێرانـیـان بـێ هـۆش كـردیـیـە. كـاكـە لاس، بەدەستی ئیشارەتی لێ كردییە، خۆی پیشان دەدا بەلاڵ و بە كەڕییە.

ئـەسمـەرێ دەگۆتـە ئـەستییـە، ڕابـی دەگۆتـە خـووبـیـیـە، لـە خۆمـی بـێ كـەسێ،

لەخۆمی ماڵوێرانێ، سەرێ خۆت وەرە بنێ لە خمخانێ. دنیامان گەلەك دیتییە، دەروێش و مرید و شێخمان چاو پێ کەتییە، دەروێشی وەکی ئەوەمان نوورانی نەدیتییە. هەردوو بناگوێی گەلەك زەردەی ڕۆژی موبارەك کاری لێ نەکردییە.

ئەسمەر دەهاتە خزمەت کاکە لاسی، دەستی لۆ بڵند کردییە. دەوی بەش دەبووەوە تەماشای دەکرد بە تەمامەتییە. سەیری سەر و سیما و شان و سیمای دەکرد، ئەوە دەروێش نییە. ئەوە ڕۆستەمە، تازە لە مازەندەرانێ هاتییە. ئەوە ئەسکەندەر خانە مەملەکەتێ تەورێزی داگیرکردییە. یا قوباد بەگی بتلیسییە، یان عەبداڵ بەگی بۆتانییە، یان کاکە مەمە ئاشقی زینێیە لە شاری یەمەنێ هاتییە، یان قەرە هاتیتە مەملەکەتێ گاگە شان لە بۆ گوڵەزەرێ عەلی باشاغان بە دڵدارییە، یان وەلی بەگی سەعید بەگی هەریر بەگییە، ئاشقە لە ئەیشە گوڵێ، بابەکەی بابم بە تەمامەتییە.

ئای لە من، دڵ کولێ، ئای لە من، دڵ بریندارێ، کەس نییە جوابەکی بەڕاستی بداتە بەژنی خەزاڵێ. خەزاڵیش ئەوڕۆکە کابانە لە لایێ ماڵێ.

ئەسمەریش ڕادەوەستا هەر تەماشای بەژن و باڵای لاسی کردییە. لێی دەپرسی، دەروێشی نوورانییە، ئەو ڕۆحەت ببی بە قوربانییە. مەخسەدی توو ڕوونە و مەخسەدی توو نانە و مەخسەدی توو دەروێشییە، مەخسەدی توو خورییە، مەخسەدی توو پارە و پووڵە. ئاغا ژنێ مە لەماڵە، ئەمرت لەسەر چییە؟

دەروێشیش قسەی نەکردییە. مەخسەد و مرازی دەروێشی، بەژنی خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە.

ئەستی گاز دەکا ئەسمەرێ، خەزاڵە شۆڕێ گازت دەکا، دە وەرە ئیشی و کارێ بەجێ مێڵە و زۆر عەیبە و بەبێ قەیدییە. دەورەتان لە دەروێشی دایە و دەورەتان لێ گرتییە. دەڵێی جارەکی دیکە قەت دەروێش و فەقیرتان نەدیتییە.

ئەسمەرێ دەگۆتە ئەستییە، دەتوو وەرە چاوی خۆت بدە چاوی دەروێشی نوورانییە. ڕۆستەمە لە مازنەرانێ هاتییە. دەڵێی دەڵێیی ئەسکەندەرە لە شاری تەورێزێ خۆی بە پاشازادە زانییە. دەڵێیی سولەیمان بەگە لە شاری هەریرێ

لەسەر تەختی دانیشتییە. سەر شینێ، سەربەتاڵێ، خۆ ئەوە دەروێش نییە.

هەردوو کارەکەرەکان چاویان لە چاوی کاکە لاسی بڕییە. دیسان ئەستیش هاتییە. ئەستیش خەزاڵی لەبیر کردییە. جاری سێیەم دیسان خووبی هاتییە. هەرچار کارەکەر دەورەیان لە کاکە لاسی دەدا، چاویان لە چاوی کاکە لاسی بڕییە. کاکە لاسم گەلەك شلكە، گەلەك ناسکە، گەلەك نەرمە، لەبەر جوانییە.

کاکە لاسیش خۆی لاڵ و کەڕ کردییە، قسە ناکا بەزارییە. مراز و مەخسوودی دڵی ئەوەیە چاوی بکەوی بە بەژنی خەزاڵە شۆڕێ کیژێ مەزن مەلانەبییە.

خەزاڵە شۆڕێ لە ماڵێ گەلەك ماندییە. تاریکوڕوونی ئەوێ ڕۆژێ کردییە، بەرەمەشکەی سێ ڕۆژانی گەرم کردییە. لە هێزە و لە مەنجەڵانی کردییە. ئەمان سەری ڕووتە، هەردوو دەستی بەدیرەگەی ڕەشماڵێ گرتییە. سەری خۆی دەهینا دەرێ بە بێدەنگییە. گازدەکا شەرم و حەیاو نییە، ئەسمەرە! ئەستییە! ڕابییە! خووبییە! ئەمنو لە ماڵێ بەتاقی تەنێ بەجێ هێشتییە. نازانن باوی گرانم مەلا نەبی لە دیوەخانێ لەبەر قاوەی ڕۆنیشتییە.

وەکی کاکە لاس چاوی بەخەزاڵی کەتییە، دەیگۆت، ڕۆژە تازە لە لایێ مەشریقێ هەڵاتییە. دەتگۆ، خەسرەوە تازە شیرنیان لۆ بردییە بە بووکییە. دەتگۆت ماڵە ماڵە ئاشقی تەورێزی باویلاغەی میرهۆمەرییە. دەتگۆت سیامەندە تازە لە سیپانی چاوی بە بەژنی خەجۆی کەتییە.

کاکە لاسی ماڵ وێران، هەردوو دەستی بڵند کردییە. مناجاتی لەسەر باری تەعالا کردییە، دەیگۆ، خودای گەورە و گرانی لە ژۆری سەرییە، چ سەر ناچیتە بن خاکی گڵی ئەبەدییە. بەبێ ئەجەل نامری بەبێ کەسییە. مراز و مەخسوودی دڵی منت حاسڵ کردییە. ئۆخەی چاوم بە چاوی خەزاڵێ کەتییە.

ئەسمەرێ دەگۆتە خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە، بەوەی کەمە نامری ئەبەدییە، بەو محەمەدەی دینی ئیسلامی گرتییە، بەو شێخ عەبدولقادری گەیلانییە، بەو عەبدولعەزیزی ئاکرەیییە، بەو شێخە لاس و شێخ ئەستییە، بە سوڵتان عەوڵای عارەبییە، بەو حوسێنی غازییە، بەو قورعانەی سەر ڕانی مەلا نەبییە، ئەوە

دەروێشی نوورانییە. ئەگەر هەبی لە دنیایێ ئاشقە، ئاشقی...[١]

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! وەکی خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە، لە دڵی تاقیقە و زانیبووی ئەوە لاسی ئەحمەد بەگییە. دەیگۆ، ئەو رووحەت ببی بە قوربانییە، ئەوشۆکە ئەتوو مێوان بە لە ماڵێ مەزن مەلانەبییە.

براینە! برادەرینە! ئەستی و ڕابی و خووبی، هەرچار کارەکەری دەرکردییە. دەیبردەوە بن ڕەشماڵێ مەلا نەبییە، دەیگۆ، ئەوشۆکە مێوان بە لە بابی من، ئاغا مەزن مەلا نەبییە، بزانە دەست و کەرەم و دیاریی خەزاڵە شۆڕێ چییە.

کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، چاوی بەچاوی خەزاڵێ کەتییە، دەیگۆت ئەو دڵەت دەکەم بە قوربانییە. چارسەت سوار و پێنسەد خولام و شەشسەت نۆکەرم لە شارەزووریێ لەبەر چاوی توو بەجێ هێشتییە.

ئای لە من غەریبێ، ئای لە من تەبیبێ، ئای لە من بێ نسیبێ، کەس نییە جوابەکی بداتە دایکی گەورە و گرانم خەجیج خانێ عارەبییە. بڵێ کاکە لاست کەتییە لە وڵاتی غەریبییە.

بەڵان دەڵێ، دەیبردە دیوەخانێ، ئەو نیشانانەی دەروێشی هەموو بەخەزاڵێ گۆتییە.

خەزاڵ دەیگۆت باشم زانییە کە بەژنی توو دەروێش نییە، لاسە، لاسی ئەحمەد بەگییە. سەری وەیسی و مەلا نەبیت ئەوشۆ دەکەم بەقوربانی سەرییە. بەڵان خەزاڵە شۆر لەبەر جوانیی کاکە لاسی، ئاگای لە دووزمانیی کەرکانە کەچەڵی نییە.

وەکی کاکە لاسی دەبردە ژۆرێ ما لە دیوەخانی سەری بەژۆرێ داگرتییە. کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، بەگزادەی جاف و شارەزوورییە. دەچوو سەلامەکی

(١) لێرەدا شریت تەواو دەبێ و دەچێتە سەر شریتەکی دی لەو تێکخستنەوەیدا کلکی بەندی پێشەوە ڕۆیشتووە. ڕەنگە ڕۆیشتووەکە «بەژنی خەزاڵە شوری مەلا نەبییە» بێ. (هێمن).

سەرسەلامی لە مەلا نەبی کردییە.

مەلا نەبی دەیگۆت، بەخێر بێی سەرچاوێ مامییە. دیارە ئیش و کارت ئیش و کاری دەروێشییە، ڕێشت گەلەك گەلەك نێزیکە و دوور نییە.

دەیگۆ، مامی گەورە و گرانم ئاغا مەزن مەلا نەبییە، لە ڕەواندزێ هاتیمە، دەچمە موسڵێ غەریبییە. ئەوڕۆکە زانیتم دیوەخانی توو جێی خانەدانانە، بەناو و بانگە، لە ناو عێل و عاشیرەتی جاف و بلباس و خەیلانییە.

دەیگۆ بەخێربێی سەرچاوێ مامییە. دیارە قسە و زمانت ئی ئەو مەملەکەتەی نییە.

دەیگۆ بە عەسڵم خەڵکێ ئێرانییە، ڕێم کەتیتە ئەو مەملەکەتەی شارەزاییم بەکەس نییە. دەروێشم، دوعاگۆمە، دوعام گەلەك گەلەك بەخێر و بەرەکەتە، ئومەتەکی گەلەك گەلەك بوسولمانم، لە ئومەتی محەمەدییە.

مەلا نەبییش بەخۆی مەلایە، یەقینی بەو قسەی هاتییە. زۆر بەخێرهاتنی کاکە دەروێشی کردییە، نازانی قاسیدی خەزاڵێ کیژی مەلا نەبییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! ئەوێ ڕۆژێ بەتەقدیری ئیلاهییە، نیوڕانێ شیویان لێ نایە دۆینەیە، بە پونگی کۆسرەتییە. کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، بەعەمری خۆی شیوی دۆینەی نەخواردییە. نیوڕانێ کارەکەر شیویان دەهینا دیوەخانێ مەلا نەبییە. دایان دەنا لە پێش مەلانەبی و کاکە لاسییە. کاکە لاسی چاوی بەو شیوەی کەتییە، دڵێ دەیێشا، تفی لە عەرزی ڕۆکردییە. دەیگۆ ئەو چشتە شین شینانە لەناو ئەو شیوەی چییە؟

مەلا نەبی دەیگۆ، دەروێش دیارە ئەتوو دنیات نەدیتییە، گەلەك فەقیر و گەلەك غەریبی، فکرت کەتیتە سەر دیندارییە. ئەوە شیوی دۆینەیە لە ماڵێ مەلا نەبییە. گەلەك موبارەك و خۆش و تەبەڕوکە، شیوی وا کەس نەیخواردییە. چونکی ئەو دۆیە دۆی مەڕێ ماڵێ مەلا نەبییە، خەزاڵ ئەو مەشکەی هەژاندییە، پونگی! چیای کۆسرەتییە، وەیسی زاوایە، قاسیدی لە بۆ خەزاڵە شۆڕێی بەدیاری هەناردییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! کاکە لاسی ماڵویران، سێ چار مڵاکی لەو شیوەی خواردییە و بەزیادی کردییە. مەلانەبی سەری لێ بادەدا، قەشمەریی پێ کردییە. دەیگۆ، لەو تەعامەمان زەریفتر نییە، دەروێشی نوورانییە.

ئەوێ ڕۆژێ تا ئێوارێ لەگەڵ مەلانەبی قسە و گفتوگۆی کردییە. فەرزی نوێژی بەجێ گەیاندییە. مەلانەبی دەیزانی ئەو مێوانە نوێژکەرە، گەلەکی خۆش ویستییە.

پاشی مەغریبێ داهاتییە، شوان و شوانەوێڵە دیوەخانیان لە مەلا نەبی گرتییە. دەیگۆت بابی خەزاڵە شۆڕێ و محەمەدی مەلانەبییە، زانیتمان دەروێشەکی گۆیندە، ئەورۆ هاتییە. دەبی هەندەك بەیتمان لۆ بڵێ لەگەڵ بەندییە.

خەزاڵێ بابان وێران، لەو دیوی چیغێ گازی شوانانی کردییە، دەیگۆ، ئەو سەگ و سوالانە دەشکێنن لە جێیان ناوی مەلا نەبییە. خۆ ئەوە دەروێشی گۆتنێ نییە، دەروێشی بەیتییە، مەست دەکاتەوە، شێخ و سەیدی محەمەدییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی هەڤاڵینە! گەلی دۆستینە! شوان و شوانەوێڵە، وازیان لە کاکە لاسی نەدەهینا بە زۆرییە. دەستیان بەگەڕەلاوژەی کردییە. شوانەك بەندەکی گۆتییە، نۆبە دەگەیشتەوە کاکە لاسییە.

کاکە لاسی دەیگۆ، خودای لە ژۆری سەرییە، خۆ بەخۆت عالم و زانای، چ بەند و بەیتم نەزانییە. ئەمان نازانم چ ڕێك بێخم، بڵێم بەبێ قەیدییە؟

کاکە لاسی ماڵ وێران، بەبێ چارە دەماوە، دەستی بەبەندان کردییە. بەلان شوان و شوانەوێڵە گوێیە خۆیان ڕاگرتییە. کەرکانیش لەناو شوانان دانیشتییە. هەرچار کارەکەرێ مەلا نەبییە ئاگریان لە جەرگی بەردەبوو لە بۆ کاکە لاسییە. ئەمان لەبەر خەزاڵە شۆڕێ گەلەك گەلەك شەرمیان کردییە.

خەزاڵە شۆڕێ بابان وێران دوعای دەکا بە دڵییە، خوایە کەنگینێ شەوبێ دیوەخان چۆڵ بێ، بگەمە خزمەت کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە. ئای لە من

خۆشەویستە ئەو مێوانە، ئاشقە ئاشقی هەردوو دڵانە. دەردی دڵداری دەردەکی گەلەك گەلەك گرانە.

گەلی برایـنـە! گەلی خزمینە! کاکە لاس دەستی بەبەندان کردییە، بەبێ ناچارەییە. دەیگۆ، خۆزگە بەخۆزیداران، دارەك بوومایە لە داری بییە، شین بووبوومایێ، سەرم بگەیشتایە عاسمانێ، بنم بگەیشتابووایە سەر عەرزییە. ئەمن دۆم بیانبرِیببوومایێ بە حوکمێ مشار و تەوشییە. بیانکردمایە تەشیەکی جوانی دۆمانییە. سبیانان و ئێواران، خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە مەرەزی پێ برێستمایێ بە دەستییە، بە کەیفێ دڵییە. لێیان بپرسیبوایێ، ئەسمەر و ئەستی و ڕابی و خووبییە، بیانگۆتایە خەزاڵە شۆڕ ئەو مەرەز و کرەت لەبۆ چییە؟ بیگۆتایێ لەبۆ رانك و چۆغەی، کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە.

دیسان کاکە لاسی دەڵێ، خۆزگە بەخۆزیداران ئەمن دارەك بومایێ لە دارێ هەرمێیە، سەرم بابە بچەقابووایە لەبن عەردییە. بەڵان بیانبرِیببوومایە سبیانان و نیوڕانان وەستاکاران، بەحوکمێ مشار و تەوشییە. دۆم بیانبردمایە بەحەڵاڵییە، بیانکردمایە تیرۆگەکی سەر ڕەنگا و ڕەنگییە. ئەمان سبیانان، خەزاڵە شۆڕێ بابان وێرانێ مەلا نەبی، نانی پێ بکردمایێ لەبەر خاتری ئەوەندەی جار و بار بیدابوومایە لە شلکەی ڕانییە.

کاکە لاسی ماڵ وێران دەڵێ، براینە! برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی شوانینە! گەلی بەرخەوانینە! ئەوڕۆکە ڕێم گەلەك نێزیکە و دوور نییە. لە کۆسرەتی شاڵەبەگیانم چاو پێ کەتییە، ئەو بەندەم لە شوان و شوانەوێڵان بیستییە. بەڵان خۆزییە بە خۆزیداران، بەژنێ خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە لەبۆ من بمابووایێ بەدارێ سووسنییە، لەبەر خۆی بکردایێ کراسەکی شین خاوی مەلەزییە. ئەمان لەبن ئەو کراسەی ڕسکانییە، جۆتە سێوی کالی تەورێزییە، لە من مەعلوومە ئەو جۆتە سێوە هێشتان بای سەر دنیایەی پێ نەکەتییە. هەنگێنێ لەکنە من، خۆش دەبوو خەزاڵ ئەو جۆتە سێوەی پێشکێش بکردایە بە دەستی لاسی ئەحمەد بەگییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! وەکی کاکە لاسی ئەو سێ بەندەی گۆتییە، شوانی ماڵ وێران و سەگباب گۆپاڵیان لێ ڕاست و چۆپ کردییە، هەڵدەستان لە لاسی، لێی بدەن لە دیوەخانێ مەلا نەبییە، هەڵدەستان لە کاکە لاسی بدەن لەپێش مەلا نەبییە. مەلا نەبیش دەیگۆت، ناماقووڵیو کردییە. خۆ هەر کیژێ من ناوی خەزاڵ نییە.

خەزاڵە شۆڕێ بابان وێران ئیشەکەی لۆ کاکە لاسی پینە کردییە، دەیگۆ، هەر خوێڕووەکی بیتە دیوەخانی بابی من دابنیشی سەعاتەکییە، دەبی بابی من بشکێنی لە مەجلیس و دیوەخانی عێل و عاشیرەتی بلْباس و باڵەکییە. خۆ هەر ئەمن ناوم خەزاڵ نییە، هەزار کیژە ئاغا و کیژە ڕەوەند و کیژە ڕەوەند و کیژە کوێخا هەیە ناویان خەزاڵێ ڕەوەند و سوورچی و بۆڵی و باڵەکییە.

بەڵان براینە! برادەرینە! گەلی خزمینە! کەرکانی ماڵ وێران گوێی لەو قسانە باش ڕاگرتییە. دەیگۆ، بەو خوایەی نامری ئەبەدییە، بەو قورعانێ سەر ڕانی مەلا نەبییە، ئەو ماستە مووەکی تێدایە، ئەو دەروێشە دەروێشی نانی نییە. ئەگەر ئەو دەروێشە هەبی قاسیدی چاوی خەزاڵێ مەلا نەبییە. گەلی براینە! گەلی برادەرینە! کەرکانی ماڵ وێران خۆی مات کردییە، خەوی لە خۆی ئێخستییە. شوان و ئەختیار و بەرخەوان دیوەخانیان لۆ مەلا نەبی چۆل کردییە. خەزاڵ گازدەکا ئەستییە، بینە دەرێ سەرەنازێ عەجەمییە، لەبۆ دەروێشی رابێخی لە بنەبنەی دیوەخانێ بەتاقی تەنێیە. باویشم با لەدیوەخانێ نەنووی بێتە ماڵێ، بای سەرانی ئەوشۆ، گەلەك سارده دێ، نەکو سەرمای ببێ و ئەختیارە و تاقەتی نییە.

دەیگۆ، کۆرە بم ئێوارێ شوان شیویان لە دیوەخانێ خواردییە، جێیان گەلەك گەلەك بێ لەزەت کردییە. دەبی بابی من، مەلا نەبییە ئەوشۆ لە ماڵێ بنووی بە بێدەنگییە. چونکی دیارە ئەو دەروێشەش گەلەك نوورانییە. شەو نوێژێ دەکا هەتا دوو ڕکەعەت نوێژی سبیانێ بەجێ دێنی لەبۆ خودای بە بێدەنگییە.

سەرەنازیان لە دیوەخانێ لۆ کاکە لاسی ڕاخستییە. دایان دەنا بن سەری

بـالـیـفـەکـی گـوڵ گـەزیـیـە. ئـەسمـەر و ئـەستـی و ڕابـییـە لـە قسەی خـەزاڵـێ تـێ دەگەیشتن، ئەوهەیان زانییە کە ئەوشۆ خەزاڵە شۆڕ، دەچیتە باغەڵی کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە. ئەسمەر و ئەستی دەیانگۆ، ئەو دڵەی مە هەردووك لەبۆ توو مردییە.

کاکە لاسی ناوی خودای گەلەك دەهینا، زیکر و ئیللەڵای کردییە. ڕێبزری کردییە. مەلا نەبییان بە دووبەرەی نەخشین لەلای داپۆشتییە.

ئەمان دەڵێ بای سەرانی دێ، خەزاڵە شۆڕ دەڵێ، ئەسمەرە! ئەستییە! ڕابییە! خووبییە! بای سەرانی گەلەك دێ، بابم گەلەك گەرم داپۆشن نەکو سەرما کاری لێ بکا، ئەختیارە و تاقەتی نییە. دەستی دەداوە کوتکەکی بەیبوونی دارمەڵحەم، هەر بیست و پێنج سینگی دەورەی ڕەشماڵێی قایم کردییە. ئەو بیست و پێنج ئەستوندە لە خاسە ڕەنگێیە، ئەو ڕەشماڵە بیست و چار تەختەیە، بەکارەمووی بەبێ قەیدییە. چل و چار ڕستەی لێ قەیم کرایە هەمووی لە خاسەڕەنگێ و لە ئاوریشمێ تەورێزییە، ڕەشماڵێ ماڵێ مەلا نەبییە، لەناو حەفسەت ڕەشماڵان جوانە و دیارە، قەت تاکی نییە. مەلا نەبی خەوی لێ کەتییە، کارەکەری دەکن مەلا نەبی هەموو نواندییە. خەزاڵە شۆڕێ، مەلا نەبییە دڵی قەرار نەگرتییە. هاتوچۆی دەرێی کردییە.ماینی هەموو دەبەستەوە و مەڕ و مەڕداری هەموو تەمەشا کردییە. هەشت شوانی لەناو مێگەلان دیتییە بەڵان کەرکانی بزرکردییە. مـحـەمـەدی برای، گەلـەك فـەقیرە، لـەلایـێ مـاڵـێ خـەوی لـێ کـەتـیـە. ترسی لـە کەرکانی پەیا کردییە. بەڵان کەرکانی قەحبەباب، لە مابەینی دیوەخان و ماڵێ لەبن چیغێ لەبن ڕوانگەی ڕەشماڵێ خۆی مات کردییە. سەری خۆی لەناو قاپووتی قەیم کردییە. چونکی ئیشی دوو زمانان هەر ئەوهایە بە ئاشکرا نییە، بە دزییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! وەکی شەو تێ پەڕییە، خەزاڵە شۆڕێ چاوبەنگییە، چاوی خۆی بەکلی شاری سابلاغێ ڕەش کردییە، بسکی خۆی لوول دەدا، بە گولاوێ بە سووسنێ، بە عەترێ بە سومبولێ، خۆی بۆنخۆش دەکرد بە جەوزێ و قەنەفلییە. کراسەکی گوڵ گوڵیی لەبەرەخۆی

کردییە، دوگمە و قەیتان و هەیاسەی هەمووی لەخۆی قایم کردییە. کەمبەرەی بیستوچار گۆیی، لە پشتی گیر کردییە، دراو و لاسەرە و کرمۆکە و بنکەوشە و خرخاڵی هەمووی لە خۆی قایم کردییە. خۆی ڕێك دێخست، بووکانییە، دەچیتە خزمەت کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە.

کاکە لاسیش لەبەرەخۆی دادەکەناند، بەرگی دەروێشییە، کەوکەبەی شاهی، لەسەر شانییە، پرچی سۆری بەدەرئێخستییە، بەتیە و جەمەدانیی فڕێ دەدا، ڕۆژی موبارەك لە هەردووکیان لە کۆسرەتی هەڵاتییە.

خەزاڵ دەچۆ، خزمەت کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە. کاکە لاسم لەسەر مافووری بڵند دەبوو ڕادەوەستا بە وسکتییە. هەردوو دەستی دەهاویشتە سەر ملی خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە. دەوی لەسەر هەردوو ڕوومەتی دادەنا بیست و چار ماچی لێ کردییە. ئۆباڵ بەملی ئەو کەسەی ئەمن لێم بیستییە.

بیست و چار ماچی لە هەردوو ڕوومەتان وەرگرتییە. لە شەکرێ شیرنترە، لە قەندی بەتامترە، خۆشترە لە ترێی تایەفییە لە سێوی خەڵاتییە، لە لیمۆی مەندەلییە، لە هەناری شارەبانییە، لە گەزۆیێ لە دارێ لە مێوژی لە عەمبارییە. خۆشترە لە ئاشقی دنیایێ لە ڕووحی شیرنترێ. براینە! برادەرینە! کاکە لاسی بەچاکتر زانییە. دەیگۆ، تەخت و سەڵتەنەتی شارەزووریت دەکەم بەقوربانییە، سەری خۆمت لۆ دادەنێمە سەر گیایێ بوهارێ، یان سەری وەیسی دەبڕم بە ڕمێ هەژدە گەی گورکانییە، دەینێرم لە بۆ شارەزوورێ، لەبۆ خەجیج خانی عارەبی بە دیارییە.

خەزاڵە شۆڕێ بابان وێران ئەوجار ئەگەر خۆی پێکێشی کاکە لاسی کردییە، سەعاتەکی دەوی لەسەر گەردەنی هەڵنەگرتییە، خوینی هەمووی هەڵمژییە. دەیگوت، خەزاڵە شۆڕێ، کیژی مەلا نەبییە و جوانم لە دینایێ گەلەك دیتییە، لە سابلاغ و لە تەبرێزێ هەتا دەگاتە جوانڕۆ و دەشتی مەریوان و شارەزوورییە. ئەمان جوانی وەکی تووم نەدیتییە. ڕاموسانی وەکی توو لە ڕوومەتێ گوڵ گوڵی قەت بەتام نییە.

ئای لەبەر ئاگری دڵدارییە، ئەوی ئەو خەبەرەی بداتە وەیسییە، سوار دەبی لە ئەسپی چارپەل سپییە، دەست داوێتە سەر شیرێ شامیسرییە، سەری کاکە لاسی دەبڕی دەیکاتەوە بەخزمەتکاری قەبرییە.

خەزاڵ دەڵێتە لاسی ئەحمەد بەگییە، ئەو سەرەت ببی بەقوربانییە، سەری خۆمت دەکەم بە قوربانی سەرییە، سەری وەیسی و مەلا نەبی و محەمەدی برات دادەنێم لە ئۆغرییە. گفتوگۆیەکی لەگەڵە من بکە، پەیمانەکم لەگەڵ ببەستە، پەیمانێ ئاشقییە. بەخۆت دەزانی ئەمن مارەکرایمە لە وەیسی وسوو ئاسکییە. هەرچەندی بلێی وسوو ناشیرنە، بەلاّن ڕەشیدە، عەگیدە لەناو عێلەساتی مە قەت تاکی نییە.

خەزاڵیش لە عەشقی کاکە لاسی ئاگای لەخۆی نییە. کەرکانە کەچەڵی ماڵ وێران، ئەو قسانەی هەمووی لە سینگی خۆی وەکو دەفتەرێ نووسییە.

کاکە لاسیش دەڵێ، ناوم لاسە کوڕی ئەحمەد بەگی شارەزوورییە. شەش سەت خولاّم و پێنسەت نۆکەر و چارسەت خزمەتکارم لە شارەزوورێ بەجێ هێشتییە. شێخە زاڵم لەسەر تەویلە و تەویلە بەجێ هێشتییە. تەختی جەواهێربەندم لە شارەزوورێ چۆل کردییە، لەبەر دووچاوی توو، خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە.

خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە، وەعدە و پەیمانی لەگەڵ لاسی بەستییە. بیست و چار ڕۆژێ دیکە یان بیست و یەك ڕۆژی دیکە، دێمەوە دوات دەتبەم بەزەبرێ شیرێ شامیسرییە، یان دەتهێنمە دەرێ لە ناو حەفسەت ماڵێ خەیلانییە، یان حەف سەت سواران، لەگەڵ خۆم دەینم هەموو ڕمیان هەژدەگەی گورگانییە. دەشتی گۆڕێ تووان و کانیێ سۆراوان بن گردی سپی، شەرت و قەرار وابی خەزاڵ بیکەمە قەبری وەیسییە. ئەگەر نەهاتمەوە دووت ئەتووم نەبرد بەحەلاّڵییە، دیارە مووی پیاوان لە لاسی نەهاتییە.

ئای لەبەر عەگیدان، ئای لەبەر خانەدانان، خەزاڵ ئەوشۆکە بترسێ لەبەر نەمیم و دوو زمانان.

خەزاڵ دەڵێ، بەقوربانت بی ڕووحی خەزاڵێ مەلانەبییە. مەلا نەبی بابم باش

داپۆشتییە، هەرچار کارەکەر خەویان لێ کەتییە، هەشت شوانم لەناو مەڕی نواندییە، بەڵان کەرکانی سەگباب لەبەر چاوی من دیارنییە.

محەمەدی براشم پسپۆڕە، گەلەك ماندییە. بەڕۆژ لە دەشتێیە لە لایی زۆری ئەوەتا خەوی لێ کەتییە. ترسی خەزاڵێ لە خوای نەبی لە کەس نییە. کاکە لاس ئەوشۆکە سینگی خۆت لۆ دەکەمە بەفری یەکشەوییە، مەمکی خۆت لۆ دەکەمە لایەکی زۆزانی ژۆرییە، ڕوومەتی خۆت لۆ دەکەمە تەختی خەسرەوییە. ئەمان چ بکەمێ قەفێ سمێڵێ بگێڕە لەناو ئەوێ باغەڵێ بەخۆڕاییە.

بەڵان خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە، دەیگۆ بەوەی کەمە نامری ئەبەدییە. بەو قورعانی سەر ڕانی مەلانەبییە، بەو شێخەلاس و شێخ ئەستییە، بەو سوڵتان عەبدوڵڵای عارەبییە، بەو حوسێنی غازییە، بەچاوی کاکە لاسییە. ئەمنیش عەگید و سوارچاك و ڕۆستەم و شازادەی وەکی تووم قەت چاو پێ نەکەتییە. چەند میر و میران بەگی و ڕەشید و خانەدان دەعوای منیان کردییە، ئەمان حەف ساڵە بابی من ئەمنی ڕاگرتییە. عومرم لە بیست و یەکی تێ نەپەڕییە. هەموو بوهاران لەسەرەمە دەکا وەیسییە، دەڵێ خەزاڵێ دەگۆزمەوە بە حەڵاڵییە، بابی منیش بەهانە دەبینتەوە لە وەیسییە، دەڵێ ئەمن ژنم مردییە، ماڵم بێ کابانە، ژنی محەمەدیش دەستوپێ سپییە. ڕەشماڵەکی گچکەم لۆ تەرخان کردییە، بەخۆ و بەژنەوە ئیش و کاری ماڵی منی پێ ناکرێ بە تەواوەتییە.

بەڵان هەزار جار، ئەو ڕوحەت ببی بەقوربانییە، ئەگەر بچیەوە مەملەکەتی شارەزوورییە، دابنیشی لەسەر تەختی پاشایەتییە، خەزاڵە شۆڕت لەبیر نەچی، یەکجارییە. بەڵان بەمنت نەگۆت جێی دەروێش عەلی ئەوشۆکە لە چ مەملەکەتییە.

دەیگۆ، خەزاڵێ مەلا نەبییە، ئەمنی هینایتە سەر ئاوێ سۆران، گۆڕێ تووان، ئەمنی هینایتە سەر کانیێ سۆراوان، ئەمنی لەوێ بەجێ هێشتییە. بەخۆی دەچووەوە ناو هۆبەیێ سوورچییە. شەرت و بتمانەمان ئەوەیە سبەینێ یەکدی بگرینەوە لەسەر کانییە.

ئای لەوێ کەیفێ، لەوێ خۆشییە، وەکی کاکە لاس هەر دوو دەستی لە ملی خەزاڵە شۆڕێ کردییە، بۆنی گوڵی بەهەشتێی لۆ هاتییە. کاکە لاس وەی دەزانی پیاو و نێر لە دونیایێ نییە، هەر بەخۆی ڕۆستەمە لە مازەندەرانێ باقییە. هەر بەخۆی ئەسکەندەری تەبرێزییە، هەر بەخۆی قوباد بەگی بتلیسییە، هەر خۆی سولەیمان بەگە لەسەر تەختی هەریرێ لە دەشتی سۆران، حوکم دەگێڕی دانیشتییە. ئاگای لە نەمیم و دوو زمانان نییە، ئاگای لە بێ ئاقڵیی وەیسی نییە. وەیسی گەلەك بێ ئاقڵ و ملهوڕە، وجوودی کوشتنی لەکنە وی چ قیمەتی نییە.

کەرکانە کەچەڵی بێ ئیمان، ئەو قسانەی لە سینگی خۆی نووسییە. دەیگۆ، ئەگەر سبەینێ، ڕۆژ هەڵبێ لە کۆسرەتێ شاڵەبەگییە، شەرت بێ ئەو قسانە بگەینمە خزمەتی وەیسی وسووئاسکییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی دۆستینە! گەلی خزمینە! لەو خۆشییەی نە لاس نە خەزاڵ کەرکانیان لەبیر نییە! ئەمیەتی مەلا نەبی لەکنیان چ قیمەتی نییە. ئەستی و ئەسمەر و خووبی و ڕابیش لە ڕەشماڵێ خۆیان خەویان لێ کەتییە، هەر هەشت شوانیش لە ناو مەڕی ئاگایان لە مەحموودی بێ زەواڵ نییە. بەلاّن کەرکانی سەگباب هەر ئیوارێ هەتا پەزی بەیانی گوێی، لە ماچ و مووچان ڕاگرتییە.

خەزاڵ دەڵێ کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، ئەمن باغەکم لۆ توو چاندییە بە دزی، سەری ئەو باغەی شۆڕ ببووایەوە، بەسەر میراتی کاولە ڕەزی. ئەگەر دەستی خۆت باوێی بن سەری من گەلەك، دەترسم دەستی توو بتەزی. هەردوو مەمکی من فەریکە شیری تێ نەگەڕایە، بەپەنجان بیگوشی بەلاّن بەددانی خۆت هەردوو لێوی سۆری من نەگەزی.

خەزاڵ دەڵێ، کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، ئەوڕۆ گەلەك کەیف خۆشم بەدیتنی، قەت ناترسێم لەبەر ڕۆژێ مردنێ. ئەگەر وەیسی بمری لەسەر تاتەشوارێ، مەلانەبی لەسەری بخوینێ سوورەتی یاسینێ، محەمەدی برام بدەنە بەر مەودای خەنجەرێ لۆ کوشتنێ، ئەمن هەنگینێ بەژنی توو وەکی لەگەڵ من

دانیشتییە، لە خۆم ناگرم ماچ و مووچ خەنانە و چاو ڕەشکردنی. هەنگینێ ئەمن هەر چاریان بەمەیتی لە گۆڕێ بن، تەرك ناکەم بسك لوولدان و چاو ڕەشکردن و خەنەنواندنێ. دەردی دڵداری دەردەکی گەلەك گرانە، دونیاش دەڕوا وەکی سێبەری دارانە. داخوا ئەلعان خۆڵی هەردووکیان لە چ خاکێکە، داخوا قەبری هەردووکیان لە خزمەت چ چاکێکە.

برایانە! برادەرینە! ئەوێ شەوێ هەتا کازیبەی بەیانیی ئیزهار کردییە، کەڵەبابی بەیانی گازی کردییە، خەو لە چاوی هەردووکیان نەکەتییە. جارەکی دەستی خەزاڵێ لەبن سەری کاکە لاسییە، جارەکی دەستی کاکە لاسی لەبن سەری خەزاڵێ چاو بەنگییە. دوگمە و سێڕێز و قەیتانی لۆ ترازاندییە، دوو جۆتە فنجانی دەلو عەباسی لێ بەدەرکەتییە. کاکە لاس لە تاریکییە، ئەمان دەستی دەگەیاندێ، ئەوەندە توندە لەبن دەستی خزییە. دووسەت ماچی ئەوێ شەوێ لە خەزاڵە شۆڕێ وەرگرتییە. دووسەت جاریش مەمکی نازداری کوشییە. باوشکی لێ دەدا دونیای لەبیر نییە. وەی دەزانی، کاکە لاس هەر لەسەر تەختی شارەزووری دانیشتییە. ئاگا و خەبەری لە کەرکانی سەگباب نییە، ئەو دووزمانییەی هەمووی لە سینگی خۆی نووسییە. سبەینێ ئەو خەبەرە دەباتەوە خزمەت ئاغا وەیسییە.

گەلی براینە گەلی برادەرینە، سبیانێ پێشی ڕۆژهەڵاتی، کاکە لاسم لە خەوێ ڕاپەڕییە. هێشتا چاوی خەوی لێ نەکەتییە. خەزاڵیش دەچووەوە جێی خۆی خەوی لە چاوی خۆی ئێخستییە. کارەکەرانی گاز کردییە، یەك لەبۆ نانییە، یەك لەبۆ ئیشی ناومالێ، دوانیش بچنە ناو مەڕییە. مەلا نەبییش هەڵدەستا دوو ڕکات نوێژی سبیانێی کردییە. چاوی بە چاوی کاکە لاسی کەتییە، لەسەر بەرماڵی ڕوونی شتییە. خەزاڵیش دەیهاتێ زەردەکەنییە، دەیگۆ، ئەو نوێژەی کاکە لاسی قبووڵ نییە.

کەرکانی سەگباب ئەنجەتی بەخەزاڵێ و بەکارەکەران گرتییە، دەیگۆ، هەموو ڕۆژێ ئەمن دەچمە دەشتێ، شوانم لە دوای سەت و پێنجە سەر مەڕییە، نانی

سارد دەدەنە مـن کـارەکـەریش لـەبـەر کـەیف و سەیـرانـێ، نـانـی گـەرمـیـان لـۆ نەکردییە.

هـەر هـەشت شوانیـان بـەڕێ کردییە. مـەڕی کەرکانی لە هـەوێزێ مۆڵ بووە و غەزرییە. کارکانی سەگباب مەخسەدی فرتەنەیە و غەزرییە.

دەیگۆتە ئەستییە ئەسمەرە! ڕابییە! خووبییە! ئەگەر نانی گەرمم نادەنێ، ئەمن ئەوڕۆکە ناچمەوە بەر مەڕییە.

کاکە لاسی ماڵ وێران، پەیمانی لەگەڵ خەزاڵێ بەستییە و ئۆگری کردییە. بیست و یەك ڕۆژی دیکە بێ خەلاسی بکا لە دەست وەیسی وسووئاسکییە. لە تیی ڕەشماڵێ، چاوی بەچاوی کەتییە. سێ پەنجەی خۆی لە دەوی دەنان لە جیاتی ڕوومـەتـی لاسی مـاچـی کـردیـیـە. دەیـگـۆت، ڕەبـی بـەخـێر بـێی شۆڕە سوارێ شارەزوورییە. دەیگۆت ڕەبی بەخێر بێی شۆڕەسواری بەگزادەی میرێ جافییە.

کەلکان ئەوەشی لێ بیستییە. دەیگۆ، ئەوڕۆ ناچمە بەر مەڕییە. کارکەر دەڵێن هەر هەشت مێگەل چووینەوە دەشتێ بە نانی ساردی ئیدارەیان کردییە. بڕۆ سەرمەنجەڵی ماستییە، نان و ماستی خۆت بخۆ و مەڕی ڕابدە لە هەوێزێ، بە بێدەنگییە. کەرکانیش گۆپاڵی لە کارەکەران هەڵسووڕاندییە، قەت دەیگۆت ئەو نانە ساردەی نابەمە دەشتێ ئەوڕۆکە لەبۆ بەر مەڕییە.

خەزاڵیش هەردوو چاوی سۆر دەبوون، چونکی نەنووستییە. عێجزیی کاکە لاسیشی بار گرانایی لێ خستە سەر دڵییە.

کاکە لاسی دەڕۆییە دەرێ لەناو هۆبان کەشکۆڵ و عەسای خۆی بەدەستەوە گرتییە. سەر و گویلاکی خۆی دەپێچاوە وەکی دەروێشەکی نوورانییە.

ئەمان کەلکان مەخسەدی شەڕ دامەزراندنە و مەخسەدی شوانی نییە. دەیگۆتە خەزاڵێ، نانی گەرمم دەوێ نەوەکو ناچمەوە بەر مەڕییە.

خـەزاڵـیش گـەلـەك تـوورە بـوو، هـەڵدەستـا لـە کـەرکـانـە کـەچـەڵـی سەر ڕزییە. گـۆپـاڵـی لـە دەستـی وەرگـرتـیـیـە، دوو گـۆپـاڵـی دەدا لـەنـاو شانـی کـەرکـانـیـیـە. کەرکانیش دەویت دەبووەوە، لەگەڵ بێ شەرمە و بەبێ ئەدەبییە. دەیگۆ، ئەوشۆکە

لەبەر زرم و هۆڕی دەست لەملانێ خەوت لێ نەکەتییە. عەزت لە هەتیمەکی کوردی شارەزووری کردییە، یان ناوی ئاسە یان ناوی لاسە، لەبەر ئەوەی ئاگات لە مەڕ و ماڵ و شوان و کارەکەران نییە.

ئەوجارەش خەزاڵێ مەلا نەبییە دوو تفی لەناو چاوی کردییە و گۆپاڵەکی دیکەی دەخێواندە ناو شانییە.

کەلکان گۆپاڵی فرێ دەدا و شوانیی بەجێ هێشتییە. خەزاڵیش لە مەکر و باسی تێ گەیشتییە. کەلکان هەڵدەهات لەبۆ هۆبەی ماڵی وەیسییە. غاری دەداوە لۆ بن گردی سپییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! بەینی هەردوو هۆبان کەندەکی دوور و درێژو قووڵە ئەمان ئەوەندە مەودای نییە. کەرکانی سەگباب لە کەندێ پەڕییەوە و هاوارەکی کردییە. وەیسی لە دیوەخانێ دانیشتییە، پێی لەسەر پێی دادەنا میر و بەگلەرییە. قەلنەکی مۆدینی کارەبای پڕ توتنی شاوری کردییە. چاو شووشە پۆیلە ئاگری لۆ دادەنا، لەسەر قەلنەی وەکی خزمەتکارییە. چڵکن چاو ڕەشی مامی لە تەنیشتی دانیشتییە، چڵکن چاو ڕەشی مامی دەیگۆتە وەیسی وسووکاسکییە، دیارە ئەو سەگە ئەوڕۆکە قسەکی نووی بەدەست کەتییە. هەر هاواری دەکرد دەیگۆت، ئەنگۆ بگەنە هاواری کەرکانی بزانن کەلاکان چی بیستییە.

دەچۆوە ناو عێلی وسووئاسکییە، ئابڕوو و ناموس و حەیای خەزاڵێی بردییە. دەیگۆت مامە چڵکن چاو ڕەشە، مەڵێ کەرکانە کەچەڵ بێ کەس و بێ بەشە. بەو خوایەی لە ژۆری سەرییە، بەسوڵتان عەولای عارەبییە، ئەوی ئەوشۆکە ئەمن لە خەزاڵێم دیتییە، ئەگەر وەیسی بزانی شەقی دەکا بە زەبری شیری شامیسرییە، بە ڕمی هەژدەگەی گورگانییە، بە زرێیە داودییە ڕای دەکێشی بەکەزییە. ماڵێ مەلا نەبیش تالان دەکا لەسەر چاوی خەزاڵە شۆڕێ چاوبەنگییە.

ئەوی ئەمن ئەوشۆکە لە خەزاڵێم دیتییە، ئەو بێ ناموسییە و بێ حەیاییەی،

شەرت و پەیمانی لەگەڵ کوردی دەورووتی شارەزووری گرتییە. ئەو هەتیمە دوونێ ئێواری هات و دەبووایە بمزانییایە دەرویش نییە. یان ناوی ئاسە یان ناوی لاسی ئەحمەد بەگییە. سەرداری عێلی مەملەکەتێ جافییە. ئەمان سبیانێ، زوو لەناو هۆبە و عێل و عێلەساتی ڕۆیشتییە. ئەوشۆ هەر لە ئێوارێ هەتا نوێژی سبیانێ مەلا کەباری کردییە، خەزاڵی لەسەر مافووری عەجەمێ گەوزاندییە. مەلا نەبیش دەتگۆ، لبادە خەوی لێ کەتییە. هەرچار کارەکەریشی ئیقناع کردییە. محەمەد و زلێخی ژنیشی لەناو ڕەشماڵێ بەتەنێ بەجێ هێشتییە. شەرم و حەیای لە بابی خۆی مەلا نەبی نەکردییە، نەدەترسا لە سام و هەیبەتی وەیسییە. دەست لەملان و ماچ و مووچی لەگەڵ کاکە لاسی ئەحمەد بەگی کردییە. گفتیشی پێ دایە پاشی بیست و یەك ڕۆژێ دیکە دێم، شەش سەت سوار و پێنسەت خولام و چارسەت نۆکەران لەگەڵ خۆم دینم، ڕادەکێشم بەژنی خەزاڵێ بە زۆرداریيە. یان سەری وەیسی دەبڕم، دەیکەمە قوربانییە، خینیشی دەنێرم لەبۆ خەجیج خانی شارەزوورێ بەدیارییە.

وەیسی دەڵێتە چلکنی خەزاڵێ ماکەر چ جوابی داوە؟ دەیگۆ، وەیسی ئاغا، جوابی خەزاڵێ ئەو هەبوو، هەر ئەوها بییە. دەیگۆ، سەری مەلانەبی و وەیسیت دەکەم بەقوربانێ سەرییە، بیست و چار ماچان بکە لە ڕوومەتێ گوڵ گوڵییە. ماچی توو گەلەك گەلەك خۆشە، لێوی توو دەڵێی شەکراوە، بۆنی توو دەڵێی گوڵی ئەشرەفییە. کلیلی سینگ و مەمکانی لۆ ترازاندییە، ئەو جۆتە سێوەی لاسۆری کاڵە هێشتان پێ نەگەیشتییە، تەسلیمی دەستی کاکە لاسی کردییە، نەدەترسا لە بەژنی وەیسییە. نازانی وەیسی غەزەبی سەر عەردییە. ئەگەر سوار ببی لە ئەسپی چارپەل سپییە، عەگیدەکی گەلەك بەناو و دەنگە لە ناوکوڕ و سووگرتیان و قەپەك و مامساڵ و خەیلانییان تاکی نییە. عالەم هەمووی دەترسێ ڕەواندز و ئاکۆ و سابلاغ و ئامێدی و ئاکرێ هەمووی لەبەر دەنگی وەیسییە. لاسیش منداڵە شێتە نەفامە مەکتەبلییە. دیارە گەردەنی خۆشی بەدایکی ئازا نەکردییە.

ئای لە منێ ئای لە منێ، ئای لە منێ... خەزاڵە، کەس نازانی چ باسە و چ هەواڵە. ئاش وەستا لە چ خەیاڵێکە، ئاشیش لە چ خەیاڵە!

وەیسی وسووئاسکییە، غەزەبی سەر عەردییە، قەلنەی مۆدێنی کارەبای لە کێشانێ خەلاس کردییە. ڕمی هەژدەگەی گورگانیی لە عەردی چەقاندییە. ڕمی هەتا نیوەی شتڵ دەکردە ناو عەردییە. گازی چاو شووشە و چڵکن چاو ڕەشی کردییە. دەیگۆ، لۆ من زین بکەن ئەسپی چارپەل سپییە. ئەورۆ سەری مەلانەبی دەبڕم لە گۆشی مەیدانێ وەکی کارییە. ڕدێنی دەگرم ڕای دەکێشم پەتکی بە ڕیخی لە مل دەنێم، دەیهینمە بن گردی سپییە. ئەوە گەلەك بێ ناموسە، گەلەك بێ شەرتە، ئەوە مەلا نەبی نییە. ئیشی وی لەگەڵ من هەر بەگەوادییە. شەرت و پەیمانی حەفت ساڵە، لەگەڵە مە بەستییە. ئەمە دوژمنایەتی نوو دەکەینەوە، خەزاڵیشی قەت تەڵاق نادەم لەبۆ هەتیوی کوردی شارەزوورییە.

لەپێی دەکردەوە چاو شووشە، جۆتەك چەکمەی عاموودییە، کڵاوی داودیی دادەنا سەر وەیسییە. بەڵان...(١)

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی دۆستینە! گەلی خزمینە! کاکە وەیسی وەکی ئەو جوابەی، لە کەرکانە کەچەڵی زانییە، چڵکن چاو ڕەشی مامی لەکنی دانیشتییە. غەزەبە غەزەبی سەر عەردییە. گازی چاو شووشەی کردییە، دەیگۆ لەپێم بکە چەکمەیی عامودییە، لۆم بینە دەرێ زرێی داودییە، سەڵتەێی ماهووتییە، شاڵێ حەڵەبییە، دووربینێ دیاربەکردییە. لەبۆ من زین بکە ئەسپی چار پەل سپییە، لێی بدە زینی زەردی سابڵاغییە، جۆتەك ڕکێفی حەوێزییە. سوار ببم بچمە ناو خانەی زینییە، بەر مەیدانەکی بکەم لە پێش دیوەخانێ مەلانەبییە. ڕدێنی بگرم ڕای کێشم لەسەر عەردییە. بزانم ئەو کارەساتەی لە دیوەخانی وی ڕووی دایە لۆچی ئاگادار و خەبەردار نییە. کیژی وی ئەوەندە بێ ناموسە، حەفت ساڵە مارەبڕای وەیسییە، ئەلعانیش قەول و قەراری بەستییە، ئەی هاوار لەگەڵ هەتیمەکی دەوڕووتی شارەزوورییە. دیارە ئەو هەتیوە گەلەك مندالّ و نەفام و مەکتەبلییە. گەردەنی خۆی بەدایکی ئازانەکردییە.

(١) لێرەدا دیوێکی شریت تەواو دەبێ. بەندبێژ بەندە نیوە چڵەکەی تێك ناخاتەوە، لەسەردا بەندەکەی دادەگیرسێنێتەوە. بەندە نیوە چڵەکە ئەگەر فڕیش بدرێ چ فەرقەکی وا ناکا.

هێشتانەکینێ زەبری کاکە وەیسی نەدیتییە. ئەگەر نەمرم لەبن گردی سپی سەرم دەبرم، وەکی کارییە. چلکن چاورەشی مامی وەیسییە، دەیگۆ، ئیش نابی بەشێتایەتییە. ئەویش ئامۆزا و خزم و کەس و کاری گەلەك زۆرە، شەڕ دامەگیرسێنە، بەنوێیەتییە. ئەگەر وەکینێ چار سواران لەگەڵ خۆمان هەڵبگرین بچین ئەوڕۆکە عەسری مێوان بین لەکن مەلانەبییە، بزانین گفتوگۆی زاری چییە، بڕوایی بەکەرکانە کەچەڵی مەکە، کەلکان گەلەك گەلەك درۆزنە و وەفای نییە.

دەیگۆ مامی گەورە و گرانم، چلکن چاو ڕەش، حەفت ساڵە دەیدەمێ شەرتێ شوانییە، شەرتی دیکەش وەردەگری لەکن ماڵێ مەلانەبییە. لۆ ئەوەندەی قسەی چاکم لۆ بینی لە تەرەفی خەزاڵێ مەلا نەبییە، بزانم هەر حەزی لە وەیسییە، یان دڵی چ جاحێڵەکی دیکەی گرتییە.

ئەمان برایىنە! برادەرینە! چلکن چاورەش دەیگۆ، وەیسییە، ئیش دەبی بەپیاوەتییە، ئیش ناکرێ بەنەفامی و منداڵەتییە. وەرە نوێژی عەسرێ بکەین سوار ببین، چار سواران لەگەڵ خۆمان ببەین بە خزمایەتییە، بچین مێوان بین لە دیوەخانێ مەلانەبییە، بزانین قەول و قەرارێ خەزاڵێ لەگەڵ مەلا نەبی لەبۆ مە چییە، یان چ نییە. ئەگەر وەیسی وەیسی نەبی، خەزاڵت لۆ دینم پاشی بیست ڕۆژی دییە، ئەگەر وەیسییش وەیسی نەبی با خەزاڵ بمینیتەوە لۆ هەتیوی کوردی شارەزوورییە. گەلی براینە! گەلی برادەرینە! کاکە لاسم وەکی لەوێ ڕۆیشتییە، دەچووەوە سەر کانییە سۆراوان، گۆڕێ تووان، هەوارگە و عێلەساتێ مەزن مەلانەبییە. چاوی بەدەروێش عەلی هەرکی کەتییە، گفتوگۆیەکی جوانی لەگەڵ کردییە. دەیگۆ دەروێش عەلی هەرکییە، ئەگەر بچمەوە شارەزوورێ دەتدەمێ دووسەت زێڕی زەمانییە. قەولیشم لەگەڵ خەزاڵێ گرتییە، پاشی بیست و یەك ڕۆژی دیکە دێمەوە دووی دەیبەم، نایەڵم سەر بە بەژن و بالای بکا وەیسی وسووئاسکییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! کاکە لاسم ئەوەندە ماندی، پێی ئەستوور دەبوو لەناو کلاشی پەڕۆین، چونکی قەت ڕێ و بانی بە پێیان

نەدیتییە. شەش شەو و شەش ڕۆژە لە ماڵێ نەخۆش کەتییە، پرت و بۆڵەی باب و دایکی بەسەر گەلەك داباریيە. دەیگۆ ڕۆڵەی شیرینم ئەوە ئیش و کاری پیاوان نییە. پاشازادە تەخت و سەڵتەنەتی بەجێی بێڵی لە شارەزووریّ، بچێتە دەشتی هەریرێ لەدوو کچە تیوەکی خەیلانییە.

ئەمان بێینەوە سەر باسی وەیسییە، وەیسی نوێژی عەسرێی کردییە، سێ کەسی لەگەڵە خۆی هەڵگرتییە. ئەحمەد و چاو شووشە و چڵکن چاو ڕەشی مامی لەگەڵ کاکە وەیسی هەرچاریان دەهاتن مێوان دەبوون لە ماڵێ مەلانەبییە.

وەکی لە بستێ، هەرچار سواران لە گردی سپی، هەر چار سواران خۆیان بەدەر یێخستییە. خەزاڵێ، بابان وێران لە حاڵ و فکری خۆی گەیشتییە. دەیگۆ وەچاکە، ڕوو بدەمە وەیسییە. قەت و قەت ئەمن لەگەڵ وەیسی گفتوگۆم نەکردییە. ئەگەر گفتوگۆی لەگەڵ نەکەم، مەعلوومە کەرکانی سەگباب ئابڕوو و نامووس و حەیای منی بردییە.

بەڵان، خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە، گاسی هەرچار کارەکەری کردییە. دیوەخانیان ماشتییە، سەرەنازیان ڕایەخستییە. مەلانەبییش بەسواری ماینێ چوویتەوە، سەردانێ مەڕییە. هەر چار سوار جەڵەوی ولاغیانی خەزاڵ بەخۆی ولاغی چڵکن چاوڕەشی گرتییە، بەخێر هاتنەکی گەلەك گەرموگوڕی لێ کردییە. دەیگۆ بەخێر بێن سەرچاوی خەزاڵێ مەلا نەبییە. کووە ئەو جارە ڕێتان خەڵەت کردییە؟ دەیگۆ، دیارە مەلا نەبی فکری لەگەڵە مە باش نییە، حەفت بوهارە ڕاوەستاینە خەزاڵیش تۆغیانی هاتییە. بۆ خۆت دەزانی وەیسی ڕۆحی لۆ توو نەمایە، شەو و ڕۆژێ هەراسانی لە مامی هەڵگرتییە.

دەیگۆ، یاخوا بەخێر بێی مامی خۆم چڵکن چاو ڕەشە، لەگەڵ مێوانان، لەگەڵ بەژنێ وەیسییە. ئەگەر وەیسی بزانی دڵی من کو دەسوتێ لەگەڵ دڵی وەیسییە. ئاگری دڵداری گەلەك گەلەك زەحمەتە، دوو زمانی و دوژمنایەتیش گەلەك گەلەك عیللەتە. گرانی و سەنگینی لەبۆ پیاوان زۆر بەقیمەتە. لە هەموو وەخت و زەمانێ پیاویش هەبووە و لەگەڵ خانەدانێ. ئەوەی پاشابی ئەوەی گەدابی، دەبی

ئیمانی زۆر بەخودابی. قسەی ئەنگۆش یەکە مەعلوومە ڕەت نابی.

خـــەزاڵ زۆر بـــەجـوانـــی جـوابـی چـڵـکـن چـاو ڕەشی داوە. کـاکـە وەیسی وسووئاسکی، ئەوجا شانی خۆی بەبالیف دەداوە. کاکە وەیسی پاڵی دەداوە. قسەی گەورە و گرانی دەکرد بەڕاوە. دەیگۆ بیستیتم ئەوشۆکە هەتیمەکی کوردی شارەزوور لێرە بووە، مێوانە. لۆیە هاتیمە لێی ببمە یەکانە. بیستیتم قسەی زۆری بە خەزاڵێ گۆتییە. هەتا عیلاجی بکەم خوێنی بڕێژم، بەسەر ئەو عەردە جوانە. ئەگەر قسەی خەراپی کردییە با لەقسەی خۆی ببیتەوە پەشیمانە.

خـەزاڵ تـێگـەیـی فـکـر و کـاری وەیسییە. ئـەو ئیش و کـارە کـەلاکـان هـەمـوو ڕێستییە. ئەو دوو زمانییە کەرکانی کردییە.

خەزاڵ دەیگۆتە وەیسییە، ئەو ڕووحەت ببی بەقوربانییە. خەزاڵ هەر لەبۆ وەیسییـە. حـەزی لـە کـەس نـەکـردیـیـە. کـەسیشم نـەدیـتـیـیـە. دوونـێ ئێواری دەروێشەکـی ڕووتـەڵـەی فـەقـیـرۆکـە لـە دیـوەخـانـێ مـەلا نـەبـی مـێوان دەبـووەوە، دەروێشەکی نوورانییە. دوو سێ بەندۆکەی لە شوانەوێلان بیستییە. ئەمنیش شوانم هەموو دەوکوت کردییە. دەمگۆ خۆ هەر ناوی من خەزاڵ نییە، هەزار کیژە ئاغا و بەگلەر و میران بەگی ناویان خەزاڵە لە دنیایە هەر باقییە.

وەیسی گەلەك بەو قسەی دەیهاتێ کەیفخۆشییە. دەیگۆت مامی گەورە و گرانم چڵکن چاوڕەشم تێ گەیشتییە. کەرکانی سەگباب هەر درۆزنە هەر دوو زمانە، قسەی کەرکانی لەکنە من بایەغی نییە.

براینە! برادەرینە! لە نەکاوڕا دەهاتەوە مەلا نەبییە. لە ماینی شۆری لەگ لەگی دابەزییە. جەڵەوی ماینێیان گرتییە. کاکە وەیسیی ماچ کردییە. لەگەڵ چڵکن چاوڕەشی چاك و خۆشییان کردییە. دەیگۆ، ئەمە پێکەوە کردیتمان خزمایەتییە، خۆ دوژمنایەتیمان قەت لەبیر نییە. بەئەسڵ و ئەساس دەگەینەوە یەك هۆزی، ئەسڵمان خەیلانییە. ئەمان بزانین وەختمان بدێ کەنگین بێین بەژن و باڵای خـەزاڵـە شۆڕێ بکـەیـنـە بـووك لـە بـۆ کـاکـە وەیسییـە؟ ئـەمـان بـیستـیـتـمـان لاسی ئەحمەد بەگی هاتییە.

مەلا نەبی دەڵێ بو خوایەی لە زۆری سەرییە، بەو قورعانەی بۆ خۆم لێم خوێندییە، چ ناوی لاسم نەبیستییە. دەروێشەکی دەورووت دوونێ ئێوارێ هاتییە. برەك بەند و بالۆرەی لۆمە گۆتییە. ئەو دەروێشەش لەکن ئەنگۆ چ قیمەتی نییە. کارکانی سەگباب ئەورۆ سبیانێ ئەو شەڕەی داگیرساندییە، خەزاڵیش خۆی لێ تووڕە کردییە. مێگەلی مەڕی بەجێ هێشتییە. تازە بە درەنگەوە هاتیمەوە، چوویمەوە شوانەکم لەناو هۆبەی گرتییە. نۆ مێگەل مەڕن لەسەرە. ماڵی دنیایەم گەلەك زۆرە، شوان گرتن لەکن مەلا نەبی چ قیمەتی نییە. بەڵان ئەوەندە ڕجاو لێ دەکەم، بەبێ قەیدییە، قەت ڕوو مەدەنە کەرکانە کەچەڵی، بیحەوێننەوە لەناو عێلییە. خەزاڵیش ئەوە مەوجوودە لەپێش ئەنگۆ، هەر قابیل بەوەیسییە، قابیل بەکەسی دیکە نییە.

ئەمان دەڵێ کورتان لە کێ دڕایە، کەر لە کێ کەتییە. گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی دۆستینە! گەلی خزمینە! وەکی کاکە وەیسی ئەو قسەی لە خەزاڵە شۆرێ زانییە، دەیگۆ دەوت بکەوە قسە بکە بە تەمامییە. ڕوحی وەیسیت پێشکێشە بە ئۆگرییە.

خەزاڵە شۆڕ، لە دیوەخانێ دانیشتییە. کارەکەران زیافەتیان لەبۆ مێوانان دروست کردییە. خەزاڵ دەڵێ لە عالەمێ مەعلوومە خەزاڵە شۆڕ کیژێ مەلا نەبییە. چەند ئاغا و بەگلەر و میران بەگی و عەگید دەعوای منیان کردییە، ئەمان ئەمنیان مارەکردییە لە وەیسییە. بە خۆتان دەزانن کیژە گاوان و کیژە شوانەك و کیژە بەرخەوانەك نییە. خەزاڵی بابان وێران دووسەت دەستە خوشکی لەوێ ڕۆژێ گرتییە. دەبی سێ کەسان بنێرینە شارێ سابلاغ و مووسڵ و ڕەواندزێ، بەسێ ڕۆژان لۆ من بکرن چەکان و خشڵی زیوو لە زێڕییە. نۆ هێسترانیش بار بکەم لە قالیچە و لە سەرەنازی عەجەمییە. خۆ من نایەم بەڕووت و قووتییە. قەشمەریم پێ بکا، عێلی وسووئاسکییە. خەزاڵیش کیژە و کیژێ پیاوانە و کیژێ مەلا نەبییە. وەیسییش سەردار عەشیرەتێ خەیلانی ئاسکییە. دووسەت کەسان دەناسی لە یەکە یەکەی قەپەك و مامساڵ و بڵباس و خەیلانی و باڵەکییە. حەفت شەو و حەفت ڕۆژیش دەبی دۆڵ و زوڕنابی، شایی

لۆغان بی لە هەردوو عەشیرەتان بە تەواوەتییە.

چڵکن چاوڕەش، دەیگۆتە خەزاڵێ مەلا نەبییە. عافەریم لەبۆ خەزاڵێ کە قسەی گەلەك جوانی کردییە. سێ کەس لە عەشیرەتێ ماڵێ ئاسکییە سێ کەسیش لە ماڵێ مەلا نەبییە، هەر شەشان دەنێرینە سابلاغ و مووسڵ و ڕەواندزێ، لۆ توو هەڵبگرن جلکێ بووکێنییە. گوارە و خەزێم و یاقووت و خاشخاش و بەربەنە و بنکەوشە و حەمایل و مۆری و مەرجان لە زێڕ و لە زیوییە، لەگەڵ دوگمە و حەفت تێکلان لۆ خەزاڵە شۆڕێ قیمەتی نییە. بارگە و بارخانە کەوێی مەخمەر و بێڵدار و ئەتڵەس و بوڕسە و مەخمەر قەت لە دنیایێ لەو چشتەی چاکتر نییە.

ئەگەر حەفت شەو و حەفت ڕۆژان لە جلکان بن، حەفت شەو و حەفت ڕۆژیش شایی و لۆغان بی، چاردە ڕۆژی بەسەر تێ پەڕییە. حەفتی دیکەش دێین بووکێ دەبەین لەبۆ کاکە وەیسی بە سەلامەتییە.

مەخسەدی خەزاڵیش ئەوەیە بیست و یەك ڕۆژ تەواو بی بەشکو لێی بەدەرکەوی شۆڕە سوارێ جافی شارەزوورییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! گوێ بدەنە من ئەوە بەیتی کوردییە. ئەوە لاس و خەزاڵە، ئەوە شەرتە بەندی هەزار هەزارە. دەرمانی عاشقان و هەموو نەخۆش و بیمارە.

وەکی کاکە وەیسی و چڵکن چاوڕەش و ئەحمەد و چاو شووشە، دیوەخانی مەلا نەبییان بەجێ هێشتییە، بەڵان دوو ژن و پیاوەکیان لە ماڵێ مەلا نەبی لەگەڵ خۆ هەڵگرتییە. سێ کەسیش بەدیاری بنێرن، لەگەڵ ئەوان ببنە شەش لۆ شاری سابلاغ و مووسڵ و ڕەواندزێ، هەتا بکڕن چەکان و خشڵ و زێری بووکینییە. جلکێ بووکینی و بارگە و بارخانە لەبۆ خەزاڵێ ڕێك بێخن بە تەدارەك و بە دروستییە. خەنانەش ڕۆژێ چارشەمبێ، ڕۆژی پێنجشەمبی بەسەر دادێ، شەوی جومعەیە خەزاڵێ دەبەن لەبۆ کاکە وەیسی وسووئاسکییە.

ئەو حەق و حسێبەیان تەواو کردییە. بیست و یەك ڕۆژیش تەواو دەکا بەجلك و بەشایی و لۆغان و بە خەنانە و بە بووکێنییە تەواوەتییە.

ئەمان خەزاڵ دەڵێ لە خۆمێ غەمگینێ، لەخۆمێ دڵ بەبرینێ، لە خۆمێ ماڵوێرانێ، لەخۆمێ بێ حزوورێ. کەس نییە قاسیدەکی بەبەقام بەدەست بکەوی جوابەکی پێدا بنێرم، لۆ دەشتی شارەزوورێ. لە خۆمێ بێ کەسێ، لە خۆمێ ڕووڕەشێ، لەخۆمێ شەرمەزارێ، کەس نییە جوابەکی بداتە سوارە چووکەلانەی من، لاسی ئەحمەد بەگی شارەزوورێ سەرداری عەشیرەتێ جافان، دەستێ خۆی جارەکی دیکە بگێڕی لە سینگ و مەمکان، بۆن بکا ماچ بکا مابەینی غەزێم و گوارێ.

لەلایەك گوارە دەنگی دەدایێ، لەلایەك خرخاڵ بریقەی هینایێ کاکە لاس گەلەك دووری لۆم وەرە ڕایێ.

گەلی برایـنە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! هەرچار سوارانیان سوار کردییە. دوعابوونیان لە ماڵێ مەلا نەبی خواستییە. ڕوویێ خۆیان دەداوە بن گردێ سپییە، هەوار و هەوارگەی ماڵێ وەیسی و سووئاسکییە. قەوم و عەوامێ خێڵییە، دەهاتنە بەراوپیلی کاکە وەیسییە. گازی دەکردە خوڵام و خزمەتکار و شوانان دەیگۆ، کەرکانم لۆ دەرکەن لە گوندییە. ئەو سەگبابە درۆزنە هەر درۆی کردییە. قبووڵ ناکەم بمینێ لەناو عێلییە.

کەرکانی ماڵوێران دەیگۆ، قسەم درۆ نییە، بەڵان دیارە خەزاڵ کاکە وەیسیی ئیخفال کردییە. دواڕۆژی دەزانن کێ ڕاست دەکا، کێ درۆزنە لە بەیت و بالۆرەی لاسییە. بەو خوایەی لە ژۆری سەرییە، ئەو قسانەم ئەمن لە کاکە لاسی بیستییە. مامە چڵکن چاوڕەشە، لۆ توو دەڵێم بە بێدەنگییە. دەیگۆ ئەگەر نەمرم بیست و یەك ڕۆژی دیکە لە شارەزوورێ دێمەوە گۆڕێ تووان، کانێی سۆراوان مێوان دەبم لە مەلا نەبییە. چارسەت سوار و پێنسەت عەگید و شەشسەت خوڵامان دەینم، بە ڕمێ هەژدەگەی گورگانییە. یان دێم بە خۆم بەتاقە سوارییە، بە سواری شێخەزاڵییە. سەری وەیسی دەبڕم، دەیبەمە شارەزوورێ بە دیارییە. بەژنی خەزاڵێ بە زۆری ڕادەکێشم لەناو حەفسەت ماڵی خەیلانییە.

کاکە وەیسییە بەو قسەی قەت باوەڕ نەکردییە. سندووقی لیرەی شکاندییە.

دوو کیسە زێڕ و لیرەی دەرکردییە. تەسلیمی شەش کەسی کردییە. دەینـاردن لەبۆ سابلاغیێ لەبۆ مووسڵێ لەبۆ ڕەواندزێ، چەك و خشلان دروست بکەن لەبۆ بەژنیێ خەزاڵێ مەلانەبییە. دەیگۆ، سەرێ وەیسیو ببیتە قوربـانییە مەترسن لە ماڵی دنیایە و لە زێڕییە. ئەگەر شەوەکی لە شەوی بوهـارێ بەژنی خەزاڵە شۆڕێ لەگەڵ وەیسی بنووستایە بە تەمـامییە، خودا لە وەیسی خۆش دەبوو مەلایکەت لەسەر شانی دەیاننووسیم دەیانگۆ ئەوە وەیسی بەهەشتییە.

ئـای لـەمن دڵ کولـێ، ئـای لـەمن غـەمگینـێ، ئـاگرەکم بـەربـوویـتە دەروونـێ، ناکوژێتەوە بە ئـاوی ئەڵوەندی، بە ئـاوی بێستوونـێ. کەس نییە جوابەکێ بداتە لاسی ئەحمەد بەگی بڵێ، خەزاڵە شۆڕی توو ئەوڕۆکە مایتەوە لە گۆڕێ تووان لە کانییێ سۆراوان، بە هەردوو چاوان دەگریێ بەدەستـانیش دەکا ڕۆڕۆ و شینێ.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! حەفت شەو و حەفت ڕۆژی تەواو کردییە. چەك و زێڕی بووکێنییان خەلاس کردییە، بارگە و بارخانەیان دەهیناوە پێش ماڵێ مەلا نەبییە. وەیسی قاسیدی ڕەوان دەکرد لەبۆ عەشیرەتێ باڵەکییە، لەبۆ بۆڵییە، لەبۆ سوورچییە، لەبۆ خەیلانییە، لەبۆ قەپەك و مامساڵ و ڕەوەند و شکاکان و بڵـبـاس و مـامـەشیـیـە. سەلامـەکـی سەر سەلامـانـی لـێ کردییە. بڵێن دەزانن مەعلوومە کاکە وەیسی وسووئـاسکییە دەگوازیتەوە بەژنیێ خەزاڵە شۆڕێ مەزن مەلا نەبییە. حەفت شەو و حەفت ڕۆژە شایی و لۆغان و کەیف و سەیرانە، دەبا وەیسی بمریتن لە خۆشییە.

گـەلـی بـرایـنـە! گـەلـی بـرادەریـنـە! ڕۆژە ڕۆژی شەمـووە، شایـی و لـۆغـانـی دامەزراندییە. دۆڵ و زورنـای کار پێ کەتییە، شایی و لۆغان ڕەشبەڵەك دەستی گرتییە، کەس ئاگای لە کەس نییە. شوان و بەرخەوان مەڕ و بەرخیان بەجی هێشتییە. دەستڕی کتانیان لەبەر پشتییە. شوان هەموو سەرچۆپییان گرتییە. کاکە وەیسی لە ناوەندی شایییە دانیشتییە، پێی لەسەر پێی دادەنا وەکی دەوری ڕۆستەم بەگییە. وەی دەزانی نێر لە دنیایە نییە. گەلەك فەقیر و ماڵ وێرانە، نازانی خەزاڵیش ئەو شەرت و پەیمـانەی لەگەڵ وەیسی بەڕاستی نییە.

ئەمان کەس لە حاڵی کەس خەبەردارنییە. وەرە ئاگات لەدڵی خازڵێ بی، کیژی مەلانەبییە، دڵی بەجارەك گوڕەی ئاگری بەستییە. هەرچەندی سەر دینی و سەر دەبا، کەسەکی بە بەقای بەدەست ناکەوی جوابەکی بنێری لەبۆ کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە. چاردە ڕۆژی لێ ڕۆیشتییە، حەفت ڕۆژی مایە ئەگەر بێ ببا خەزاڵێ مەلا نەبییە.

خەزاڵ دڵی گەلەك گەلەك مشەوەشە، خۆی گەلەك تەنگاو کردییە. بەڵان لە پێش عالەمێ فرمێسك نابارینی بە ڕاستییە.

بێینەوە باس و سەردەنگی لاسی، لە عێلی جافان لە عێلی سناسی، کاکە لاسی ماڵ وێرانم وەکی دەرۆیشتەوە دەشتێ شارەزوورییە، چاوی بەداکی کەتییە. ڕوومەتی جوانی بریندار کردییە، ئەوەندە دەگریا بە کوڵی و بە دڵییە لەبۆ کاکە لاسییە. کاکە لاسیش دەروێشی لەوێ خەڵات کردییە. دەروێش شارەزووری بەجێ هێشتییە.

کاکە لاسم پێنج ڕۆژان لەناو جێی کەتییە. قەلبی هەموو رەق دەبوو گەلەك ماندییە. پاشی پێنج شەو و پێنج ڕۆژان قەلبی دەیکەتێ خۆشییە. تاجی زێڕی لەسەر دەنا دادەنیشت لەسەر تەختی جەواهێربەندی شارەزوورییە.

گازی محەمەد و عەلیی کردییە، سەرتیپم لۆ ڕێك دەن، ڕاووشکارە لۆ دەشتی بەکراوە و سەری قەشان و بان قەڵای مەملەکەتی جوانڕۆ و مەریوانێ، هەتا وەکینێ چاوی خۆم بکەیتەوە بە غەزاڵێ دەشتییە. هەتا چاوم بکەوی بە سەوزەگیای بوهارێ، خەفەت و دەرد و مەرەقی خەزاڵە شۆڕێم بچیتە دەرێ لە دڵییە.

پێنج شەو و پێنج ڕۆژان نەخۆش کەتییە، لە خەفەتی خەزاڵێ کیژی مەلانەبییە. بەڵان ڕۆژی شەشەم دەنگی ڕاو و شکاری دەدا، تاژی و توولە و باز و شەهێن وتووتی و سەقەری لەگەڵ خۆی بردییە. لە شارەزوورێ دەچووە دەرێ، ڕاوی حەفت شەو و حەفت ڕۆژەی کاکە لاسم عادەتی چەند وەختییە.

گەلی براینە! گلی برادەرینە! ئەو ڕاو و شکارەی عادەتی چەند ساڵ و چەند

وەختـیـیـە. دەچـووەوە دەشتـی بـەکراوەی ڕۆژەکـی ڕابـواردیـیـە. دەچـووەوە سـەری قەشانێ دوو ڕۆژی ڕابواردییە. باز و شەهێن و تووتی و سەقەری هەموو گرتییە. چـەنـد مـامـزی بـە تـاژی و تـوولان گـرتـیـیـە. سۆری دەکـردەوە لـەگـەڵ خـولامـان دەیـانکردە ئێوارەیە و نیوەڕۆژییە. فکر و خـەیـاڵی خـەزاڵە شۆڕێی دەچووە دەرێ لە سەرییە. قەت جارەك ناوی خەزاڵێی بەسەر زمانیدا نەهاتییە.

گـەلـی بـرایـنـە گـەلـی بـرادەرینـە، ئـەو ڕاووشکـارەی ئـەوەنـد ڕۆژ دامـەزرانـدیـیـە، خــەزاڵــە شۆڕی لــەبـیـر کـردیـیـە. کـاکـە لاس سوخـمـەی تـەبـرێزێ، دوربـیـنـی دیاربەکرێ، بەتیەی سپیی شێخانی، عەگالی تەلەعفەرییە. دەکەتە ناوخانێ زینییە. سواردەبوو لە شینکەی شێخەزاڵییە. دەتگۆ، ئەسکەندەر خانە تازە لە شاری تەورێزی هاتییە. یان دەتگۆ، عەلی بەگی داسنییە دەگەڕێ لەدوو خوێنی لەشکرییە. یان دەڵێی یووسفی برایم ئاغایە، دەگەڕێ بە مێوانەتییە. یان دەڵێی قوبادخانە لە بتلیسێ حوکمی کردییە. هەندەکیش دەڵێن سولەیمان بەگی کاکی خانزادێیە، دەشتی سۆرانی بە تەواوی داگیر کردییە.

کاکە لاس دەڵێتە خۆی، ناوم لاسە، کوڕی ئەحمەد بەگی شارەزوورییە. داکیشم خەجیج خانە کیژی شێخ حموودییە، خوشکی شێخ غەلیفەیە لە مەملەکەتی قەراجێ ئەمنی کەتیتە زگییە.

لاس دەڵێ، داکی من لە دەشتی قەراجێ لە چۆمی چەمعانی لەبن داری لاسێ ئەمان داکی من ئەمنی بەزگ کەتییە. ئەمن پاشازادەمە عەشیرەتیشم لە عێلی جافییە. داکیشم خەجیج خانی عارەبییە. لە ئەسل و هۆزی تەیانە. بابیشم بەچەند پشتییەوە هەر گەورە و میری شارەزوورییە.

ئـاگـای لـە مـەحـموودی بـێ زەواڵ نـییـە. لـەبن خێوەتـی ڕەنـگـاوڕەنـگ نـیـوڕانـێ دانیشتییە. گۆشتی مامزی دەبرژێنی، ساقیش مەی دەکاتە ناو دەوییە. ئاگای لە خەزاڵێ نییە لەبن قەرە ڕەشماڵێ بەجێ مایە، لە گۆڕێ تووان لە کانیێ سۆراوان لەناو حەفسەت ماڵ خەیلانییە. خەزاڵی بابان کوێر، چی بە دەست نەمایە، ئەگەر شەوی پێنج شەم هەڵ بێ دەخالەتەکی بکا بەخانزادێ خوشکی سولەیمان بەگییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! حەفت شەو و حەفت ڕۆژان بەزم و سەیرانە، شاییە، لەبۆ خەزاڵێ کیژی مەلانەبییە. بەڵانەکینێ ڕۆژی چارشەمە بەربووکیان هەناردییە، بارەکیان خەنە لەگەڵ بەربووکێ هەناردییە، تەشتەکیان خەنە لە ئاوێ کردییە. کەس نازانی فکری خەزاڵە شۆڕێ چییە یان چ نییە.

شەوی پێنجشەمە مەلای مەغریبێ ئیزهاری کردییە. عالەم وەختی نان خواردنێ خافڵایە کەس ئاگای لە کەس نییە، خەزاڵە شۆڕ دەست بوخچەکی هەڵگرتییە، لە پەنای چارداغێی حەشاردایە کەس ئاگای لێ نییە. دەیگۆتە ئەسمەری! ئەستییە! ڕابییە! خووبییە! دەچمە ماڵێ دەستە خوشکانم گەردەنیان پێ ئازا دەکەم نەکو زۆرم پێ بچێ نەیێمەوە باوەخوندییە.

بەو هەنجەتەی دەچتە ماڵێ دەستە خوشکانی بوخچەی لەسەر ملی دانابوو، دەستی بەدەلینگان هینابوو، کانیێ سۆراوان لە گۆڕێ تووان، لە هۆبە و عێلەساتی ماڵێ بابی خۆی مەلا نەبی بەدەرکەتییە.

لە کانیێ سۆراوان لە گۆڕێ تووان، لە عێل و عێلەساتی بابی خۆی هەموو بەجێ هێشتییە. شایی و لۆغان و بەزم و سەیرانی وەیسی ئەوە دەکوتی، شاییی حەفت شەو و حەفت ڕۆژییە. ئاگایان لە هەڵاتنی خەزاڵێ نییە. بەربووکیش لە ماڵێ مەلانەبی دانیشتییە، تەشتەکی خەنە لە ئاوێ کردییە. سبەینێ خەزاڵێ بکەنە بووك سواری بکەن لە ماینێ لەگ لەگی سپییە. بیبەنە خزمەت کاکە وەیسی وسووئاسکییە. کەس ئاگای لە کەس نییە، کەس لە دڵی کەسیش خەبەردار نییە، تێریش ئاگای لە برسی نییە.

پاش مەغریبێ ناوی خوای دەهینا خەزاڵە شۆڕم، داوودەلینگی هەڵکردییە. بە فرمێسکی چاوی جوانی دەیرژاندە سەر هەردوو ڕوومەتییە. نە مەلا نەبی نە محەمەدی برای نە زلێخی براژنینە هەر چار کارەکەر نە بەربووك، کەس ئاگای لێی نییە. ڕێی کەندێی گرتییە. لە ڕێی کانیێ سۆراوان گۆڕێ تووانی لادەدا لە بستیان بەسەرکەتییە. سێ سەعاتان ئەو نازدارە بە پێیان ڕۆیشتییە. بەشەکی

شەوێ دەرۆیی داخیل دەبوو بەشارەکەی هەریرێ بچیتەوە خزمەت خانزادە خاتوونێ خوشکێ سولەیمان بەگییە.

ئەوی ڕۆژێ خانزادیش حوکمی دەگێڕا لەدەشتی حاجی عومران و ڕەواندزێ هەتا دەگەیشتەوە قەمچووغەیێ موبارەك، شاری سولەیمانی، مووسڵ و زەهاوێ قەرەبۆت و قەرەبێتکان، کلکەی قەرەچووغێ، قەلاتی فەرعانی بە تەواوەتییە.

ئەمان دەورییە و عەسعەسان و تەتەران و خولامان چاویان دەکەت، بە ڕەشایەتییە. دەیانگۆت ئەو ڕەشایەتییە چییە؟ خانزادە خاتوونیان گازدەکرد، دەیانگۆت دەنگی ژنانە، دەنگی پیاوان نییە. چونکی خەزاڵیش دڵی بەغەمە کراسەکی شینکەی ڕەشی بەسەر ئەو جلکە جوانەیدا هێشتییە.

خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە، حەیفە لۆ لاسی ئەحمەد بەگییە، لە دەشتی هەریرێ لە توو دیار نییە، ئەتوو ببینی ئەو هالە بەغەریبییە. گەلی براینە! گەلی برادەرینە! ئەو ڕۆیشتنە سێ سەعاتی ڕابواردییە، ئەو ڕۆیشتنە بەسێ سەعاتی لەسەر تێ پەڕییە. دەگەیشتە بن قەسرێ خانزادێ دەیگۆ، ناوم خەزاڵە کیژێ مەلانەبییە. ئەمن لە ماڵێ بابێ خۆم هەلاتیمە بەلان ئەو قسەی ناکەم لەکن خانزادێ نەبی لەکن چ کەسی دییە. خانزادیش دەیگۆت ئەوە خەزاڵە دەزانم کیژێ مەلانەبییە. بابی وی قەدیمەلقەدیم هەر لەکن مە بووە و مەرداری مەیە و سەرکاری مەیە و ئەمان ئەمن بیستیتم، خەزاڵیش مارەکرایە لەجیاتی نۆ خینان لە وەیسییە. گەلی خزمەتکار و تەتەر و عەسعەسینە! لەنگۆ مەعلووم بی، خەزاڵ هەلاتییە ، هەلاتنی بەخۆڕایی نییە. دەبا بیبەمە هۆدەیێ سەرییە، چار قسەی لێ بپرسم، بەتەنیاییە، پیاوم لەکن نەمینی، بزانم مەخسەد و مرازی دڵی خەزاڵە شۆڕێ چییە یان نییە.

شەو تاریکە براینە، برادەرینە ئەوی دەوری خۆ کارەبا نییە. فانۆس و چرای ئەگەر پێ کردییە، مەجلیسی خانزادێ، هەمووی دانیشتییە. نیوەی شەرعە، نیوەی خولامە، نیوەی خزمەتکارە، نیوەی عەسعەسە، نیوەی تەتەرە، نیوەی تەگبیرکەرە، نیوەی مەلا و قورعان خینی دینداریییە. خانزادە خاتوونم ئەو

ئیشەی بیکردایە دەیکرد بەعەمری شەرعییە.

گەلی براینە! برادەرینە! مەجلیسی هەموو چۆل کردییە، دەیبردە هۆدەکی بەتاقی تەنێ، خەزالی دای دەنا لەبەرامبەری خۆی، قسەی گەلەك زۆری لێ پرسییە.

دەیگۆ سەر شینێ، سەر بەتالێ، بزانم بەو شەوەی کارت چییە؟

دەیگۆ خانزادێ هەریر و هەریر بەگییە، بەو خوایەی نامری لە ژۆری سەرییە، بەو قورعانەی سەر رانی مەلا نەبییە، بە قەبری سلێمان بەگییە. بە چاوی لاسی ئەحمەد بەگییە. دەیگۆ سەر شینێ سەر بەتالێ، دنیام هەمووی دیتییە، سولتان و پاشازادەم ناو هەموو بیستییە، ناوی کاکە لاسم ئەو جارە نەبی لە توو، نەزانییە.

دەیگۆ خانزادێ هەریر و هەریر بەگییە، روحی خەزالێت ببی بەقوربانییە، ئەگەر چاوت بکەوی بەلاسی ئەحمەد بەگییە، بەجێ دێلی تەختێ هەریر و هەریر بەگییە. دلت راناوەستی لەبۆ کاکە لاسییە. بەژنی داری سووسنییە، گەردەنی رێحانی کۆسرەتییە، سمێلی سۆری خورمەییە، لێوی قەیتانە روومەتی گول گولییە. سەر و مێزەری قەپلانییە. شان و رکێفی سلێمان بەگییە. شۆرە سواری وا لە دنیایێ هێشتان چاوت پێ نەکەتییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! وەکی خەزالە شۆری مەلانەبییە، ئەو قسەی دەگۆتە خانزادێ هەریر و هەریر بەگییە، خانزاد دەیگۆتە خەزالێ کیژێ مەلانەبییە، سەر و بابانت لە کوێنێدا رەش کردییە. خۆ ئەتوویان لە وەیسی وسووئاسکیان مارە کردیە. عەگیدەك رەشیدەکی وەکی وەیسی لەناو خەیلانیاندا نییە. ئەتوو لۆچی هەلخەلەتای بە قسەی هەتیمەکی کوردی شارەزوورییە؟

بەلان قەرار وابی ئەتوو نە دەمە دەست وەیسییە، ئەگەر بلێی وەیسی رادەکێشم ئێرە پەتی دەکەم بە زەبرێ سوارییە. مەلا نەبییش قۆلبەست دەکەم دەیهێنم دەیهاوێمە زیندانێ، هەتا دەمری سەری دەچیتە بن خاکییە، مادام ئەتوو

دەخالاتت بە من کردییە، حەزت لە کاکە لاسی ئەحمەد بەگی کردییە. خۆزیا بمزانیبووایە ئەو لاسە چییە؟

خەزاڵ دەڵێ، خاتوون خانزادێ هەریر و هەریر بەگییە، ئەو رووحەت ببی بەقوربانییە. خەزاڵت دابنیشی لەکن بە کارەکەرییە. ئەگەر چاوت بکەوی بەلاسی ئەحمەد بەگییە، تەختی هەریرێی لەبۆ بەجی دێڵی بە تەواوەتییە، ئەتووش دادەنیشی لەکنی بە کارەکەرییە.

وەکی خانزاد ئەو قسەی لە خەزاڵێ بیستییە، خۆی لە خەزاڵێ توورە کردییە. دەیگۆت، سەر شینێ، سەر بەتاڵێ، وەفا قەت لەکن ژنان نییە. ئەمن تەختی هەریرێ تەختی سولەیمان بەگی سۆران بەجێ نایێڵم لەبۆ لاسی ئەحمەد بەگییە. ئەمن ماڵ و مێردم لە خۆم حەرام کردییە، پاشی کوشتنی کاکم سولەیمان بەگی ڕەحمەتییە.

گەلی براینە! بەجێ بێڵم خەزاڵە شۆڕێ مەلانەبی لە خزمەت خانزادێ هەریر و هەریر بەگییە. کاکە لاسیش بەجی دێڵم لە ڕاوێ حەفت شەو و ڕۆژییە. دەچمەوە دوو کاکە وەیسی وسووکاسکییە.

هەتا نوێژی عیشایێ لە ماڵێ مەلانەبی دەبووە سەر و سۆراغە. ئەمان دەڵێن خەزاڵە شۆڕی بابان وێران لە ماڵێ چ دەستە خوشکانی دیار نییە.

هەر حەفت سەت ماڵی عێل و عێلەساتی خەیلانییان کردییە، بەڵان براینە! برادەرینە! خەزاڵە شۆڕیان چاو پێ نەکەتییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! کابرایەك دەهاتەوە ناوی محەممەدە، لە ڕێی هەریرێ دوو مەڕی لە مێگەلی بزر کردییە. ئەو کابرایە ناوی محەمەد بوو لە عێل و خزمی مەلا نەبییە. دوو مەڕی لە مێگەلی بەجێ دەما دەچوو مەڕەکانی بینتەوە لە کانیێ سۆراوان لە گۆڕێ تووان لە ترسی گورگییە. دەیگۆ، گەلی براینە! گەلی برادەرینە! ئەنگۆ مەیکەنە هاوار و ڕۆڕۆ لە ناو قەومییە. ئەمن ڕەشایەتییەکم چاو پێ کەتییە، پاشی نوێژی مەغریبێ، بەڵان ڕووی خۆی کردیتەوە دەشتێ هەریر بەگییە. ئەو ڕەشایەتییەم باش نەناسییە. ڕووی خۆی

کردیتەوە دەشتێ هەریر و هەریر بەگییە. ئەمن ئەگەر بزانم ئەو ڕەشایەتییە خەزاڵە هەڵاتییە کیژێ مەلا نەبییە.

قسە هەر ئەوەندە بکەویتە زارەکی دەکەویتە شارەکی. ئەو قسانە دەگاتە، دوو زمان گەلەك زۆرن ئەو قسەیان دەگەیاندە خزمەت وەیسییە.

وەیسی غەزەبی هەڵگرتییە، شیری شامیسری لە کالانی دەردەهینا ڕای دەگرت بە ڕووتییە. ڕمی هەژدەگەی گورگانیی لە عەرزی چەقاندییە. گازی چاو شووشە و چڵکن چاوڕەشی مامی کردییە. دەیگۆ سوارەکم لۆ سوار کەن بە گورجییە، بگاتەوە کن ماڵێ مەلا نەبییە، بزانی ئەو قسەیە ڕاستە یان درۆییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! قاسیدەکیان سوار دەکرد ناوی ئەحمەدە پیاوی کاکە وەیسییە. وەکی دەهات بەربووك لە ماڵێ دانیشتییە و ماڵێ مەلا نەبی کەس قسە ناکا، قەوم و کەسی مەلا نەبی دەورەیان لە مەلا نەبی دایە هەمووی دانیشتن بە بێدەنگییە.

مەلا نەبی دەیگۆتە ئەحمەدی پیاوی وەیسییە، بڕۆ سەلامەکی بکە لە وەیسییە. شایی و سەیرانی تێك بدەم یان سبەینێ دووسەت سواران بنێرم لە دوو خەزاڵێ مەلانەبییە؟

مەلانەبی دەیگۆتە ئەحمەدی پیاوی وەیسییە، بڕۆ سەلامەکی بکە لە وەیسییە. سێ ڕۆژان مۆڵەتم بدا سەبرم لێ بگری بێ قەیدییە. خەزاڵە شۆڕ دڵم عێجز کردییە، نازانم ڕووی لە کێندەرێ کردییە. ئەگەر شایی و لۆغانیش تێك دەدا، ئەوەش پرسیارەکی دییە. ئەگەر شایی و سەیران تێك دەدا، ئەوەش کەیفی خۆیتی، ئیشی من نییە ئیشی وییە.

قاسیدیش بەربووکی لەگەڵ خۆی هەڵگرتییە. خەنەیان لەناو ئاوێ ڕێشتییە. شایی و سەیرانی وەیسی بەتاڵ کردییە. غەزەبی گرتییە لەڕکان و لە خەفەتان هەردوو لێوی خۆی کرۆشتییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! لە خەفەتان وەیسی لێوی خۆی کرۆشتییە. بەڵانەکینێ گازی چڵکن چاوڕەشی مامی کردییە.

بـەسـەردار عـەشرەت و هـۆزانـی گـۆتـییـە، خـەزاڵ گـەلـەك نـەخـۆشـە، ئـەو شایـی و سەیرانـەی تێك دەدا، کاکە وەیسی ڕۆژ لـە کۆسرەتی هـەڵاتییە، سبـەینـێ لـەگـەڵ نوێژی سبیـانـێ ئـەسپی زین کردییـە. ئـەحمـەد و چـاو شووشـە و چڵکن چاوڕەشی لـەگەڵ خۆی هـەڵگرتییـە. یـان خـەزاڵم دەوێ هـەتـا سێ ڕۆژی دییـە. بێتـە بـەر مـاڵێ ببیتـە ژن و هـاوسـەرم بـە حـەڵاڵییـە. ئـەو ئـاین و ئۆێـنـانـە لـەکنـە من نییـە، ئـەو جـارە سـەرت دەکـەم بـە قوربـانـی شیرێ شامیسرییـە.

ئـەو کابرایـەی ناوی محـەمـەدە، دوو مـەڕی بزر کردییـە، باشی لـە مـەلا نـەبی گەیـاندییـە. دەیگۆ خـەزاڵ دەست بوخچەکی پێ بوو، تـازە بـاشم ناسی، ئـەمـان تـاریکـاتی گەیشتبوو سـەر عـەردییـە، شـەرمم کرد گـاسی کـەم خـەزاڵێ مـەلا نـەییـە، ڕێت لـە چ لایـەکییـە و ڕووت لـە کێندەرێ کردییـە. مـەعلوومت بی خـەزاڵـە شۆڕێ کیژت ڕووی لـەکن خانزادێ خوشکی سولـەیمـان بـەگی کردییـە.

ئـەوجـار مـەلا نـەبی، هـەنگینێ تێی گەیشتییـە زانیی قسـەی کـەرکـانـە کـەچـەڵـی ڕاستـە و درۆ نییـە. لاسی ئـەحمـەد بـەگی هـاتییـە، پـەیمـانـی لـەگـەڵ بـەستییـە، شـەرت و قراری لـەگەڵ گرتییـە، بیست و یـەك ڕۆژی دیکـە بێتن بیبـا بـەزەبرێ شیری شـامـیسریـیـە. سـەری وەیسیـیش ببـڕیتن وەکـی کـاریـیـە. خـەزاڵـە شۆڕیش ببـاتـن مـارەی بکـاتن بـە شـەرعێ محـەمـەدی و بـە حـەڵاڵییـە.

ئـەگـەر مـەلانـەبی سێ ڕۆژی ڕوخسـەت لـە کـاکـە وەیسی خواستییـە، تـەگبیرەکی دەکـا، لـەگەڵ ئیختیـارێ هۆز و عێلییـە. دەیگۆ بـە چ ڕووەکی بچمـە کن خـانزادێ، هـەریر بـەگییـە. سیلاحم دەشکێنی نـامووسم دەبـا، ئـابڕووم دەبـا لـەنـاو عێل و عێلـەساتی خـەیلانییـە.

بـەڵان خـەزاڵـە شۆڕ ئـەوێ شـەوێی خـەو لـە چـاوی نـەکـەتییـە. سبـەینـێ ڕۆژهـەڵات گـەلـەك دڵی عێجز بوو، دەکـەتـە سێ و دووە. دەیگۆتـە خـانزادێ دەچمـە سـەر کـانیێ، دڵم گـەلـەك عێجزە، دڵم گـەلـەك مـاندییـە.

دەیگۆ کیژێ بـابـان وێران! ئـەوشۆ لـەخـەفـەتی لاسی خـەوت لێ نـەکـەتییـە. داخوا چ هـەتـیـمـەکـی دەوڕووتـەی کـوردی شـارەزووریـیـە. ئـەتـوو لـۆ نـایـەی بتـدەمـە

وەیسییە، عێلەکی لەبن دەستییە، حەفسەت ماڵی خەیلانییە. ڕم وەشێنە، شیر وەشێنە، عەگیدە لەناو چاردە عەشیرەتان تاکی نییە.

دەیگۆ ڕاستیت پێ بڵێم بە دۆغرییە، دڵم لەسەر کاکە وەیسی ڕەشە و دڵم قەراری لەگەڵ وی نییە. شەرت و قەراری لەگەڵ نابەستم قەت نابینە حەڵاڵ و هاوسەرییە. هەستی دڵی من کاکە لاسی گرتییە، دڵی کاکە لاسیش ئەمنی گرتییە. شەرت و قەرارم لەگەڵی بەستییە، هەتا ئەوێ ڕۆژێ سەرم دەچیتە بن خاکییە، یان ئەمن دەمرم یان خەزاڵیش لەبۆ کاکە لاسییە.

لەخۆم دڵ کولێ، لەخۆم مەجبوورێ. خاتوونە خانزاد ئاگات لە دڵی من نییە، کەس نییە جوابەکی پێدا بنێرم بە شەرت و پەیمان هەبی لەبۆ دەشتی شارەزووری.

بەڵان خانزادێ لەسەر کورسیی خۆی دانیشتییە. حوکمی خۆی دەگێڕا و حوکمی وەرگرتییە. گوێی لە داد و لە شەرع و لە فیغانێ ڕاگرتییە. خەزاڵیش دەیگۆتە خانزادێ هەریر بەگییە، دەچمەوە سەر کانیێ عەیشێ حوسێن بەگی بەجارەکی بە تەمامییە. ئەو کانیی عەیشێ حوسێن بەگی، سولەیمان بەگ لەبۆ عەیشێ حوسێن بەگی خۆشی کردییە. هەموو کەس ناچتە سەر ئەوێ کانیێ، ئەوەی نەبیتە مێوانی خانزادێ هەریر بەگییە.

دەوریان گوڵ و ڕێحانیان لێ چەقاندییە، چەند تاتە بەردیان لۆ نوێژێ خۆش کردییە. ئەو کانییە ئاوی لە چیای هەریرێ دیتە خوارێ بەعەینی دەڵێی چاوی قرژاڵە و چاوی مارییە.

سیبەری داران فێنکیی بوهاران، گوڵی ئەشرەفی، حاجیلە و نێرگز و بەیبوون و دەزیدانە و شلێر و گوڵە مێلاقە سێبەری لەو کانییەی کردییە.

ئەمان دڵی گەلەك گەلەك عێجزە خاتوونە خەزاڵم، ڕووی خۆی دەداوە سەر کانییە. ئەمان زۆر دوور نییە لە قەڵاتی خانزادێ، نەیزانی ئەوێ ڕۆژێش مەلا نەبی، دوو سواری لەگەڵ خۆی هەڵگرتییە، دێ دەخالەت دەکا بە خانزادێ هەریر و هەریر بەگییە، نە خەزاڵ بابی دیتییە، نە بابیشی، مەلا نەبی چاوی لەو دەمی

بە خەزاڵێ کەتییە.

خەزاڵە شۆڕێ مەلانەبییە، لەبەر عێجزیی دڵییە، دەهات دادەنیشت لەسەر کانییە. تێر بەهەردوو چاوان فرمێسکی باراندییە. فەقێیەکی ناو محەمەدی چاو پێ کەتییە، دەوری دەکردەوە لە دەورە و پشتی کانییە.

دەیگۆ، کاکە فەقی ناوت چییە؟

دەیگۆ، خاتوون ناوم محەمەدە، دەخوینم کتێبێ شەرعییە.

دەیگۆ، ئەو ڕووحەت ببی بەقوربانییە، وەرە کاغەزەکم لۆ بنووسە، بکە ڕاهی خوای و پێغەمبەرییە، لۆ دەشتی شارەزووریٚ لۆ خۆشەویستەکەی من کاکە لاسی ئەحمەد بەگی شارەزوورییە. بەگزادەیێ جافییە، کوڕی خەجیج خانێ عارەبییە.

فەقێ دەیگۆت بەسەرچاوان، هیچ قیمەتی نییە. ئەوە ئیشەکە ئیشی شەڕ نییە، دیارە ئیشی خێرییە. ئەمان ناوت نازانم، نازدار ناوت چییە؟

گۆتی ناوم خەزاڵە کیژێ مەلا نەبییە.

گۆتی چ بنووسم ئەی نازدارە چاوبەنگییە؟

خەزاڵ دەڵێ، بنووسە، سەلام بی لە کاکە لاسییە. ئەو ڕووحەی ببی بە قوربانییە. شایی و لۆغانم بە وەیسی بەتاڵ کردییە. خەنەی بووکێنیم لەئاوێ کردییە، بە بەربووکم ئەو خەنە ڕێشتییە. دوو شەو و ڕۆژە ئەمن کەتیمە بە کارەکەرییە لەکن خانزادێ هەریر بەگییە. زۆر لەبۆ وی ناپیاوەتییە و بێ شەرتیی لەگەڵ من کردییە. هەوای شارەزووریێ لەسەری دایە، لە پێش چاوی ناکەوی تەختی پاشایەتییە. ئەدی ئەوێ ڕۆژێی بەبیرنایێ وەکی سینگ و مەمکی منی گۆواندییە بە پەنجەی شمشاڵییە. وەکی سینگێ خۆم دەگێڕا لەسەر جۆتە سێوی تەورێزییە.

ئەدی ئەوی سەعاتی بەبیر نایێ وەکی دەستی خۆی دەهاوێشتمە سەر هەر دوو ملییە، بۆنی دەکرد خاڵ و خومری گەردەنێ، چاوی خۆم هەردووك دەهاوێشتە سەریەکدییە. ئەنگوستیلەی زیوم بەدیاری لە دەستی دیتییە.

پەرچەمی تاوسیمی بۆن کردییە. مابەینی من و وی عالەم پێی زانییە حەفسەت ماڵی خەیلانییە. وەیسی وسووئاسکییە دەستی بەشەڕێ کردییە لەگەڵ بابییە. ئەمان نازانم دەردی دڵداریی من و توو تەگبیری چییە؟

ئەگەر نێیە دووم، ئەمن نەینییە دەرێ لەو گەرداوەی، دیارە مووی پیاوان لە توو نەهاتییە. شەرت و پەیمانت هەمووی درۆیە، هیچیشت ڕاست نییە.

زۆر عەیب و زۆر مخابنە لۆ کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، ئەمنی لەبن قەرە ڕەشماڵێ لەبیر کردییە. ئەمنی لەبن قەرە ڕەشماڵێ مەلا نەبی لەبیر کردییە. ئەمنی کردە دوژمن لەگەڵ باب و برایان، لەگەڵ وەیسییە.

خانزادیش لەو کارەساتەی مە تێ گەیشتییە. بەڵان خانزاد ئەتووی نەدیتییە. قەشمەری بە قسەی من دێ، دەڵێ کاکە لاس هەتیمەکی کوردی شارەزووریيە و خوێڕییە.

ئەگەر هاتی وەرە بەتەدارەکی سواری و شەڕییە. خانزادی سۆران بەشکو ئەتوو ببینی لە دڵی نابیتە دیدار عەزرەتییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! ئەو ناو محەمەدە، قاغەزی تەواو کردییە. لە ترسان بە گورجی ڕۆیشتییە. وەی زانی، خانزاد لۆ کن خەزاڵێ هاتییە. چونکی عالەم ترسی لە خانزادێ گەلەك پەیا کردییە. لەو ڕۆژەی خانزاد وەکی لەشکریی کوشتییە، قەتعییەن بلێی ویژدانی لەکن نەمایە، ڕەحمی لەسەری ڕۆیشتییە. گەلەك بێ بەختە، ئەمان ئەو ئیشەی بکا، خانزاد دەیکا بە ئەمری شەرعییە.

خشپەی پێی دەهات، وەی زانی خانزادە لۆ کن خەزاڵێ هاتییە، نەیدەزانی کابرایەکی بارگینەکی بزرکردییە. دوو بارگینی هەبوو، یەکی هەڵاتییە بزری کردییە. ئەو دوو بارگینەی لەبن جۆتییە، جۆتی ڕاوەستایە. دەگەڕێ لە دەو جۆگەی هەریرێ، دەیزانی کانییە عەیشێ حوسێن بەگییە. خەزاڵ لەسەر کانییە دانیشتییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! خەزاڵ دەیگۆتە ئەو ئیختیارەی مامە بە

قوربانت بم، ناویٚ توو چییە؟

دەیگۆ، خوشکێ برای کەسی بابی، ناوی من کەریمی سوورچییە. ئەوڕۆ دوو ڕۆژە بارگینەکم بزرکردییە. هەرچەندی لێی دەگەڕێم، لەمن دیار نییە.

دەیگۆت، مامەکەی خۆم، کەریمی سوورچییە، قاغەزەکم پێیە گەلەك بە درەنگییە. قاغەزەکم پێیە ئەو قاغەزە گەلەك بە تالووکەیە و بە درەنگییە. ئەگەر ئەو کاغەزەم لۆ ببەیە دەشتێ شارەزووریٚ خزمەت کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، لەجیاتی ئەو بارگینەی لۆت دەنووسم، بداتە ئەو قاسیدەی ماینەکی لە نەتەوەی شێخەزاڵی بە جوانییە.

کەریمی سوورچییە وەکی تێ فکرییە، بارگین، دوو لیران ناکا، بەبێ ئەمیەتییە. ماینی شێخەزاڵ بە جوانییە قیمەتی دووسەت لیرەی زەمانییە. شێخەزاڵیش لەو مەملەکەتە نییە، لەکن ماڵێ لاسی نەبی لەکن چ عاشیرەتان بەدەست ناکەوی، بەبێ قەیدییە.

بەڵان خەزاڵە شۆڕیٚ مەلا نەبییە، هەردوو دەستی کەریمی سوورچیی ماچ کردییە.

کەریمی سوورچییە، کاغەزی دادەنا بەر سەرییە. دەشتی هەریرێی بەجێ هێشتییە، وەکی کلاوی بابردییە. لە هەورازان ڕۆیشتییە، لە نشێوان بەغار تێ پەڕییە. حەفت شەو و حەفت ڕۆژان ڕووی دەکردە مەملەکەتێ شارەزوورییە، دیوەخانی کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە.

ئەمان خەزاڵ دەیگۆ، ڕۆحم ببی بەقوربانییە، ئەو کاغەزەی ئەگەر نەدەیە دەست کاکە لاسییە، نێڵی پێ بزانی چ شتاقە بەشەری سەرعەردییە.

ئەوجار بەدڵەکی بەخەم خاتوون خەزاڵم سەرکانیی عەیشێ حسێن بەگی ماشووقەی سولەیمان بەگی بەجێ هێشتییە، ڕووی لە قەڵاتی خانزادێ کردییە. دەچۆوە لاو و دیوەخانێ چاوی بڵند کردییە. تەماشای کردییە مەلا نەبی لە دیوەخانێ ڕۆیشتییە.

خەزاڵ دەچوو دەستی بابی ماچ کردییە.

خانزاد سوندی لە مەلا نەبی خواردییە، دەیگۆ بەو خوایەی نامری ئەبەدییە، بەو قورعانەی لۆ محەمەدی بە خەڵات هاتییە، بەو سوڵتان عەوڵای عارەبییە، بەو حوسێنی غازییە، بە شێخ گەزنە و شێخ ئەستییە، بەو شێخە لاسی باڵەکییە، ئەگەر خەزاڵێ بدەیە وەیسییە، لەپێش شاری هەریرێ شەقت دەکەم بەشیری شامیسرییە. هەتا وەکینێ لاسی ئەحمەد بەگی نەیێتە دەشتێ هەریرێ، گۆڕێ تووان کانیێ سۆراوان، چاوی نەکەوی بەچاوی خەزاڵە شۆڕێ چاوبەنگییە.

وەرە قورعانێ سێ جاران لەبۆ من بخۆ بە تەمامییە، هەنگینێ دڵنیا دەبم، خەزاڵت دەدەمەوە بەڕاستییە.

مەلا نەبی سێ جاری قورعان لەبۆ خانزادێ خواردییە، دەستی خانزادێی ماچ کردییە، هەنگینێ، خەزاڵە شۆڕی دەناردەوە لەگەڵ بابییە.

بەڵان براینە! برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! خانزادیش کاکە لاس ئەشقی دڵداری دڵی خانزادێی بڕییە. هێشتا کاکە لاسی بەچاو نەدیتییە. لەو باس و خواسەی وەکی لە خەزاڵێی بیستییە، هەموو ڕۆژێ دڵی خانزادێ سێ و دووی کردییە، دوو سواری لەسەر ڕێیە ڕاگرتییە. دەیزانی ئەو ڕێیە هەریرێیە کاکە لاسیش بەو ڕێیەی دادێ دەچێتە خزمەت خەزاڵێ مەلا نەبییە. بەڵان خانزاد نازانی خەزاڵ کاغەزی لەبۆ لاسی ئەحمەد بەگی هەناردییە.

ئەوێ ڕۆژێ مەلا نەبی بە سوارییە، خەزاڵی هاویشتە پشتە خۆی بردیەوە ماڵێ بە سەلامەتییە. کاغەزی وەیسی لەبۆ مەلانەبی هاتییە. بەرمەیدانی شەڕی دامەزراندنییە. ئەوبەر و ئەوبەری کەندێیە، ئەوان لە گۆڕێ تووان، ئەوانیش لەبن گردێ سپییە. ماڵێ مەلا نەبییە لە گۆڕێ تووانن، ماڵێ وەیسی و سووئاسکیش لەبن گردێ سپییە. ئەوبەر و ئەوبەر خەندەکیان لێ دەدا، تەماشای یەکدییان کردییە. شەڕ بە تفەنگان نییە، شەڕ بە شیران نییە، شەڕ بە تیر و کەوانییە و بە بێدەنگییە.

مەڕ و مالاتی وان نایێتە گۆڕێ تووان. مەڕ و ماڵێ مەلا نەبیش ناچیتەوە بن

گردیٚ سپییە. شەڕ لەسەر خەزاڵیٚ چاوبەڵەکە. کاکە لاسیش لە مەیدانیٚ دیار نییە.

ئەگەر قاسیدیش ناوی کەریمی سوورچییە. ئەو کاغەزەی گەلەك گەلەك هەڵگرتییە. چونکی گفتی پیٚ دایە لە کاغەزی نووسییە ئەوی ئەو کاغەزەت لۆ بینی بە تەواوەتییە، دەبی خەلاٚتی بکەی بیدەیە ماینەکی لە نەتەوەی شیٚخەزاڵی بە جوانییە. دەبی بیٚیە دوو جواب و سوابیٚ خەزاڵە شۆڕیٚ، سەری سیٚ ڕۆژانە لەکن خانزادی هەریریٚ، بە کارەکەری کەتییە. باسی ئاشقی من و توو دنیا پیٚی زانییە، عیٚل و عاشیرەتان زانییە. ئەمان خانزادی هەریریٚ لەو کارەساتەش ئاگاداریی هەیە و ئاگای لیٚ بییە. خانزادی هەریریٚ لە ئیشی من و توو باش تیٚ گەیشتییە.

گەلی برایـنە! گەلی برادەرینە! گەلی دۆستینە! گەلی خزمینە! کەریمی سوورچییە گەلەك ماندییە، گەلەك شەقییە، گەلەکی کیٚو و دەشت و چول و بیابان بڕییە. ڕووی دەکردەوە قەلاٚتی شارەزووریٚ، دیوەخانی کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە. سەیری دەکرد دیوەخان چۆلە تیٚیدایە سەعیدی قاوەچییە. سەلامەکی سەرسەلامانی لیٚ کردییە.

دەیگۆ چاوم بە کاکە لاسی نەکەتییە، نازانم ڕەنگی کاکە لاسی کووە، بەگزادەیە، میرە، پاشایە. دەیگۆ، نازانم کاکە لاس بەگزادەیە، میرە، پاشایە، عەگیدە، میریٚ جافییە؟

بەڵاٚن سەعیدی قاوەچییە دەیگۆ قاسید ناوت چییە؟

دەیگۆ، ناوم کەریمی سووورچییە.

دەیگۆ، جیٚ و ڕیٚت کیٚندەریٚیە؟ دەیگۆ مەملەکەتی هەریر و هەریر بەگییە. دەیگۆ دەزانم قاسیدی، قاسیدی خەزاڵیٚ کیژی مەلا نەبییە.

کەریمی سوورچی دەیگۆ، عافەریم کاکی قاوەچییە. باشت زانییە. بەڵاٚن پیشانم بدە کاکە لاسم، بەژن و بالاٚی کووە و ڕەنگی چییە؟

دەیگۆ، بابەکەی بابم کاکە لاسم ئەوڕۆ لە ڕاووشکاریٚیە، سبەینیٚ ڕاوی حەفت

شەو و حەفت ڕۆژەی تەواو دەبی، دێتەوە بە سەلامەتییە.

سەعیدی قاوەچییە، دەیگۆتە کەریمی سوورچییە، ئەگەر بچیەوە دەشتی بەکراوەی، سەری قەشانێ، بان قەڵای کویستانی مەریوانێ، کاکە لاس لەوێیە. حەفسەت سوار و پێنسەت نۆکەر و شەشسەت خولامی لەگەڵ خۆی بردییە. خیوەتی ڕەنگاوڕەنگ و نان و خواردەمەنیی حەفت شەو و حەفت ڕۆژی لەگەڵ خۆی هەڵگرتییە. نە ئاگای لە مەحموودی بێ زەواڵە، خەزاڵە شۆڕی مەلا نەبییانی لەبیر کردییە.

کەریم دەڵێ کاکە لاس ڕەنگی کووە؟

گۆتی، بەژنی باریکە داری حەیزەرانییە. سمێڵی زەردی سووسنییە. پەنجەی لۆ قەڵەم و قەڵەم بازییە. شاڵی کرمانی لە پشتییە، سەڵتەی ماهووتی لە بەرییە. سوخمەی تەورێزی لە بنییە. ئەنگوچکی سپیی مسقاڵ بەگییە، دوازدە قەف لەسەر عەردییە. شەرواڵی پێی شفتەلییە ماهوتییە. عەگالەکی بە سیمی چارقورنەی تەلعەفەریی لەسەرییە. لەبن ئەو عەگالەکی زەردی ئاوریشمی دیاربەکرییە. چەکمەکی زەردی عامووديی لە پێی خۆی کردییە. لەبەریدایە زرێی داودییە، دووربینی شاری ورمێی لەمل کردییە. شیری شامیسریی حەمایل کردییە، دەسکی ئەو شیرەی لە زێڕییە. ڕمی هەژدەگەی گورگانییە. خەنجەری نێرۆییی لەبەر پشتییە، ئەو خەنجەرە نۆ گۆی لە زێڕی زەمانییە. جاحێڵەکی گەلەك بەشەوکەتە هێشتان بای سەر دنیای بەتاڵی پێ نەکەتییە. بەڵان مەعلوومە ئاشقی بەژنی خەزاڵێ مەلانەبییە. بەڵان ئەوەندەی ماندیەتیی دیتییە، نۆ شەو و نۆ ڕۆژان بە دەروێشی هاتییە، خەزاڵی بابان وێرانی ئەوڕۆکە لەبیر کردییە.

گۆتی ئەو ڕۆحەت ببی بە قوربانییە، ڕێی دەشتی بەکراوە و سەری قەشان و بنەبنەی مەریوانێم پێ نیشان بدە، لە چ عەردییە. کاغەزم گەلەك بە تالووکەیە، ئەگەر نەیدەمە دەست کاکە لاسی نایدەمە دەست چ عەبدەکی سەر عەردییە.

سەعید قاوەچییە بە دڵەکی گەلەك بەغەم ڕێی ڕاوی کاکە لاسی نیشان دەدا بە

کەریمی سوورچییە.

کەریمی سوورچی غاری دەدا، دەتگۆ کڵاوی بابردییە. هەتا دەگەیشتە دەشتی بەکراوەی، چونکی کاکە لاس ڕۆژی حەفتەم بوو بەرەو شارەزوور دەهاتەوە بەبێ قەیدییە.

چاوی پێ کەت بە دەشتی بەکراوەی، بوهارە گیا لە عەردییە. سووسنی سەر قەڵا و مەریوانێ پشکوتییە. نەسرین و گوڵ و گوڵزاری کانییان سەری خۆیان بەدەر پێخستییە. کیژ و کاڵی مامەشان و جافان و عاشیرەتان و بەگزادان دەشت و کێویان داگیرکردییە.

کاکە لاسیشم سوار و سەرکردە و خولام و خزمەتکاری پەرت و بڵاوەی پێ کردییە. نوێژی نیوڕانێیە مەلا زاهیری کردییە. هەندەکی نانخۆرە، هەندەکی نوێژکەرە، هەندەکیش نووستییە. خولامەکی ڕاوەستایە، ئەو خولامە ڕمەکی درێژی بەدەستەوە گرتییە. لە قاسیدی خوڕییە: کوڕە کابرای گەرمێنی کارت بێرە چییە؟ لە بەرگ و ئەلبیسە و ئەسپابت دیارە زمانت هەریرییە. دیارە ئیشت بە کاکە لاسی ئەحمەد بەگی هەیە، قاسیدی کێی پێم بڵێ بە ڕاستییە. کاکە لاس سەعاتەکە خەوی لێ کەتییە، ڕەزامەندیی لەسەر نییە کەس قسەی لەگەڵ بکا، هەتا لە خەوێ هەڵنەستیتن بەبێدەنگییە.

دەڵێ کەریمی سوورچییە دەیگۆتە، عەگیدی کاکە لاسییە. بکە بۆ خاتری خوای و پێغەمبەری ئاخری زەمانییە. دەیگۆتە ئەو عەگیدەی کاکە لاسییە، بکە لۆ خاتری خوای و پێغەمبەری ئاخری زەمانییە. ماڵ و منداڵم چەند ڕۆژە بەجێ هێشتییە. بارگینەکم بزر کردییە. لەسەر کانێی هەریرێ خەزاڵێ، مەلا نەبییان ئەو کاغەزەی بە من سپاردییە. ئەو کاغەزەش نادەمە دەست چ عەبدەکی لەسەر ڕووی عەردییە، ئەگەر نەیدەمە کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە. هەڵی بستێنە بڵێ ناوی ئەو قاسیدەی کەریمی سوورچییە. کاغەزی خەزاڵێی بۆ هینای لە هەریرێ کیژی مەلا نەبییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی دۆستینە! گەلی خزمینە! وەکی کاکە لاسی

ماڵ ویرانی لە خەویّ هەڵستاندییە، کاکە لاس هەردوو چاوی لەبەر خەویّ سوّر بووە، دەماری دەسوورِا بەبیّ قەیدییە. ناوی خەزاڵێی دەهاتە گویّی بە دەو لیّی بیستییە.

دەیگوّ قاسید بەقوربانت بم، ناوت چییە؟

دەیگوّ ناوم کەریمی سوورچییە، کاغەزی خەزاڵە شوّرِیم لوّت هینایە، کیژی مەلا نەبییە.

کاکە لاس دەیکیّشا، بەسەری خوّیدا بەهەردوو دەستان دەیدا لە تەوقی سەرییە. تەزییەکی لە بن پیّی هاتە دەریّ دەچووە دەریّ لە کەللەی سەرییە. هیچ فکر و هوّشی لەکن نەدەما، لەبن خێوەتی رەنگاورەنگ دەکەت بەبیّ هوّشییە. خولاّم و خزمەتکار دەورەیان گرتییە، بوّسوّیان دەداوە بەر کەپوّی بەخوّی دەهاتەوە دەیگوّ گەلی خولاّمینە! گەلی دەفتەرداریننە! گەلی ئەمیندارینە! ئەمن هوّشم لەکنە خوّم نییە. بەلاّن توخوا بدەنە ئەو قاسیدەی ماینەکی لە نەتەوەی شێخەزاڵی بە جوانییە. راووشکاریش بەتاڵ بکەن چی دیکە راووشکار نییە. کاغەزی خەزاڵە شوّرِیم لوّ هاتییە! کیژیّ مەلا نەبییە. قاسید ئەتوو برِوّ سوار بە لە شێخەزاڵی خەبەری بدیّ بە درەنگییە، بلّیّ کاکە لاس ئەگەر لایەکی رِدێنی تاشی بی لایەکی، دیکەی هیّلاّبی، بەبیّ قەیدییە. شەرت بیگەمیّ لە مەملەکەتی هەریر بەگییە. ئەگەر نەمهینا بەزەبریّ شیرییە، بە زەبریّ ماڵییە، بزانی کاکە لاس غیرەتی نییە، مووی پیاوانی لیّ نەهاتییە.

ئەمان بیّ شەرت و بیّ وەفا دەرچوویمە لەگەڵ خەزاڵێی مەلا نەبییە. ئەو وەعدەی دایتم ئەورِوّ نوّ رِوّژە لە وەعدەی تیّ پەرِییە.

بەلاّن، برا توخوا پیّم بلّیّ خەزاڵە شوّرِت دیتبوو لە کێندەریّت بەجیّ هیّشتییە.

گوّتی میری گرانم، کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، لەسەر کانییە عەیشیّ حوسیّن بەگان لە هەریریّ لە خزمەت خانزادیّم بەجیّ هیّشتییە.

کاکە لاس دەڵیّ، مادام ئەوهایە، سەفەری من لە بوّ هەریریّیە لوّ کن خانزادیّ هەریر بەگییە. ئەمان دەچم، بە بەرگی شەرِییە. پرسیاریش دەکەم لە دایکم بزانم

لەگەڵ خۆم خزمەتکار و خولام و نۆکەران ببەم، یانەوەکینێ بڕۆم بەتاقە سوارییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! وەکی کاغەزی تەماشا کردییە، ناوی خەزاڵێی چاو پێ کەتییە. دەیگۆ سەلامەکی سەر سەلامان بی لە کاکە لاسییە، ئەو رووحەی منی ببی بەقوربانییە. لۆچی ئەوەندە بێ شەرت و بێ پەیمانە دەرچوو، ئەمنی لەبیر کردییە؟ ئەوێ رۆژێی بەبیر نایێ وەکی لەبن رەشماڵێ ئەمنی لە باوشی دەکرد بیست و چار ماچی لە گەردەنی زەردی من وەرگرتییە، سەری مەلا نەبی و وەیسیم دەکرد بە قوربانی سەرییە؟ ئەوێ رۆژێی لەبیر چوو وەکی دام دەپۆشی بەبیست و چار کەزییە، دەیمژی وەکی شەکرێ لە شارییە؟ ئەوێ رۆژێی بەبیر نایێ، ئەوێ شەوێ وەکی دەستی خۆی لەناو سینگ و مەمکی من دەگێڕا، سینگم دەکردە باژێڕی هەولێرە، مەمکیشم لەبۆ وی دەکردە سێوی خەلاتی؟ ئەوێ رۆژێی بەبیر نایێ وەکی هەردوو دەستی دەهاوێشتە سەر شاملێ بە کەزییە، وەکی حەڵاڵ و هاوسەرییە، هەتا فەجری بەیانی ئەمنی لە باوشی خۆی گەوزاندییە؟

ئەلعانیش ئابروو و ناموس و حەیای منی بردییە، لەناو عێلەساتی خەیلانیان هیچ رووم نییە. قسەم لەگەڵ کەس پێ ناکرێ، هەتا لەگەڵ کارەکەران بەبێ قەیدییە. وەیسییش بەزم و رەزمی شەڕی دامەزراندییە لەگەڵ مەلانەبییە. ئەمنیش ئەلعان لەکن خانزادێمە کەتیمە هەر بە کارەکەرییە. لەو کارەساتە و دڵدارییەی من و توو، کاکە لاس لە توو مەعلووم بی، خانزادیش تێ گەیشتییە. ئەگەر نەیە دووم نەمبەی بە حەڵاڵییە، مووی پیاوان لەتوو نەهاتییە، قەرار وایە دیارە ئەتوو هیچ غیرەتت نییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! وەکی کاکە لاس، قاغەزی ئەو سەرەوسەر پێ کردییە، بەڵان لە پشتی کاغەزێی بەدوایی نووسییە، کاکە لاس سەلامت لێ بی، رووحی منت ببی بەقوربانییە. سەری وەیسی و مەلانەبیت دەکەم بەقوربانێ سەرییە. هەر دوو لێوە سۆرەکانت ماچ دەکەم، بە

کەیفێ دڵییە. ئەمان توخوا بدە ئەو قاسیدەی ماینەکی لە نەتەوەی شێخەزاڵێ بە جوانییە. ناوی ئەو قاسیدەش مەعلوومە بزانە، ناوی کەریمی سوورچییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، ڕاووشکاری بەتاڵ کردییە. گاسی ئەمیندار و پیاوان و خولام و خزمەتکار و نۆکەرانی کردییە. دەیگۆ لۆ من زین بکەن شێخەزاڵییە، بکەومە سەر پشتییە. کاغەزی کچەتیوە خەزاڵم لۆ هاتییە. ئاگام لە ڕاووشکارێ نییە. ئاگام لە تەختی شارەزوورێ نییە.

ئەمان خولامەکی گاز دەکرد بە توندییە، زینی قەزەلییە، لغاوی مرواریییە، ڕکێفی حەوێزییە، دەیهاویشتە سەر پشتی شینکەی شێخەزاڵییە. کاکە لاسم هۆش و فکری لەکنە خۆی نییە. پێی لە ڕکێفی دەنا دەچووە سەر خانێ زینییە. هەر دوو گوێ و کلکی وەکی یەك ڕاگرتییە. دەتگۆ باڵدارە فڕییە، دەتگۆ تەیرە لە عاسمانێ هاژەهاژی کردییە. شێخەزاڵیش ڕەسەنە لە ماین و نەتەوەی ماڵێ شێخ حمموودی شێخ خەلیفەیە، بابی خەجیج خانێ عارەبییە. شیخ حموود باپیری کاکە لاسییە. شیخ خەلیفەش خاڵی کاکە لاسییە. نەتەوەی ئەو ماینە چاکەی ئەحمەد بەگ لە وەختی خۆی لەوانی بە دەست کەتییە.

ئای لە من غەریبێ، ئای لە من بێ تەبیبێ، ئای لە من سەر گەردانێ، کەسەك نییە جوابەکێ لەبۆ خەزاڵە شۆڕێ بگەینیتە لایێ دیوانێ. بڵێ سەری چەند ڕۆژی دیکە شۆڕە سوارەکەی شارەزووری لەبۆ کاکە وەیسی وسووئاسکیان دێتە مەیدانێ.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! کاکە لاس ئەوەندە بە توندی ڕۆیشتییە، کلك و هەر دوو گوێی شێخەزاڵی خانەی زینی بزر کردییە. خەجیج خانێ عارەبییە، ئەو دەمی دەهاتە سەر خانییە. دووربینی تەورێزێی دەدا بەر چاوییە. دەیگۆ خوایە گەورە نامری ئەبەدی لە ژۆری سەرییە، یا سوڵتان عەولای عارەبییە، یا حوسێنی غازییە، یا شێخ عەبدولقادری گەیلانییە، یا شێخ جونەیدی بەغدادییە، یا شێخ مەعرووفی کەرخییە. یا شێخ گەزنە و شێخ ئەستییە.

هـاواری دەکردەوە شێخ هۆمەر و شێخەڵلای بە خۆم مەرقەدم گرتییە، کاکە لاسم چ جاران لە ڕاووشکاران شێخەزاڵی ئەوەندە ماندی نەکردییە. ئیشاڵلا کاری خێرە، بەڵان دەزانم کاغەزی ئەو کچەتیمەی لۆ هـاتییە.

هـەمـوو بـەدەنـی لـەسەر خـانـی و قـەڵاتـێ لـەرزیـیـە. گـازی دەکردە سەعیدی قـاوەچـیـیـە. دەیـگـۆ کـاکـە لاسە، وەرە چـاوی خـۆت بـاوێ سەر دارێ دووربـیـنـێ شێخەزاڵی گەلەك گەلەك ماندی کردییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! وەکی خەجیج خـان لـەسەر خـانـی دەهـاتـە خوارێ پێشی لـە کـاکـە لاسی گرتـیـیـە. کـاکـە لاس پێنسەت سوار و شەشسەت عەگید و چارسەت نۆکەری لە دەشتی بەکراوەی بەجێ هـێشتـیـیـە. قـاسیدیش کـەریـمـی سوورچـیـیـە، دەیـانـدایـە مـایـنـەکی بـە جوانییە لە نەتەوەی شێخەزاڵییە. دەیگۆ جواب ببەوە لەبۆ خەزاڵێ مەلا نەبییە، بڵێ کاکە لاس هەردوو چاوتی ماچ کردییە. ئەگەر نەمری دەتگاتێ، پاشی چەند ڕۆژی دیکە لەکن خانزادێ هەریر بەگییە.

خەجیج خانێ عارەبییە، جەڵەوی شێخەزاڵی بە دەستی خۆی گرتییە. دەیگۆ ڕۆڵەکەی شیرینم کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، بەگزادەی جافییە، چ جاران لە ڕاووشکاران شێخەزاڵت ئەوەندە ماندی نەکردییە.

دەیگۆ دایکی گەورە و گرانم، خەجیج خانێ عارەبییە! ئەتوو نازانی کاغەزی خەزاڵە شۆڕێم لۆ هاتییە کیژێ مەلا نەبییە؟ لە مەملەکەتی هەریرێ لە کن خانزادێ بە کارەکەری کەتییە. ئەگەر نەچمە دووی دەڵێن، مووی پیاوان لە کاکە لاسی نەهـاتییە. هەتا ڕۆژی مردنێ ئابڕووم دەچی، دێتە سەرە من شەرمەزارییە.

بەڵان کاکە لاس دەڵێ دایکی گەورە و گرانم خەجیج خانی عارەبییە، هێشتان عەگید و سوارم لە دەشتی بەکراوەی بەڕێ نەکەتییە. چونکی شێخەزاڵم گەلەك مـانـدی کـردیـیـە، گـاز دەکـا سەعیدی قـاوەچـیـیـە. زیـنـی قـەزەلـی لـەسەر پشتی شێخەزاڵی دابگرە ئارەقەی هیشك بیتەوە، ئیشم گەلەك گەلەك بە درەنگییە.

بەڵان پێت دەڵێم دایکی گەورە و گرانم خەجیج خانێ عارەبییە، بەڵام پێت

دەڵێم خەجیج خانیٚ عارەبییە، بەخۆم بچم بە تاقە سوارییە، یان لەگەڵ خۆم ببەم شەشسەت عەگید و پێنسەت نۆکەر و چارسەت خولامان بە تەواوەتییە؟

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! وەکی خەجیج خانیٚ عارەبییە، ئەو قسەی لە کاکە لاسی بیستییە، هەناوی هەموو لەرزییە. دەیگۆ ڕۆڵەکەی شیرینم، ئەتوو پاشازادەی، لەگەڵ کیژە خێڵەکییانیان نەگۆتییە. بەڵان بچیەوە ناو عێل و عاشیرەتیٚ خەیلانی و سوورچی و بۆڵی و هەرکییە، ئەتوو ناهێڵنەوە بە سەلامەتییە. جارەکی دیکە چاوت ناکەوی بە چاویٚ داکییە. شاییەکت لۆ دەگێڕم، پێنسەت کیژت لۆ هەڵدەبژێرم لە یەکە یەکەی بەگزادەی جافان و مامەشان و گەردییە. هەر کیژەکی دەستی لەسەر دابنیٚ لۆ توو بکێشم بە زەبری زێڕییە، هەر کیژەکی کەیفت بینی دەیکێشم بەڵان هەر بە زێڕی زەمانییە. بەڵان وەرە شەیتانی بە لەعنەت کە، مەچۆ مەملەکەتیٚ هەریر و هەریر بەگییە. کوڕەکەی شیرینم ئەمن خەونم دیتییە، دەزانم نایەوە کن داکی خۆت بەسەلامەتییە.

کاکە لاسی دەیگۆتە داکی خەجیج خانیٚ عارەبییە، بابی ئەو قسەی لە لاسی هەر نەکرییە. دەیگۆ لاسە شێتە ئاقڵی نییە با چاوم پیٚ نەکەوی جارەکی دییە.

بەڵان کاکە لاس دەڵێتە خەجیج خانیٚ عارەبییە، دایکەکەی شیرینم، ئەتوو دایتە من شیری سپییە، نەشایی دابمەزرێنە، نەکەسیش ماندی بکە لە مەنگوڕ ومامەشان و لە بڵباسان و لە گەردییە، لە عێل و بەگزادەیٚ جافییە، لە هەمەوەند و ئیسماعیل عوزێرییە، بڵباس و مەنگوڕ و مامەش و گەردییە. مەچووەوە ناو عێل و عێلەساتی مەنگوڕ و جافییە، هەرکیژەکی توو دەستی لەسەر دابنێی وا دەزانم خوشکە لە داك و بابییە. بە غەیری خەزاڵێی مەلانەبی، مارەیی چ شتاقە کیژان لە لاسی نەهاتییە.

هەرچەندی خەجیج خانی عارەبی لەبۆ کاکە لاسی گۆتییە، کاکە لاسی ماڵ وێرانم لۆ داکی نەسەلماندییە.

وەی بابە، وەی بابە، دەرمانی عاشقان مەستی شەرابە.

خەجیج دەڵێ ڕۆڵەکەی شیرینم، بێ تۆ لە دەشتی شارەزووری جەرگم کەبابە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! هەرچەندی خەجیج خانێ عارەبی لەبۆ کاکە لاسی گۆتییە، کاکە لاس نەیسەلماندییە. گازی دەکردەوە سەعیدی قاوەچییە، هەتا ئەوەندە گفتوگۆیان کردییە، خولام و خزمەتکار و نۆکەران، پێش دیوەخانەیان داگیرکردییە. هەمووی لە ئەسپی کەحێلە و شێخەزاڵ دادەبەزینە عەردییە. دەستیان لە ملی کاکە لاسی کردییە. بەڵان کاکە لاس نەیدەسەلماند، قسەی هیچیانی نەدەچووە گوێ و باوڕی بە کەس نەکردییە. ئەو کاغەزەی خەزاڵێی سێ جار ماچ کردییە، دایدەنا سەر هەردوو چاوییە. دڵداریی ئەو وەختی گەلەك بە سۆز بوو، وەکی دڵداریی ئەو وەختەی نییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! کاکە لاس گازی دەکرد سەعیدی قاوەچییە، ئەتوو لۆ من لێ بنێ قاوەی قەندەهارییە. سێ فنجانان نۆش بکەم بە یەکجارییە.

گاسی دەکردەوە خولامەکییە، شیخەزاڵم لەبۆ زین بکە، بە زینێ قەزەلییە. باوێ سەر پشتی زینەکی قەزەلییە، بە سەری بیخە سامۆتە و لغاوی مرواری، جۆتەکی ڕکێبی زیوی حەوێزییە. ئەمان چ بکەمێ، بە سەری بێخە لغاوی مروارییە، جۆتەکا ڕکێبی حەوێزییە. چار ئاوێنەی مەڕمەڕی سابلاغێی لەهەر چار کناری زینێ قەیم کردییە، لۆ ئەوەی بزانی کێ لە پشتی دەڕوا و کێ پێشی هاتییە. ڕمی هەژدەگەی گورگانیی بە هەزار و حەفسەت قڕانی لە شاری تارانێ لۆ هاتییە. خەنجەری نێرۆیی نۆپشکەی لە زێڕییە، ئایەتی قورعانێی لێ تەرتیب کردییە. شیرێ شامیسرییە، دەسکی لە زێڕی ماردینییە. چەکمەیێ شاری عامودییە. کراسی سپیی کتانی میسقاڵ بەگییە. تۆپەکی شاڵی حەلەبێ لە پشتی خۆی بەستییە. سەڵتەکی شینی ئاوریشمییە، لەبن ئەو سەڵتەی سوخمەی تەبرێزییە. گەلی برادەر نیە عەگالەکی مەرەزی چار قوڕنەی لەسەری خۆی داگرتییە. بەتیەکی زەردی شێخانیی لەبن ڕەشی وەستا داودی داڕێژتییە. دووربینی شاری ورمێی لە ملە خۆی کردییە. هەگبەکی لە زێڕ و لە مەجیدی

داگرتییە، لۆ ئەوەی نەکو لێی بقەومێ، پێی ببی موحتاجییە. گەلی براینە! گەلی برادەرینە! دیسان دەیگۆتە خەجیج خانێ داکییە، ئەو رووحەت ببی بە قوربانییە، گەردەنی کاکە لاسی ئازا بکە، ئەتوو گەلەکت دایتە من شیرێ سپییە. بەڵان برۆم بەخۆم بە تاقە سوارییە، لۆ سەر ماڵێ وەیسی وسووئاسکییە. بەشەڕ دێم لەگەڵ وەیسییە، لەسەر چاوی خەزاڵێ مەلا نەبییە. ژوانی من و وەیسی مەیدانە، مەعلوومە بن گردێ سپییە. هەر دوو عاشیرەتان دێنە مەیدانێ رادەوەستن تەمەشا دەکەن لە شیروەشانی من و وەیسییە.

بەڵان دایکی گەورە و گرانم هەر بەخۆم برۆم بە تاقە سوارییە، بە کەرەستەی شەڕییە، یان لەگەڵ خۆم ببەم پێنسەت سوار و شەشسەت خوڵام و چارسەت نۆکەرییە؟

خەجیج خانێ عارەبییە، زانیی کاکە لاس چارەی نییە. هەر دەڕوا ئاشقی خەزاڵێیە کیژێ مەلا نەبییە. دەیگۆ، رۆڵەکەی شیرینم گەردەنت ئازابی لە شیری سپییە، لەو مەمکەی خواردیتت لەبەر دایکییە. بەڵان ئەگەر برۆی بە تاقە سوارییە، دەڵێن کاکە لاس مەردە لە ئەحمەد بەگ و لە خەجیج خانی بە پاش کەتییە. ئەگەر لەگەڵ خۆت ببەی پێنسەت سوار و شەشسەت خوڵام و چارسەت نۆکەران داخوا دەڵێن خەجیج خانێ عارەبی وەختی خۆی فاڵی لە چ وەلەکەکی خواردییە. کاکە لاس بیژییە، مەعلوومە لە ئەحمەد بەگی بە پاش نەکەتییە. ئەگەر هەر دەڕۆی ناگری قسەی داکی خۆت خەجیج خانێ عارەبییە، دەتوو برۆ خوا ئاگادارت بی سوڵتان عەولای عارەبییە. هەر برۆ کوڕەکەی شیرینم، بە تاقە سوارییە. ئاگری قودرەتێ جەرگی خەجیج خانێی بڕییە. ئەو دوو ڕوومەتە ناسکەی هەموو بریندار کردییە. ئەمان ئەحمەد بەگ لە ماڵێ لە دەستوپێی خۆی کەتییە. وەکی خەبەری لاسیان دەدایێ، بڕوا بۆ سەر ماڵێ وەیسی وسووئاسکییە، بەیەکجاری دەستوپێی دەشکا، دەیگۆت گەلی خزمینە! گەلی نۆکەر و خوڵامینە! ئەو کوڕەی من منداڵە و شێتە و عەقڵی نییە. هەزار کیژی یەکە یەکەم لێرە لۆ بژاردییە، لە بەگزادەیێ مامەش و مەنگوڕ و جافییە. ئەلعانەکینێ ئەو کوڕەی من حەزی لە چەتیوەکی کارەکەری خەیلانی کردییە. ئەو چەتیوەش سەری گەلەك

بە گێچەڵە، دەڵێن مارە کرایە لە جیاتی نۆ خینان لە وەیسی وسووئاسکییە. ئەوە دەچیتە مەیدانیّ، خوا دەزانی دێتەوە یان لەویّ سەفەریّ نایێتەوە بەڕاستییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، گەردەنی خۆی بەهەموان ئازا کردییە. چوو لەبۆ دەست ماچکردنی بابییە، بابی دەری کردییە. ئەمان دەستی خۆی داوێشتە سەر ملی خەجیج خانیّ داکییە، داکی هەر دوو فرمێسکی لە چاوی بارییە. هەر دوو ڕوومەتی کاکە لاسی ماچ کردییە. دەیگۆ، ڕۆڵەی شیرینم بە گزادەییّ جافییە، خەونم دیتییە، دەزانم لەو سەفەرەی ناگەڕێیەوە بە سەلامەتییە.

ئای لە من بابان وێرانیّ، ئای لە من خانەگەردانیّ، کەسم نییە ئەوڕۆکە ببیتەوە میریّ جافان، دابنیشی لەسەر تەختی دیوانیّ. دەبا سەری خۆم بنێم لە حەفت کووپیّ دە خمخانیّ، بچینە لاییّ تەویلەخانیّ، سوار ببی ڕۆڵە شیرنەکەم لە شێخەزاڵی، لەبۆ وەیسی وسووئاسکیان بچیتە بەر مەیدانیّ.

ئای لە من بیّ کەسیّ، ئای لە من غەریبیّ، ئای لە من غەمداریّ. کاکە لاس دەڵیّ هەتا مردنیّ دەبمە خولامی چاوی خەزاڵیّ، وەکی گوارە و غەزێم دەبوونەوە جیران لەگەڵ سیّ ڕێزەی گواریّ. وەکی خەزێم و یاقووت دەبوونەوە جیران لەگەڵ شۆڕابەییّ گواریّ. هەنگینیّ دوو ماچم دەکردەوە، یەکی سبیانان یەکی وەعدەی ئێواریّ.

کاکە لاسی ماڵ وێرانم، سیّ قاوەی لەسەر پشتی شێخەزاڵی نۆش کردییە. ئەو قاوەیەی لیّ نایە سەعیدی قاوەچییە، لە قاوەی قەندەهارییە. لە فنجانی زێڕی کردییە، لەسەر سینیی زیو دایمەزراندییە. گەردەنی خۆی بە سەعیدی قاوەچی ئازا کردییە. بە خولام و خزمەتکاران قبووڵی نەکردییە کاکە لاسم یەك سوار بە ڕێی بکا هەتا بچیتە دەریّ لە دەشتی شارەزوورییە.

قوڕی دنیایەی خەجیج خان دایدەنا لەسەر سەرییە. هاوار و ڕۆڕۆیەکی زۆری کردییە. دەیگۆ، ماڵم وێران بی، بە وەجاخکۆری دەچمەوە بن خاکییە. کاکە لاسیش لێم یەقینە ناگەڕێتەوە مەملەکەتیّ شارەزوورییە. لەویّ دەیکوژن قەومی

ئاسکییە. عەشیرەتێ بۆڵییان و باڵەکیان و خەیلانی و سوورچییە.

بەڵان کاکە لاسی ماڵ وێرانم بە توندی دەچووە سەر خانەی زینییە. داد و ڕۆڕۆ لە کۆشك و باڵەخانە و دیوانی شارەزووریێ پەیدا دەبوو، خەجیج خان هاواری کردییە. دەیگۆ برۆ ئاگادارت بی خودای لە ژۆری سەرییە، سوڵتان عەبدوڵڵای عارەبییە، حوسێنی لە غازییە.

ئەمان کاکە لاسم ئاوزەنگی دەداوە لە شێخەزاڵییە. پشتی دەکردەوە قەڵاتی شارەزووریێ، تەختی جەواهێربەندی بەجێ هێشتییە. سەرا و پەردە و لاو و دیوەخانی بابی لەکنە وی قیمەتی نییە. بەژن و باڵای خەزاڵە شۆڕێ لەکنە وی ماڵی دنیایە دەینی لەبۆ وی هەر باقییە. لە دڵی خۆیدا دەڵێ، سەری وەیسی دەبڕم وەکی کارییە. بەژنی خەزاڵێ دادەنێم لەسەر سێزدە هەزار ماڵێ شارەزوور و جافییە.

ئای لە من غەمداریێ، ئای لە من غەمخواریێ، ئای لەمن دڵ برینداریێ. مەردەك نییە ئەوڕۆ ئێواریێ جوابەکێ بگەینیتە خزمەت خەزاڵێ، بلێ لاسی ئەحمەد بەگی شارەزوورییە بەگزادەیێ جافییە، سبەینێ دەکەونە مەیدانێ لەگەڵ وەیسییە. ژوان و قەراریان دەکەوێتەوە بن گردی سپییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! کاکە لاسم ئەوەندە بە توندی و بە تیژی ڕۆیشتییە، شێخەزاڵی ماندی کردییە. گەلی براینە! گەلی برادەرینە! دەشتی شارەزووریی بەجێ هێشتییە. لە سەرای سوبحاناغای لە ئاوی زەڵمی لە قەڵاتی بابانیان تێ پەڕییە. لە قەمچووغەی موبارەك لە چیایەکەی پیرە مەگروونێ بەسەر کەتییە. لە قەسرۆك و قەمتەران، شەو و ڕۆژەکی وەستانی نەکردییە. لە زوورگی ناڵەشکێنی کاکە لاسم لە وێندەرێ شێخەزاڵی لە دەستی ڕاستەی دەشەلییە. ئەمان لە دەستی ڕاستەی دەشەلی و دەلەنگییە. یەکشەو و یەك ڕۆژی بە توندی ڕۆیشتییە، ڕێی سێ شەو و سێ ڕۆژی بە شەو و ڕۆژەکی بڕییە.

قەسرۆك و قەمتەرانی بەجێ هێشتییە. لە زوورگی ناڵەشکێنی، شێخەزاڵی هەڵوەستە پێ کردییە. کاکە لاس دادەبەزی لە شێخەزاڵییە، دەیگۆ، خوایە هاوارە

سوڵتـان عـەبـدوڵـلای عـارەبییـە، شێخـەزاڵی مـن لـە چ ڕاووشکـاران نـەشەلییـە نەلەنگییە. ئینشاڵلا کاری خێرە، دەستی ڕاستەی بڵند کردییە، ناڵی فڕێ دا یە. شەلینی شێخەزاڵیماینی کاکە لاسی ئیشی ئەو ناڵەیە، لۆیە لە دەستی ڕاستەی لەنگییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! کاکە لاس شارەزایی بەو مەملەکەتەی گەلەك زۆر نییە، لە بنە بنەی هەیبەسوڵتانی لەبن چیایەکی هەیبەسوڵتانی، بە حوکمی دووربینێ شوانەکی دیتییە. دەچووەوە کن شوانی دەیگۆ ماندی نەبی مامە شوان بە ئەسڵت کێندەرییە؟

دەیگۆ بە ئەسڵم خەڵکی دەشتی کۆیییە. شان و شەپیلکت سەر و سواریت وەها دیارە، مام سواری ئەو مەملەکەتەی نییە؟ دیارە سەر و سواری بەرگ و نیشانت خەڵکی ئەو ولاتەی نییە، شارەزاییشت، زۆر بەو مەملەکەتەی نییە؟ دەیگۆ ناوم لاسە کوڕی ئەحمەد بەگی شارەزوورییە. قاسیدم قاسیدی بە ژنی خەزاڵێ کیژی مەلا نەبییە. بەلان بە من ناڵێی شارەکەی کۆیێ لێرانە دوورە یان گەلەك نێزیکە، بەبێ قەیدییە؟ ئەمان لێشت مەعلووم بی مام شوان ئەمن ئەوڕۆ دوو شەو و دوو ڕۆژە، نانم نەخواردییە. ئەمن دەزانم شوانەکی گەلەك گەلەك ئینسانی، کاکە لاسی تووش گەلەکی برسییە. دەستی لەناو هەگبەی ڕاکردییە، دەیدا شوانی سێ مەجیدیی زەمانییە. دەیگۆ بکڕە کورتەکەکی غەزەل مەیدانییە.

شوانی ماڵوێران، چاوی بەسێ مەجیدیی کاکە لاسی ئەحمەد بەگی کەتییە. لەخۆشییان گەلەك گەلەك پێکەنییە. دەستی کاکە لاسی ماچ کردییە. دەیگۆ گەلەك زەحمەت نییە. لە هەیبەسوڵتانی شۆڕبەوە شارەکەی کۆیێ لە توو بە دیار دەکەوی، بەبێ قەیدییە. ناڵبەندەی گەلەك گەلەك باشی لێیە. ناوی ئەو ناڵبەندەی مەشوورە وەستا عەباسی سەردەشتییە.

ئەوجار مامە شوان دەچوو کۆتکەکی دەست دەدایێ، شیری مەڕی ڕەشی لەبۆ کاکە لاسی دۆشییە. سێ نانی گەنمی دەردەهینا و دای دەنا لۆ کاکە لاسییە، کاکە لاس تێری خواردییە. دوعابوونی لە مامە شوانی خواستییە. بە چیاکەی

هەیبەسوڵتانی هەڵدەگەڕا، ڕووی دەکردەوە شارەکەی کۆیێ. ئەو شاری کۆیێ ڕەنگین لە کاکە لاسی بەدیار کەتییە. مەعلوومە چ جاری دیکەش کاکە لاس، شارەکەی کۆیەی بە چاوی خۆی نەدیتییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! کاکە لاس لە شێخەزاڵی وەکی دابەزییە، جەڵەوی شێخەزاڵی گرتییە، پرسیارەکی کردییە لە عامییێ کۆییە. دەیگۆ، دووکانی وەستا عەباسی ڕووی لە چییە؟

دەیانگۆ، وەستا عەباس پاڵەوانە، عەگیدە، ڕەشیدە، ناڵبەندەکی چاکە، بەقەدیمەلقەدیم سەردەشتییە. ئاگات لە خۆبی، کاکی گەرمێنییە، وەستا عەباس لە عەردیت نەدا گەلەك بە قووەتە بە شان و بە بازییە.

کاکە لاس دەیگۆ، مەخسەدی من سەرمەیدان و ڕەشیداتی و ڕمبازی نییە، مەخسەدی من، ئەوەیە ناڵەکی بدا لە شێخەزاڵی. شێخەزاڵم پێی پێخواسە، ئیشم گەلەك گەلەك هەیە، بەدرەنگییە.

چاوی بەوەستا عەباسی کەتییە، لەبەر دووکانێ دانیشتییە. ڕۆستەمەکە لە مازەندەرانێ هاتییە. سەلامەکی لێ کردییە.

دەیگۆ، بەخێربێی سەر چاوی مامییە. ناوت نیشانت، ئەسڵت کێندەرییە؟

دەیگۆ، ناوم لاسە، کوڕی ئەحمەد بەگی شارەزوورییە، ڕەئیس عەشیرەتێ جافییە. قاسیدم قاسیدێ خەزاڵێ کیژی مەلا نەبییە. دەچمەوە گۆڕێ تووان کانیێ سۆراوان، عێل و عێلەساتێ خەیلانییە.

بەڵان دەیگو، ئیشم گەلەك بەدرەنگییە. مام وەستا ناوی توو چییە؟

دەیگۆ ناوم وەستا عەباسی سەردەشتییە. ئەمن جۆتە ناڵەکت لۆ لێ دەم لە شێخەزاڵی لەو ناڵانەی کە ڕات لێ بی ئێرانییە.

بەڵان وەستا عەباس دەیگۆ، کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، ئەو ماینەت ئەتوو گەلەك خۆش ویستییە. ئەگەر ئەو ماینەت خۆش نەویستبایێ، سواری پشتی دەبووی بە پێخواسییە.

کاکە لاس دەڵێتە وەستا عەباسی سەردەشتییە، ئەو ماینە ڕەسەنە، لە ڕەسەنی شێخەزاڵییە. لە شێخی عەرەبان لە چۆمی چەنعانی لە ماڵێ باپیرم، ئەحمەد بەگی بابم بە دەستی کەتییە. جۆتە ناڵەکم لۆ لێ دە ئیشم گەلەك بەدرەنگییە. ئینشاڵڵا دڵی تووش دەکەم ڕازییە.

وەستا عەباس هەگبەکی ناڵ لۆ دەهینا لە پێشی ڕۆکردییە.

کاکە لاس دەستی دەگەیاندە هەر ناڵەکی بە دوو پەنجان ئەو ناڵەی دەشکاند، دەیگۆ، وەستا عەباس تەنەکەیە، ناڵ نییە. لەبۆ شێخەزاڵی ئەو ناڵەی لێ مەدە، قیمەتی نییە. هەتا چل جۆتە ناڵی لە وەستا عەباسی خەسار کردییە، هەمووی فڕێ دەدا بەبێ قەیدییە.

وەستا عەباس دەیگۆ، کاکە لاس جۆتە ناڵێکم مایە، ئەویشت لۆ دینم، ساف لە پۆڵای دروستم کردییە. هەر ئەو جۆتە ناڵەشم مایە بەوەی کەمە بە ڕەبییە، خالق لە ژۆری سەرییە.

ئەو جار کاکە لاس دەستی دەگەیاندە ئەو ناڵەی، گەلەك بەجەم و مەحکەم بوو پێی نەشکا. گۆتی وەستا ئەوەش گەلەك باش نییە، ئەمان لە شێخەزاڵی بدە لەهەر دوو دەستی، ئیشی منیش بە تالووکەیە، گەلەك گەلەك بە درەنگییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! جۆتە ناڵی لۆ دەڕازاندەوە لەسەر بزماری زیوییە. هەر دوو دەستی جوان ناڵ کردییە. کاکە لاسیش هەگبەی مەجیدیی لە پێش وەستا عەباسی ڕووکردییە. وەستا عەباسیش ئەوەندە بەقووەت مەجیدیی کوشییە، توڕە و مۆر و زنجیرەی بردییە. دەیگۆ کاکە لاس ئەو پەپوولە سوورکەیە لە شاری کۆیە ڕەواجی نییە.

دەستی دەگەیاندە هەر مەجیدییەکی، نووسین و مۆر و توڕە و زنجیرەی بردییە. دەیگۆت ئەو پوولە سوورکەیە، ئەو پارەیە لە شاری کۆیەش قەت ڕەواجی نییە. هەتا سەت مەجیدیی لێ خەسار کردییە.

ئەو جار کاکە لاس دەیگۆتە، وەستا عەباسی، با یەکدی نەکەین ماندییە. کاکە لاس وەستا عەباسی خەڵات دەکرد دەیدایێ پێنجا زێڕی زەمانییە.

ئای دەکەم دادێ، ئای دەکەم فیغانێ، دەکەم هاوارێ، دەکەم دادێ. لە خۆم بێ کەسێ، لە خۆم بێ مرادێ. ئەورۆ کەسەك نییە قاسیدەکی بە بەقاو بەبتمان بی، جوابەکی بباتە هەریرێ لەبۆ خزمەت خاتوونە خانزادێ.

بەڵان براینە! برادەرینە! کەسەکی بە بەقا نییە جوابەکی لاسی بباتە خزمەت خاتوونە خانزادێ. گەلی براینە! کاکە لاسم دوعابوونی لە دەست عەباسی خواستییە. پێی لە شای ڕکێبێ قەیم کردییە، دەکەتە ناو خانەی زینییە. دەگەڕاوە لە چیای هەیبەسوڵتانێ تێ پەڕییە. لە قەسرۆك و قەمتەران بەسەر کەتییە. لە زوورگی ناڵە شکێنی دابەزییە. لە لیسی خەرتەلان تێ پەڕییە. لە کۆسرەتی شاڵە بەگیان بەدەرکەتییە. لە سپیرێزێ خەیلانیان خۆی دەرباز کردییە. دەشتی خەلیفانێی ڕەچاو کردییە.

شۆڕ دەبووە بەسەر گەلیی عەلی بەگییە. لە زینەتیرێ، لە سپیلکێ، براینە! هەڵوەستەی کردییە. دووربینی دەدا بەر چاوییە. چاوی بەجۆتە سواران کەتییە. نەیدەزانی ئەو جۆتە سوارە خانزادێ هەریر بەگییە. سەرێ چەند ڕۆژانە قاسیدن، قاسیدن لە بۆ کاکە لاسی کوڕی ئەحمەد بەگییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! کاکە لاسی ماڵ وێران چاوی خۆی داوێشتە سەر دارێ دووربینێ، تەماشای دەکردەوە لە بۆ خڕێ و لەبۆ مەکران، لە بۆ گردێ سپی، لەبۆ گۆڕێ توەان، لە بۆ کانێی سۆرئاوان، فکرەکی لێ کردییە. سێ سەعات ڕێ دوورە لە شارێ هەریرێ بە تەمامەتییە. پرسیاری لە شوان و لە گاوان و لە بەرخەوانان کردییە. دەیانگۆ، تاقە سوارێ سووسنییە، سێ سەعات ڕێ دوورە هێشتان لەبۆ گۆڕێ تووان و لە بۆ گردێ سپییە. ئەمان ئەوە قەڵاتی خانزادە خاتوونێیە بڕۆی لە بۆ خزمەتی خەزاڵێ مەلا نەبییە. ئەوانە سواری خانزادێنە، خوشکێ سلێمان بەگییە. لێشت مەعلووم بی، ئەو دوو سوارە ناهێڵن ئەتوو سەری چەند ڕۆژانە لەمە دەپرسی، ئەگەر سوارەك بێتن تێ پەڕی لەو حاڵەی لەو ڕەنگییە، ناوی ئەو سوارەی لاسە کوڕی ئەحمەد بەگییە، لە کانێی سۆراوان، عێل و هەوارگەی مەلانەبییە؟

کاکە لاسیش دەیگۆت ئەمن زۆر مەخسوودمە، بپرسم لە جۆتە سوارێ خانزادێیە، بزانم خەزاڵ لەکن خانزادێ مایە، یان چوویتەوە گۆڕێ تووان، بەگزادەیێ جافییە. قاسیدی بەژنێ خەزاڵێ کیژێ مەلا نەبییە.

ئەگەر گفتوگۆی لەگەڵ شوانان خەلاس کردییە، کاکە لاس گەلەك ماندییە، شێخەزاڵ گەلەك ئارەقەی کردییە.

جۆتە سوار ماندیبوونیان لە لاسی کردییە. دەیانگۆت یاخوا بەخێربێی کاکی گەرمێنییە. سەفەرت گەلەك دوورە، سەر و سیمات عەگیدە و پاشازادەیە هیچ درۆی تێدا نییە.

ئای لە من بێ دادێ، ئەی لە من بێ مرادێ، کەسەکم بەدەست ناکەوی، قاسیدەکی بەبڕوا بچیتەوە خزمەت خانزادێ.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! جۆتە سوارێ خانزادێ هەریر و هەریر بەگییە، وەکی تەماشای کاکە لاسیان کردییە، سەر و سیمای ئەوهایان قەت نەدیتییە. دەیانگۆت یاخوا بەخێربێی سەر چاوی مە، کاکە سوارێ گەرمێنییە. بەژن و بالآت بەعەگیدان دەچی، سەر و سواری ئەوهامان قەت نەدیتییە.

یەکیان دەیگۆت، ئەوە یووسفی برایماغەیە هاتییە لەبۆ مێوانەتییە، یەکیان دەڵێ عەلی بەگی داسنییە، هاتییە لەبۆ تۆڵەی لەشکرییە. یەکیان دەڵێ ڕۆستەمە، تازە لەمازەندەرانێ هاتییە. یەکیشیان دەڵێ، ئەسکەندەر خانی تەورێزییە. یەکیشیان دەڵێ ئەوە لاسی ئەحمەد بەگییە، ئەگەر نایناسی قاسیدێ خەزاڵە شۆڕێ کیژێ مەلا نەبییە.

هەردوو سواری بەپێش خۆی یێخستییە. هەتا دەگەیشتنە بن قەلاتێ خانزادێ هەریر و هەریر بەگییە.

خانزادێ هەریر و هەریر بەگییە لەسەر باڵەخانەی دووربینی دەدا بەرچاوییە. لە قەلاتی ڕەنگین کە هەوارگەی هەتا ئەوڕۆ مایە لەسەر چیایەکەی هەریرێ بە تەواوەتییە، ئەو دووربینەی دەدا بەرچاوییە. ئەو سەر و سیمایەی چاو پێ کەتییە. خانزادی بابان وێران دڵی بەجارەك لەرزییە. دەیگۆ ئەو

ڕووحەت ببی بەقوربانییە. شەرت بی دڵت لە خەزاڵێ وەربگێڕم، شەرت و قەرار وابی خەزاڵت لەبەر چاوی بێخم، دەبی خانزادێ مارە بکەی بەئەمرێ کتێب و شەرعییە. دەبی خەزاڵە شۆڕت لەبەر چاوی بێخم، دەڵێم ئەو ڕەوەندە و باڵەکییە، لینگ تیرۆکانییە، هیچ کەڵکی نییە. سواڵکەرە ئیش و کاری وان خزمەتکارییە. ئەتوو پاشازادەی، وەرە پاشازادە بخوازە، بە حەڵاڵییە.

کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، وەکی چاوی بەسەڵتەنەتی خانزادێ کەتییە، کۆشك و باڵەخانەی لە دووڕا دیتییە. خانزادیش لەبەرخۆی دادەکەناند جلکی پیاوەتییە. ئەوێ دەمێ دەچووەوە ژۆرێ کراسەکی لەبەردەکرد لەو کراسێ ماردینییە. چەفیە و تالانەی بەستییە. کەمبەرەی زێڕی لە پشتی قەیم کردییە. جۆتەکی مەحسیچنی بەسەر پێی خۆی ڕۆکردییە. شیرێ شامیسری لە زێڕی حەمایل کردییە. چەفتە و تالانەی هەموو بەزێڕی نەخشابوو، لەسەری خۆی ئالاندییە. هەردوو شابسکێ خۆی بەدەریەخستییە. ئەو جۆتە لیمۆیەیە گەیشتییە، لە بن سوخمەی تەبرێزی برەکی لادەدا لە کاکە لاسی دەکردەوە دیارییە.

ئەو عالەمە هەمووی سەرسام دەبوو لە خانزادێ هەریر بەگییە. دەیانگۆت دە ساڵە خانزاد هێشتان ڕۆژێك خۆی نەگۆڕییە. ئەو جلکەی لە پیاوانی لەبەر خۆی کردییە. ئەو کاڵك و پێتاوەی لە پێستەی گامێشیە، لە پێی خۆی کردییە. ئەلعان مەحسی چنی سۆلی زەردی زلۆقی، بەسەر پێیەوە کردییە. ئەو شاڵێ کرمانێ تەنکی لەبەرە خۆی کردییە. ئەو سوخمەی تەبرێزیی گۆڵ گۆڵیی زەردی لەبەرە خۆی کردییە، خۆی هینایتەوە عومری بیستساڵییە. هەر دوو ڕوومەتی دەڵێی گوڵی ئەشرەفییە. بەژنی دەڵێی ڕەشە ڕێحانەی کۆسرەتییە. سینگی دەڵێی مافووری تەورێزییە. ئەو دەست و پەنجەی ئەوەندە نەرمە، قابیل بە گوشینی دەستی کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە. بەڵان ئەمن بزانم قەت فایدەی نییە، کاکە لاس ئەشقی دڵداریی لەگەڵ خەزاڵێی گرتییە. هەزاری وەکی خانزادێ لەکن کاکە لاسی چ قیمەتی نییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! خانزادێ هەریر و هەریر بەگییە، لەسەر کورسییەکی حەیزەران خۆی ڕاگرتییە. دوو خولامیش شێخەزاڵیان لە کاکە لاسی ئەحمەد بەگی وەرگرتییە، دەیانبردە تەویلەخانەی دایان مەزراندییە. هەگبەی زێڕ و مەجیدیی هەر لە سەرپشتییە. شیرێ شامیسری، ڕمێ هەژدەگەی گورگانی بەجێ هێشتییە. بەلان خەنجەری نێرۆییی لەبەر پشتییە. ئەو عەگالی بە سیمی مەرەزی تەلەعفەریی لەسەر سەرییە. لە بنیدایە چەفیەی زەردی عەنتابییە. سمێڵی زەردی سووسنییە، ددانی سپیی سەدەفییە. گەردەنی سووسنی کۆسرەتییە. باسك و بازووی ڕۆستەمییە. هەیکەل و شانی ئەسکەندەرخانییە. قسەکردنی شازادەییە، شان و ڕکێبی سلێمان بەگییە.

خانزاد لە دوور چاوی پێ کەتییە، فرمێسکی لە هەردوو چاوە ڕەش و جوانەکانی بارییە. تەماشای شان ڕکێبی کردییە، فرمێسك لە چاوی بارییە.

دەیگۆ گەلی خزمینە! گەلی ئاقڵینە! گەلی ئەختیارینە! شان و ڕکێبی دەچی بەشان و ڕکێب و سەر و سواری کاکم سلێمان بەگی ڕەحمەتییە. خانزادی سۆران دەڵێ لە دڵی خۆیدا، ئەگەر لاس ببیتە بەحەلاڵ و هاوسەرییە، دەشتی سۆرانی دەدەمێ هەتا دەگاتە چیایەکەی مەقلووب و ژەنگارێ، مەملەکەتی بشیریان و ئالیان و قەرەچووغ و قەرەبۆت و قەرەبێتکان، قەلاتی فەرعانی دەدەمێ بە تەواوەتییە. ڕەواندز و ڕایەت و شەقلاوە و دیانە و هەتا دەگاتەوە سەری خانە و زینوێ و خەلان یەکجارییە. حوکمی خۆی باژوا لەسەر هەریر و شارەزوورییە. ئەو ببیتە میر و ئەمنیش دەبمە ئەمیرە، بە یەکجارییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی دۆستینە! گەلی خزمینە! وەکی کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، براینە! برادەرینە! کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە وەکی لە قالدرمان وەسەر کەتییە، خانزادی سۆران بەدەستی ناسك دەستی کاکە لاسی کوشییە. دەستی چۆپەی دەنا ناو دەستییە، بە دەستی ڕاستەی داوێشتە سەر شانییە. ئابڕوو و حەیا و شەرمی نەدەما لە پێش هەموو ئەختیار و مەلا و عالم و ئاقڵی گوندییە. ئەمان مەجلیسی چۆل کردییە. پازدە ساڵە، ئەو هۆدەی سلێمان بەگی برای لێی دانیشت و حوکمی لێ کردییە هێشتان تەیر نەیدیتییە. ئەو هۆدەی لۆ

کردەوە، هۆدە چ هۆدە؟ کاکە لاسی ماڵ وێران سەری لێ بڵند کردییە. بەدارێوە کرایە شیرێ شامیسرییە، ڕمێ هەژدەگەی گورگانییە، زرێی داودبەگییە. ئەمان بەدارێوە کرایە چەند چەکمەیێ عامووديیە، چەند زرێیە داودییە، چەند تیر و کەوانی زەمانییە. چەند بابە براینە، کورتەك و شەڵواری سەلیم خانییە، شاڵێ کرمانییە، دووربینێ دیاربەکرییە، هەرچەند زینێ قەزەلییە، هەمووی لەبۆ ئاغا سولەیمان بەگی بە دیاری هاتییە.

ئای لە منێ، ئای لە منێ، مەعلوومت بی خانزادێ سۆران، کاکە لاس نابیتە دڵداری توو، سەد حەیف دووسەت مخابنێ.

بەڵان براینە! برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! وەکی خانزادێ سۆران گەلەك بە گورجی بەخێرهاتنی کاکە لاس کردییە، دەستی چۆپەی کوشییە، دەستی ڕاستەی داوێتە سەر ملییە. دایدەنا لەسەر تەختی جەواهێربەندی سلێمان بەگی کاکییە. دەیگۆ، بەخێربێی سەر هەردوو چاوی خانزادییە، هەر لە شارەزوورێ هەتا دەشتی سۆران و هەریر بەگییە. ئەمن نەمدەزانی ئەتوو ئەو نەوعە کوڕەی کە خانزادی سۆران لۆ توو شێت و شەیدا بی بە تەواوەتییە. ئەمان چ بکەمێ وەرە واز بینە لە دەرسی شەیتانی بە یەکجارییە، ئەمن مارە بکە بە حەڵاڵییە. حوکمی خۆت باژۆ لەسەر هەریر و شارەزوورییە. وازیش لە خەزاڵێ بینە، واز لە خەزاڵێ مەلا نەبییبیان بینە، یەکەکی لینگ تیرۆکانیی باریکانییە، هەزار مەشکە دۆی بەسەر لاق و لەتەریدا ڕشایە. کەس نازانی نە خەیلانییە و نە باڵەکی و نە خێڵەکییە. ئەتوو وەرە ڕاست بکە، ئەمن مارە بکە بە ئەمرێ شەرعییە. حوکمی خۆت باژۆ لەسەر مەملەکەتی سۆران و دەشتێ شارەزوورییە. ئەتوو ببە ئەمیر و ئەمنیش دەبمە ئەمیرە، هەتا مردنێ بە سەلامەتییە. داشت دەنێم لەسەر کورسیی سلێمان بەگییە، دووهەزار سوارت دەخزمەتدا بی، بە هەموو وەختێ لەبۆ ڕۆیشتنی سەفەرێ لە ئۆغرییە.

ئەوساڵ پازدە ساڵە، بەرگی ژنانم لە خۆم حەرام کردییە. ئەورۆ چاوم بە چاوە جوانەکانی توو کەتییە، دەڵێی کارمامزی بنەی مەخموورییە. لێوت دەڵێی ئەتڵەسی قوبادییە. پەنجەت دەڵێی قەڵەم و قەڵەمبازییە. قەدت لەبۆ شاڵی، خوا

دروستی کردییە. ددانت سپیی سەدەفی مراورییە. سمێڵت زەردی سووسنییە. ڕوومەتت سۆری گوڵ گوڵییە. ماچی من لە توو حەڵاڵە، ئەگەر مارەم بکەی، بە ئەمری شەرعییە. ئەگەر مارەم نەکەی قەت لەگەڵ توو ناکەم ئیشی بێ شەرعییە.

لاس دەڵێ، خانزادێ هەریر و هەریر بەگییە، بەو خالقەی لە ژۆری سەرییە، بەو محەمەدەی نەبییە قورعانی لۆ بە خەڵات هاتییە. بەو حوسێنی غازییە، بەو سوڵتان عەبدوڵلای عارەبییە، بە چاوی خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە. ئەو قسانەی ئەتوو فەرمووت خۆ ڕاستن هیچی درۆی تێدا نییە، بەڵان ئابڕوو و نامووس و حەیای لەسەرە من ڕۆیشتییە. ئەگەر نەیگەمێ دەری نەینم بەزەبرێ شیرێ شامیسرییە، لە دەست وەیسی وسووئاسکییە، داخوا دەڵێن خەجیج خانێ عارەبی داکی کاکە لاسی لە چ وەلەکەکی فاڵی خواردییە. یان دەڵێن کاکە لاس خوێڕییە، مووی پیاوانی لە ڕدێنی نەهاتییە.

ئەمان شەرت و قەرارم لەگەڵ توو خانزادی بەستییە، ئەگەر خەزاڵێ بینم بە زەبرێ شیرییە، مارەی بکەم بە ئەمرێ شەرعییە، شەرت و قەراری پیاوان وەها بی، ئەتووش مارە بکەم بە ئەمری کتێب و شەرعییە.

خانزادێ دەگۆتە کاکە لاسییە، بەوەی کەمە نامری ئەبەدییە، بەو قورعانی دام نایتە سەر ڕانییە، بە قەبری سلێمان بەگی کاکییە. ئەگەر ئەتوو خەزاڵێ بینی لەبۆ خۆت مارەی بکەی بە ئەمری شەرعییە، خەلاسی بکەی لە دەست وسووئاسکییە، هەنگینێ قیمەتی کاکە لاسی لە کنە من چییە؟ ئەمن گفتم نەدایتە چەند مەلیکان و ئەمیران و پاشازادان و سوڵتانی وەختییە. چەند ئاغەواتی بڵباس و گەردییان و مامەشان و مەنگوڕان لۆ داخوازی من هاتییە، یەکە یەکەی بەگزادە گفتم بەکەس نەدایە، بە غەیری بەژن و بالای چاوی کاکە لاسییە.

ئەمان قسەکت پێ بڵێم لەبۆ خوای بەسەلامەتییە، ئەگەر بچیەوە گۆڕێ تووان، کانیێ سۆراوان بن گردی سپییە، مەیدانەکی بکەی لەگەڵ وەیسی وسووئاسکییە، سوندت لۆ دەخۆم ئەتوو ناگەڕێیەوە ئێرە بە سەلامەتییە.

کاکە لاسی دەڵێتە خانزادێ هەریر و هەریر بەگییە، بەحسی ناشیرینی خەزاڵێت لەبۆ من کردییە. بەڵان خەزاڵ لە پێش من گەلەك جوانە، بە چاوی من تەماشای بکە و چ عەیبی نییە. ئەمان ئەتوو ئەمیرەی گەورەی سۆرانی بە تەواوەتییە، ئەویش کیژە سەر عاشیرەتە، ناوی وی خەزاڵێ مەلا نەبییە. ناوی تووش ئەمیرەی سۆرانە، ئەوها ڕۆیشتییە.

ئەمان شەرت و قەراری لاسی لە جان و جەسەدی هەموو پیاوەکی کەتبی، بە سەری ئەحمەد بەگییە، بە چاوی خەزاڵێ مەلا نەبییە، ئەگەر خەزاڵم هینا بە سەلامەتییە، لە توو مێوان دەبم دوو شەوان بە تەواوەتییە. ئەتووش مارە دەکەم بە ئەمرێ شەرعییە.

هەرچەندی خانزادێ سۆران لەگەڵ کاکە لاسی گفتوگۆی کردییە، کاکە لاس سەری ڕەقە و لۆی نەسەلماندییە. خەزاڵی قەت لەبەر چاوی نەکەتییە، هەرچەندی خانزادی سۆران زەمی خەزاڵێی کردییە. فایدەی لەگەڵ کاکە لاسی نەکردییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! خانزادێ هەریر و هەریر بەگییە، گەلەکی گفتوگۆ لەگەڵ کاکە لاسی ئەحمەد بەگی کردییە. بەڵان کاکە لاسم سەر ڕەقە لەبۆ خاتوونە خانزادێی نەسەلماندییە. دەیگۆتە لاسی ئەحمەد بەگییە، ئەو ڕووحەت ببی بە قوربانییە. ئەتوو دابنیشە لە باڵەخانە و کۆشکێ خانزادێ هەریر بەگییە. ئەگەر هەر ئەمنیش مارە ناکەی بە ئەمرێ شەرعییە، دەچم خەزاڵە شۆڕت بۆ ڕادەکێشم بە حوکمێ سوارییە. ئەمنیش لەکن هەردووکتان دادەنیشتم کاکە لاس هەر بە کارەکەرییە.

چونکی کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، قسەی خانزادێی نەچوویتەوە مێشکییە. زۆرگۆتن لەبۆ قورعانێ خۆشە قسەی بەلاش فایدەی تێدا نییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! خانزادێ سۆران خۆی لە کاکە لاسی تووڕە کردییە. دەیگۆ دیارە پاشایەتی و گەورایەتی و سەرکردایەتیت قەت نەکردییە. ئەتوو هەر ئاشقی لە کیژۆڵەکی لینگ تیرۆکانیی خەیلانییە. ئەتوو لۆ مارە

ناکەی بەژنیێ خانزادیێ خوشکیێ سولەیمان بەگی کیژیێ قولی بەگی هەریر بەگییە؟ هەتا حوکمی خۆت باژۆی بەسەر دەشتیێ شارەزوور و مەملەکەتیێ جافییە. حوکمیێ خۆت باژۆی بەسەر هەریر و هەریر بەگییە و سۆرانییە. لە دەشتی ڕەواندز و شەقلاوە و حاجی ئۆمەرانیێ هەتا دەگاتەوە قەرەچووغ و یەکئاویێ، سنووری خانزادیێ دەگەڕێتەوە لە بنەبنەی قەلاتیێ فەرعانییە. حوکمی خۆم دەکەمەوە لەسەر دەشتیێ مەکردان و گۆڕیێ تووان، کانییێ سۆراوان، دەشتیێ بی مەندان، چیایەکەی مەقلووب و ژەنگاریێ، سنوورم دەگەڕێتەوە لە دەشتی ئاریان بەتەواوەتییە.

هەرچەندی ئەو قسانەی لەبۆ کاکە لاسی کردییە، کاکە لاس دڵی جۆشی گرتییە، هەر ناوی خەزاڵە شۆڕێی لەسەر زارییە. خانزادیێ هەریر و هەریر بەگییە، بەوەی کە نامری ئەبەدییە، خالقە لە ژۆریێ سەرییە. بەو قورعانەی خەلاتی محەمەدییە، بە سوڵتان عەبدوڵلای عارەبییە، بەو حوسێنی غازییە. بەو شێخ عەبدولقادری گەیلانییە، بەو عەبدولعەزیزی ئاکرەییە، بەو دوو پیرەی ماردینییە. بە شێخ گەزنە و شێخ ئەستییە، بەو شێخە لاسیێ باڵەکییە. جوانم لە دنیاییێ گەلەك دیتییە، کەسم لە گوێن خەزاڵە شۆڕیێ کیژیێ مەلا نەبییان چاو پیێ نەکەتییە.

کاکە لاس دەیگۆتە خانزادیێ هەریر بەگییە، ئەگەر خەزاڵە شۆڕم هینا بە سەلامەتییە، مارەم کرد بە ئەمریێ شەرعییە، شەرت و قەراربی ئەتووش مارەبکەم بە ئەمریێ شەرعییە، شەرت و قەرار بی بە ئەمریێ شەرع و کتێبییە. پێکەوە دادەنیشتین لە هەریر بەگییە هەر بە حەلاڵ و هاوسەرییە.

وەکی ئەو قسانەی لە کاکە لاسی خانزادە خاتوون بیستییە، هەموو بەدەنی تەزییە. دەیگۆ دیارە ئەتوو گەلەك سەرڕەقی کەڵکی پاشایەتیت نییە، کەڵکی سەردار عاشیرەتیت نییە. بەگزادەی جافیت قەت نەدیتییە. ئەتوو دیارە گاوان و شوانی هیچ دنیاداری و ئاشقیت نەکردییە.

چەند بەگ و بەگلەرییە، چەند لە میریێ میرئاودەلییە، لە کوڕە کوڕەکەی

مەنگور و مامەشییە، دێنە داخوازی خانزادێ هەریر بەگییە، خانزاد گفتی لەگەڵ کەس نەدایە لۆ کەسیش سەری شۆڕ نەکردییە. پازدە ساڵە جلکی پیاوانم لەبەرە خۆم کردییە. کاڵك و پێتاوم لە پێی خۆم قەیم کردییە. کیژایەتیم لە خۆم حەرام کردییە. بەڵان چ بکەمێ ئاشقی من دڵی تووی گرتییە. کاکە لاس چ بکەمێ لەگەڵ توو، قەت چارەم نییە.

بەڵان لاسی ئەحمەد بەگی، بەگزادەیێ شارەزوور و جافییە. گەلەك ڕەجای لە خاتوونە خانزادێ کردییە، دەیگۆت ئەو قسەی نابێ باوێیە بەر دڵییە. ئەتوو خاتوونە خانزادێی، گەورەی سۆرانی، خوشکێ سولەیمان بەگی قوڵی بەگییە. نابی دڵت گەردێ بگریتن لە ئاشقەکی وەکی کاکە لاسی کوڕی ئەحمەد بەگییە.

خانزادە خاتوون دەیگۆ، بەوەی کەمە بەڕەبییە، خالق لە ژۆری سەرییە، چ شتاقە سەر بەبێ ئەجەل ناچیتە بن خاکی گڵییە، ئەتوو لەو سەفەرەی ناگەڕێیەوە کاکە لاس بە سەلامەتییە.

ئەمن دڵ پیسایەتیی خەیلانیان و باڵەکیان و سوورچیانم بیستییە و دیتییە. چیرەیان گەلەك گەلەك درێژە، قەت ئیشی باش ناکەن لەگەڵ غەریبایەتییە. زۆر حەیف و مخابن دەمینێ لەبۆ لاوەکی وەکی کاکە لاسی کوڕی ئەحمەد بەگییە، لە هەناوی خەجیج خانی عارەبییە، خۆی بەکوشتن بدا لەسەر کیژۆڵەکی خەیلانییە.

کاکە لاسی دەیهاتێ زەردەکەنییە، دەیگۆ جوانیی خەزاڵێ نەوعی کەس نییە. وەکی کەس نییە. ئەو جوانییەی خەزاڵە شۆڕێ کەتیتە بەر دڵی کاکە لاسییە، نە مەجنوون لۆ لەیلایە وای کردییە، نە وامیق لەبۆ عەزرای ئەوهای کردییە، نە مەم لەبۆ زینییە، نە یووسف لەبۆ زولەیخایە وای کردییە، نە کاکە ماڵ ماڵ لەبۆ تەورێزە خانێ وای کردییە، نە مێریش لەبۆ وەفای، نە خەجێ لەبۆ سیامەندی، بەڵانەکینێ نە ئایشە گوڵیش ئەو دەورەی دیتییە لەگەڵ کاکە ولی بەگییە.

ئاشقی من و خەزاڵێ هەردووك دڵمان یەکدیی گرتییە. زۆر حەیفە واز لە خەزاڵێ بینم ڕای بکێشی لەسەر بیست و چار کەزییە، یەخسیری بکاتەوە وەیسی

وسووئاسکییە. دیارە کاکە لاس لە ئەحمەد بەگی نییە، داخوا دایکی فاڵی لە چ وەلەکەکی خواردییە. یان دیارە غیرەتی پیاوەتیم نییە، ئەوها دیارە غیرەتی پیاوەتیم نییە، دیارە مووی پیاوانیش لە ڕدێنی کاکە لاسی نەهاتییە.

بەڵان کاکە لاس ڕجای لە خاتوونە خانزادێ کردییە، گازی غوڵامان بکا شێخەزاڵی لەبۆ من لە تەویلە خانێ دەربینە. زینی قەزەلی مەخمەری لەسەر پشتی وی بشەتینە، لغاوی مرواری بەسەر سەریدا بینە، جۆتەکی ڕکێبی عەوێزیانی بە قەدێ ویدا بکێشینە. دەبا سوار ببم بچمەوە ناو خانێ زینییە، لە دوو خۆم ڕابکشم ڕمی هەژدە قەفی دار حەیزەرانی گورگانییە. دەبا بچمە خوارێ بەسەر خێڵ و خێڵەساتێ قەپەك و مامساڵ و رسوو گرتییە. تەماشا بکەن بە چاوی خۆیان ببینن کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە. بڵێن ئەوە ئاشقە لە شارەزووری هاتیتەوە گۆڕێ تووان، کانییێ سۆراوان، ئاشقەکی گەلەك بەسوزە لەبۆ چاوی خەزاڵێ مەلا نەبییە.

ئای لە منێ، ئای لە منێ، ئای لە منێ، دووسەت حەیف و مخابنێ، وای لەبۆ ئەو ڕۆژەی ڕۆژی مردنێ.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! کاکە لاس دوعابوونی لە خاتوونە خانزادێ خواستییە. خانزادە خاتوونم فرمیسکی لە هەموو چاوی دەبارییە، دەتگۆت، یاقووتە دەتگۆ مرواریيە. بە هەردوو دەستان لە کۆشکی بڵند دەیداوە لە تۆقی سەرییە. دەیگۆ خانزاد لە دەستە توو دەرچوو ڕۆیی شۆڕەسوارێ جافییە.

خانزاد دەیگۆ خۆزی بە خۆزیداران بە حەڵاڵییە بممژیبووایێ هەردوو لێوی مرواریيە، هەردوو جۆتە ڕوومەتێ گوڵ گوڵییە. بەو پەنجە نەرم و ناسکانەی بیگرتایە جۆتە سێوی ئەستەمبۆڵییە، هێشتان مێشی سەردنیایێ لەسەر ئەو جۆتە شەمامەی نەنیشتییە. بایێ سەحەرێ لێی نەدایە، بەشەری سەر عەردی ئەو جۆتە شەمامەی ناو باخەڵی خانزادێی چاو پێ نەکەوتییە. بایێ سەحەرێ لێی نەدایە، بەشەری سەر عەردی ئەو جۆتە شەمامەی ناو باغەڵی خانزادێی چاو پێ نەکەتییە.

خانزاد دەیگۆ، حەیف و مخابنی دنیایێ لەبۆ لاوەکی جوانەکی وەکی لاسی ئەحمەد بەگییە، خەسار دەبی لەناو عێلەساتی خەیلانییە. ئەمن باش دەزانم وەیسی گەلەك بێدینە، گەلەك ڕەشیدە، گەلەك سوارچاکە، ئەگەر کاکە لاسی بکەویتە بەردەستییە، هەنجن هەنجنی دەکا بە حوکمێ شیرێ شامیسرییە، یان دەیداتە بەر مەودای خەنجەری نێروییە.

هەتا کاکە لاس لەبەر چاوی خانزادێ خۆی بزر کردییە، خانزاد هەر بە هەردوو چاوان دەگریا، فرمێسکی ڕێشتییە. ئەوجاوەکینێ براینە! برادەرینە! خانزادە خاتوونم جلکی کیژانی لەبەر خۆی داکەندییە، ئەو جلکەی پیاوانی دیسان لەبەرە خۆی کردییە. دادەنیشت لەسەر کورسییە. فکر و هۆشی هەر لەکن کاکە لاسییە و لەکن کەسی دیکە نییە.

بەڵان لاس ڕۆیی شەرت و پەیمانی دا خانزادێ هەریر بەگییە، دەیگۆت لەو سەری ئەگەر خەزاڵم هینا لادەدەمە خزمەت خانزادێ هەر بە مێوانەتییە. ئەگەر ڕاشت لەسەر بی ئەتووش مارە دەکەم بە ئەمری شەرعییە.

کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە لە هەریرێ بەسەر کەتییە، لە خرەی تێ پەڕییە. دەچۆوە دەشتێ مەکردان بە تەواوەتییە. کیژوکاڵێ سوورچییان و باڵەکییان و بۆڵییان و خەیلانییە، چاویان بە چاوی کاکە لاسی کەتییە، جوانیی خۆیان لەبەر چاوی کەتییە. هەندەك دەڵێن ئەوە ڕۆستەمە لە مازەندەرانێ هاتییە، هەندەکیش دەڵێن ئەوە یووسفی برایم ئاغایە چوویتە کن خانزادێ بە مێوانەتییە. هەندەکیش دەڵێن ئەوە قوبادەخانی بتلیسییە هاتیتە سەردانی خانزادێ بە مێوانەتییە. هەندەکیش دەڵێن ئەوە هەبی و نەبی عەلی بەگی داسنییە دەگەڕێ لەبۆ تۆڵەی لەشکرییە. هەندەکیش دەڵێن، ئەگەر هەبی لە دنیایێ، ئەوە شۆڕەسواری شارەزوورییە، ناوی ئەو شۆڕە سوارەی گەلەك خۆشە، پێی دەڵێن لاسی ئەحمەد بەگییە. لێشتان مەعلووم بی قاسید و ئاشقێ دوو چاوی خەزاڵە شۆڕێ مەزن مەلا نەبییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! بەینی هەریرێ و بەینی گۆڕێ تووان، کانیێ

سۆراوان سێ سەعات ڕێ دووره بە سواریی ماینێ بە تەواوەتییە. کاکە لاسم دڵی گەلەك گەلەك عێجزە جەڵەوی شێخەزاڵی، شۆڕکردییە. دەتگۆ بووکی ڕازاوەیە تازە لەبۆ شوقەی غەمڵییە. سەت بەرەکەت بکەویتە بەژنێ شێخەزاڵی ماندیبوونی قەت نەزانییە. لە ڕەسەنی ماینانە، ئەویش ئی ئەحمەد بەگی بابی لاسی لە ماڵێ شێخ حموود و شێخ غەلیفەی بەدەست کەتییە.

گەلی براینە، گەلی برادەرینە، کاکە لاسم قاسیدە دەچیتە خزمەت خەزاڵێ مەلا نەبییە. ئەمان بێینەوە سەر دەنگ و باسی خەزاڵە شۆڕێ کیژێ مەلا نەبییە. قەت لە ماڵێ بابی وەکی جاران قەدر و قیمەتی نییە. هەر چار کارەکەری گاز کردییە ئەستییە! ئەسمەرە! ڕابییە! خووبییە! دەیگۆ ئەوشۆکە خەونەکی گەلەك گەلەك جوانم دیتییە ئەمن لەو خەونەی هەردوو چاوم فرمێسکی گەلەکی لێ بارییە. شینەکی گەلەك گەورە و گرانم لەسەر کاکە لاسی ئەحمەد بەگی دابەستییە. ئەمان لەو خەوەی گەلەك دەگریام بە هەردوو چاوان لەبۆ کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، بەڵان ئیشاڵلا خەونی من خەونی خێرانە و خەونی شەڕێ نییە. ئەوی بمداتێ مزگێنیی کاکە لاسییە، بڵێن هاتیتە دوو ماشووقەکەی خۆی خەزاڵێ مەلا نەبییە، گەردەنلغەکم سەرێ چەند ساڵانە کڕییە، لە شاری ڕەواندزێ بە هەزار و پێنجە مەجیدییە، لەلایێ ژۆری بە چیغی گوڵ و مەتاڵانموە کردییە، شەرت و قەرار وابی، ئەو گەردەنلغەی بدەم لە مزگێنییە. ئەسمەرێ دەیگۆتە خەزاڵێ مەلا نەبییە، ئەوڕۆکە دەچمە سەر چاردەڕیانێ گۆڕێ تووان کانیێ سۆراوان، لەسەر گردێ گچکەڵانە، خۆم مات دەکەم بە قەستییە. بەشکو شۆڕە سواری توو لەمن دەربکەوی بە تەمامەتییە  ئەگەر ئەتووش تەوڕۆکە بچیەوە بێرێ، وەعدی نیوڕانی لەجیاتی ئەسمەرێ ببیەوە شەنگەبێرییە. ئەگەر خودا یاریکارم بی، ئەمنیش لۆ توو دەینم مزگێنیی کاکە لاسییە.

خەزاڵ دەیگۆتە ئەسمەرێ، هەتا ڕۆژێ مردنێ لەتوو مەمنوون دەبم قەت دەرناچمە دەرێ لەو چاکییە. ئەتوو جوابی کاکە لاسی لۆ من بینی بڵێ ئەوڕۆکە پەیدا بووە و هاتییە، قەراری کیژان لە جانی خەزاڵێ مەلا نەبییان کەتییە، ئەو گەردەنلغەت بدەمێ لەبۆ خۆت ببیە ئەسمەرە بە مزگێنییە.

ئەسمەر دەیگۆتە خەزاڵێ مەلا نەبییە، ئەتوو ئەوڕۆکە بڕۆ بەر بێرێ لە جیاتی من ببەوە بێرییە، لەجیاتی من ببەوە شەنگەبێرییە. هەتا پێ نەزانن هەتیم و تاڵێ عێلییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی دۆستینە! گەلی خزمینە! ئەسمەرێ خۆی لە ماڵێ دزییە، هاتیتەوە بن گردە گچکەڵەی پێش ماڵان خۆی مات کردییە. بوهارە گیا لە عەردییە، گوڵ و سووسن و کوڵیکە و حاجیلە و بەیبوون و دەرزیدان هەمووی غەمڵییە. کانیێ سۆراوانیان بزرکردییە، جێی ژوانێ خەزاڵێ مەلا نەبییە لەگەڵ دەستە خوشکان بە هەموو دەمێك لەوێ ڕوونیشتییە. ئەسمەریش دەیزانی ئەوە ڕێی کاکە لاسییە ئەگەر بێ مێوان بی لە خەزاڵێ مەلا نەبییە. بەڵان چ پیاوی زەریف لە ماڵێ نییە، هەموو خۆیان لە سپێران مات کردییە، لەگەڵ ماڵێ وەیسی دەکەونەوە شەڕ و شەڕکارییە. پیرێژن و منداڵ و ئەختیار لە ماڵان ماینە، ئەوانیش دەستیان بەبۆڵ بۆڵێ کردییە، دەیانگۆ پیاو و براو مێردی مە هەموو لە شەڕێدا ڕزییە، لەسەر کەڵەگای خەزاڵە شۆڕێ کیژی مەلا نەبییە، دەڵێن حەزی لە هەتیوەکی کوردی شارەزووری کردییە. دەڵێن دایکیشی خۆ لە کوردان نییە، ناوی خەجیج خانێ عارەبییە. ئەگەر بهاتایێ بە یەکجارییە، لەگەڵ وەیسی یەکدییان خەلاس دەکرد بە تەمامییە. ئەوەی مردییە عیزرایل ڕووحی بردییە، ئەوەی بمابووایێ خەزاڵێ بابانکۆر لەبۆ وییە.

براینە! برادەرینە! گەلی دۆستینە! گەلی خزمینە! ئەسمەرێ ئەو قسە و دەنگ و باسەی لە پڕ و پیرێژنان هەموو بیستییە. بەڵان گوێی نەدایێ خۆی لەبن گردە گچکەلەکەی مات کردییە، لەسەر ڕێی کانیێ سۆراوان بە تەمامەتییە. لە ناکاوڕا چاوی بڵند کردییە. سوارەکی گەلەك بەسام و هەیبەت و بە شەوقی چاو پێ کەتییە. ئەو سوارەی بە چاوی خۆی قەت نەدیتییە. سوارێ ئەوها لەسەر ڕووی عەردی نییە ماینی گەلەك جوانە، شێخەزاڵییە. ئەو ماینە گوێ مقەسییە، کەپو زوڕناییە، کلك سەیوانییە، کەفەڵ مامزییە، سم کۆتکییە. لە ڕەسەنی بێزانێ چێترە، مەعلوومە شێخەزاڵە لە بنەماڵێ ئەحمەد بەگییە.

ئەو سوارە لەسەر خانێ زینییە، سمێڵی زەردی سووسنییە، چاوی مامزییە،

گەردەنی سووسنی کۆسرەتییە، عەگالی سەری مەرەز تەلەعفەرییە. ئەمان بەتیەی زەردی عەنتابییە، چەکمەی پێی زەردی عامووديیە. تۆپەکی شاڵی کرمانێی ئاوریشمی لە پشتێ بەستییە، سەڵتەکی ماهووتیی لەبەر کردییە، لەبن ئەو سەڵتەیدا بوو سوخمەکی زەردی نەبرێزییە. زرێی داودی خۆی تێدا ڕەش کردییە. شەڵواری لینگی ئەو سوارەی دەمل قۆپییە، خەنجەری بەر پشتی ئەو سواری نێرۆییە، ئەمان چ بکەمێ نۆپشکەی بابە لە زێڕییە. شیرێ شامیسری حەمایل کردییە. دەسکی ئەو شیرەی لە زێڕێ زەمانییە. ڕمەکی هەژدەگەی گورگانیی لە ملییە. چار ئاوێنەی لەو زینەی قەیم کردییە، پاش و پێشی خۆی بە حوکمی لە دوو خۆی ڕادەکێشا، قایمی کردییە. دووربینەکی شاری تارانێی کردیتە ئەو ئاوێنانەی دیتییە.

کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە چاوی بە ئەسمەرێ کەتییە، زانیی ئەوە کارەکەری خەزاڵێ کیژی مەلا نەبییە.

ئەسمەرێ گاز کردییە هۆ شۆڕە سواری گەرمێنییە، ئەو ڕووحەت ببی بەقوربانییە. توو ئەو خوایەی دەیناسی لە ژوری سەرییە، نامری ئەبەدییە، ناوی خۆت بە ڕاستی بەمن بڵێ سوارە ناوت چییە؟

دەیگۆ ئەسمەرێ چاوبەنگییە، ئەمن ناوم لاسە کوڕی ئەحمەد بەگی شارەزوورییە. سەری نۆ ڕۆژانە لە شارەزوورێ بەرێ کەتیمە لەبۆ خزمەت خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە. ڕۆژەکیش بە تەواوەتی گفتوگۆم لەگەڵ خانزادە خاتوونێ کردییە. وەهام دەزانی خەزاڵە شۆڕێ بابان وێران لەکن خانزادێ یەخسیرە هەر بە کارەکەرییە.

دەیگۆ، ئەو ڕووحەت ببی بەقوربانییە، جەڵەوی شێخەزاڵی شۆڕ بکە، لامەدە چ عەردان و چ ماڵییە، هەتا نەچی مێوان نەبی لە دیوەخانێ ماڵێ مەلا نەبییە. خۆ پیاوەك لەناو عێلی نییە، هەمووی لە شەڕییە. خەزاڵیش کابانە بە تاقی تەنێ ئەوڕۆکە لە ماڵێ، شەو و ڕۆژ لە فکر و خەیاڵی توودایە، فرمێسکی لە هەردوو چاوان دەبارێنی، وەك بارانێ بوهارییە. ئەوەش بزانە ئەگەر بدەمە خەزاڵێ

مزگێنییە، گەردەنلغەکم دەداتێ چەند ساڵی لۆی هاتییە لە شاری ڕەواندزێ بە هەزار و پێنجە مەجیدییە. مەعلوومت بی لە لایێ ژۆری بەچیغی گوڵ و مەتالآنی بەدارێوە کردییە. ئەمن ئەوە دەچم دەدەمە خەزاڵێ مزگێنییە. یان خەزاڵ لە ماڵێ لەبەر نەخشی دانیشتییە، یانەکینێ لەبەر بێرێ مەڕییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! ئەسمەرێ وەکی چاوی بەلاسی بە تەواوەتی کەتییە، دڵ و گیان و قەلبی هەموو لەرزییە. دەیگۆ خۆزیە بە خۆزیداران، ئەو سوارە ئی من بووایە بە حەلآڵییە، بەلآن کارەکەرە و دەستەلآتی نییە. دەیزانی لاس هەر ئاشقە لە چاوی خەزاڵێ مەلا نەبییە.

ئەسمەر گەلەك گەلەك خێرا هەلآتییە، دەچووەوە لایێ ماڵێ گەردەنلغی لە ملێ خۆی کردییە. گاسی خەزاڵە شۆڕێی کردییە. جوابیان دەداوە دەیانگۆ، خەزاڵە شۆڕ ئەوڕۆکە بێرکەرە، لەبەر بێرییە.

ئەسمەرێ دەچووەوە بەر بێرییە. دەیگۆ خەزاڵە شۆڕێ کیژێ مەلا نەبییە. دەتدەمێ مزگێنییە، گەردەنلغی زێڕم لەملی خۆم کردییە. خۆ نامدەیە بە ئەمانەتییە، ئیشاڵڵا ئەو گەردەنلغە لۆ من دەبی بە یەکجارییە. دەیگۆ سەرشینێ، سەربەتاڵێ، دیارە چشتەکی گەلەك خۆشت زانییە؟

دەیگۆ مێوانە لە توو کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە.

دەیگۆ مراز و مەخسوودێ دڵێ من خوا دیارە حاسڵی کردییە، ئەوشۆ خەونەکم گەلەك گەلەك باش دیتییە. خەونی من ئیشاڵڵا خێرە خەونی شەڕی نییە.

ئەو گفتوگۆیەی خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبی لەگەڵ ئەسمەرێ تەواو کردییە.

کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، جەڵەوی شێخەزاڵی شۆڕ کردییە. لە پێش دیوەخانێ جەڵەوی گرتییە. پیرێژن و پاڵێ خەیلانییە، چاویان بەکاکە لاسی کەتییە. دەستیان بە پرت و بۆڵی کردییە.

دەیگۆ سەر شینێ سەر بەتاڵێ، ئەنگۆ ناناسن ئەو سوارە کێیە؟ ئەوە لاسی ئەحمەد بەگییە، کەڵەگای خەزاڵێ مەلا نەبییە.

کاکە لاس دووربینی دەدا بەرچاوییە، سەیری دەکردەوە خەزاڵە شۆڕێ چاو بەڵەك سەری خۆی دەناوە لەبن دونگێ مەڕییە. مەڕی کەویساری بە هەردوو پەنجەی ناسك دەدۆشییە.

کاکە لاسیش کە چاوی بە خەزاڵێ کەتییە، دوور بەدوورییە، خۆی ڕانەگرتییە. جەڵەوی شێخەزاڵی بەردەدا دەچووەوە بەر بێرێ مەڕییە. گازی دەکرد هۆ خەزاڵە شۆڕێ کیژێ مەلا نەبییە، دیوەخانی بابی توو چۆلە دیارە چ پیاو لە ماڵێ نییە.

خەزاڵ وەکی دەنگی کاکە لاسی بیستییە، ئاگری قودرەتێی بە جارەکی گرتییە. سەری خۆی لەبن دونگێ مەڕی دەهینایە دەرێ بە توندییە. گوانی مەڕی ئەوەندە بە توندی گوشییە، دەماری پشتی مەڕی وەردەگێڕا بە تەواوەتییە. چاوی کەسی نەدیتییە، مەنجەڵی شیری بە گۆڕێ وەرکردییە. بەسەری ڕووتی بە پێی پێخواسییە، بەراوپیلی کاکە لاسی هاتییە. هەردوو شا زوڵفی خۆی بەرداوە دەتگۆ سووسنێ کۆسرەتییە. دەتگۆ ڕەشە ڕێحانە لە باغی مەمی قەپلان ئاغای مەلاتییە. دەتگۆ سۆرەگوڵی ڕۆستەم بەگییە، دەتگۆ تازە بووکێ خەیلانییە. گەردەنی خۆی پێشکێشی کاکە لاسی کردییە، لەباتی جواب و سواب و سەلام ماندی نەبوونی لێ کردییە.

دەیگۆ، خەزاڵە شۆڕت بە قوربان بی، لاسی ئەحمەد بەگییە، گەلەك بەعەزیەت نەکوشی جۆتە شەمامە و شەمامەی ڕۆستەم بەگییە. ئەمان بە هەردوو لێوان گەلەك بمژە جۆتە ڕوومەتێ گوڵ گوڵییە. بە کارەساتی من عێل و عێلەسات هەر حەفسەت ماڵ پێی زانییە، بێجگە لە ماڵی وەیسی وسووئاسکییە، هەتاوەکینێ خانزادێ هەریر بەگیان لە ئەحواڵی من و توو گەیشتییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! خەزاڵێ بابان وێران، دڵی گەلەك گەلەك بە برینە. هەردوو چاوی خۆی دەهاوێشتە سەر یەکدییە.

کاکە لاسم لە خانی زینێ دانەبەزییە، هەردوو دەستی لەسەر ملی خەزاڵە شۆڕێ ڕاگرتییە. بەو لێوە ناسك و جوانەی هەردوو لێوی خەزاڵە شۆڕێی مژییە.

بیست و چار ماچی لە گەردەن و ڕوومەت و لێوانی وەرگرتییە. ئۆباڵ لە ملی ئەو کەسەی بی کە ئەمن لێم بیستییە.

کاکە لاس نەدەترسا لە پڕ و پیرێژنێ خێڵییە، لەو کەسانەی بەجێ ماینە لە ناو عێلییە. ئەسمەر و ئەستییە و ڕابییە و خووبییە، هەرچاریان لە حەژمەت خەفەتان، دەستیان بە گریانێ کردییە. شوانیش ملی مەڕێیان بەردەدا، ئاگایان لەخۆ دەبڕا، لە حەژمەت خەزاڵ و کاکە لاسییە. وەکی ئاشق و ماشق هەردووك یەکدییان گرتییە.

ئەوجار خەزاڵە شۆڕێ بابان وێران مێزی لە کاکە لاسی دەدا لەسەر خانێ زینی شێخەزاڵی دای گرتییە. دەیگۆ دەستی خۆت باوی ناو دەستی خەزاڵێ مەلا نەبییە. سەرێ چەند ڕۆژانە بەژن و بالای تووم تێر نەدیتییە. ئەورۆکە دیارە مردن هەقە و ناهەق نییە. خوا مراز و مەخسوودی خەزاڵە شۆڕێی حاسڵ کردییە. سەری مەلا نەبی و وەیسیت دەکەم بەقوربانی سەرییە. ئەوشۆکە دەتنوێنم باسکی خۆت لۆ دەکەمە بالیفە، سینگی خۆت لۆ دەکەمە دۆشەکی مەخمەرییە. ڕوومەتی خۆت لۆ دەکەمە ترێی تایەفییە. هەردوو لێوی خۆت لۆ دەکەمە کانیێ کەوسەرییە. هەردوو لێوی خۆت لۆ دەکەمە ئاوێ کەوسەرییە، ئەتوو تێر بمژە هەردوو لێوێ خەزاڵێ مەلا نەبییە. سەرێ چەند ڕۆژانە ئەتوو لە من دووری، بەشکوو لە توو بشکێتن تینیاتییە.

بە دەستی خۆی خاتوون خەزاڵێ مەلا نەبییە، شیخەزاڵی بەستاوە و خزمەتی کردییە. کاکە لاسی دەبردەوە دیوەخانی مەلا نەبییە. دای دەنا لەسەر سەرەنازێ سابلاغییە. نیو ڕۆژەی لە بۆ کاکە لاسی دروست کردییە. بەو دەستە ناسکانە پارووی دەنا ناو دەمییە. دەیگۆ هەر پاروەکی بخۆی، بکە ڕاموسانەکی، لە ڕوومەتێ خەزاڵێ مەلا نەبییە، وەربگرە ماچەکی لە هەردوو لێوی خەزاڵێ بابان وێران بەعەینییە.

خەزاڵە شۆڕێ بابان وێران وەکی چاوی بە کاکە لاسی کەتییە، ترسی لە دووزمان و نەمیمان و پڕ و پیرێژنی عێلی نییە. ئەو خەبەرەی دەبی بدەنە مەلا

نەبییە، بڵێن خەزاڵە شۆڕ ئەوڕۆکە کاکە لاسی هاتیتە کنێ بە مێوانەتییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! وەکی کاکە لاسم لەبن ڕەشماڵێ تێر تیر خەزاڵە شۆڕی بۆن کردیە و ماچ کردییە، لەکنە وی هیچ شەرم و عەیب نییە. ئاگری ئاشقان گەلەك گەلەك بە جۆشە ئاگایان لە کەسی دیکە نییە.

بەڵان پاشی سێ سەعاتان گفتوگۆی لەگەڵ خەزاڵێ هەموو کردییە. دەیگۆ خەزاڵێ مەلا نەبییە ئەتوو ئاگاداریت لەمن نییە، خانزادی سۆرانم عێجز کردییە. چاوی توو نادەم بە هەزاری وەکی خانزادێ، خوشکێ سلێمان بەگییە.

دەیگۆ دیارە ئەگەر ئەمن بدەی بە خانزادێ هەریر بەگییە، مووی پیاوان لە توو نەهاتییە. دەڵێن لاسی ئەحمەد بەگی نییە، داخوا خەجیج خان فالی لە چ وەلەکەکی خواردییە.

ئەمان دوعام لە خوای تەبارەك وەتەعالا گەلەك گەلەك لۆ توو کردییە. ئەتوو لە سەری مەیدانێ وەیسی بدەیە بە مەودای خەنجەری نێرۆییە. هەنگینێ کۆرە دەبی چاوی نەمام و نەیار و دوژمنییە، ئەمنیش مارە دەکەی ئیشاڵڵا بە ئەمرێ شەرعییە. پێکەوە دادەنیشین لە شارەزوورێ بە حەڵاڵ و هاوسەرییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی دۆستینە! گەلی خزمینە! پاشی سی سەعاتان کاکە لاس دەیگۆ خەزاڵە شۆڕ گەلەکم حەز لێیە بچمەوە جێیە شەڕییە. بەشکو چاوم بکەویتن بەبابی توو مەلا نەبییە. ئەمن دەزانم چەند ڕۆژە وەیسی غەدری لە بابی توو کردییە. وەی دەزانی هەتیوی کوردی شارەزوور، ساحێبی قسەی خۆی نییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! قاسیدەکی بە بەقا و بە بتمان نییە هەڵبستی بڕواتن بە توندی و بە گورجییە. ئەو خەبەرە ناخۆشەی لەبن گردی سپییە، بداتەوە وەیسی وسووئاسکییە. خەزاڵە شۆڕ گەلەك ڕجای لە لاسی کردییە، دەیگۆ پاش نیوەڕۆیەکی درەنگە، نوێژی عەسرێیە، حوکمی کردییە. زۆرم حەز لێ نییە ئەمن بەجێ بێڵی بە تاقی تەنێ لەبن قەرە ڕەشماڵییە. ئەوشۆکە مێوان بە لە

خزمەت خاتوونە خەزاڵێ مەلا نەبییە. مراز و مەخسوودێ دلێ من ئەوها دیارە تەبارەك حاسڵی کردییە.

لاس دەیگۆ، خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە، ئەوشۆ مێوان دەبم لە تووی چاوبەنگییە. بەڵان حەزم لێیە بچمەوە جێی مەیدانێ شەڕییە، ببینم بابی توو مەلا نەبییە. بەشکو چاویشم دەکەوی بە کاکە وەیسی هەر بەدزییە.

کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، خەزاڵە شۆڕیێ ئیخفال کردییە. زینێ قەزەلی دەداوە لە پشتی شیخەزالییە. جۆتە ڕکێبی حەوێزییە، لغاوی سی دانی حەلەبییە، بە سەری پێخستییە، ڕکێبی لۆ لاسی گرتییە. شێری مەیدانێ بەسەر پشتێ شێخەزاڵی کەتییە. منەتی کەسی نەزانییە. ترسی لە مەلانەبی و لە وەیسی نییە.

ئاوزەنگی لێ دەدا لەبۆ بن گردی سپییە، یەك و ڕکێب دەچووەوە سەری مەیدانێ، چاوی دەکەت بە چڵکن و چاو ڕەش و بە وەیسییە.

سەلامەکی سەر سەلامانی لێیان کردییە. چڵکن چاو ڕەش جوابی ئەو سەلامەی بە گورجی وەرگرتییە. دەیگۆ کاکی خۆم بەخێر بێی، ماندی نەبوونێکی گەرمی لێ کردییە. دەیگۆ دیارە جلك و بەرگت ئی ئەو مەملەکەتەی نییە. ئۆغرت خێرە مرازت، لەبۆ کێندەرێ دەچی، بەبێ قەیدییە؟

دەیگۆ مامی شیرینم ناوی توو نازانم بە ڕاستییە.

دەیگۆ ناوم چڵکن چاو ڕەشە، مامی کاکە وەیسییە. قەت ناوی وەیسیت نەبیستییە؟ عەگیدەکی گەلەك مەردە کەسی ئەوها ڕەشید نییە لە ناو عێل و عاشیرەتێ خەیلانییە.

بەڵان دەیگۆ کاکی خۆم بەبێ زەحمەت مەزانە ناوی توو چییە؟

دەیگۆ، ناوی من عەلییە، قاسیدم ئیشم بەدەستە، ئەوڕۆکە لە مووسڵێ هاتیمە، دەچمە ڕەواندزێ بەبێ قەیدییە.

دەیگۆ کاکە عەلی، دیارە ئەتوو خانەدانی، دەتوو وەرە دابەزە لەکن چڵکن چاو

ڕەشی سەعاتەکییە. بەشکو پێك بێنیەوە بەینی مە و ماڵێ مەلا نەبییە.

دەیگۆ، ماڵێ مەلا نەبیم نەناسییە، نازانم ئیش و کار و شەڕ و بناری ئەنگۆ لەسەر چییە.

دەیگۆ شەڕی مە ئەوەیە، مەلا نەبی کیژەکی هەیە ناوی خەزاڵێ مەلا نەبییە. مارەی کردییە لە برازای من، ناوی وەیسییە. ئەلعانیش دەڵێ خەزاڵە شۆڕ حەزی لە هەتیوەکی کوردی شارەزوور کردییە، ڕازی نییە بە بەژن و باڵای کاکە وەیسییە.

کاکە لاس دەیگۆتە چڵکن چاو ڕەشییە. مادام ئەوهایە خەزاڵە شۆڕ بەو برازایەی توو کاکە وەیسی ڕازی نییە، ئەمن بم لە جیاتی کاکە وەیسییە، خەزاڵە شۆڕێ تەڵاق دەدەم لە بۆ هەتیمی کوردی شارەزووری بە خۆڕاییە. وەیسی غەزەبی هەڵگرتییە، ڕمی هەژدەگەی گورگانی نیوەی لە عەردی ختم کردییە، لەسەر بەردەکی گەورە دانیشتییە. قەلوونەکی مۆدنی کارەبای تێ کردییە، لە تووتنی شاورییە، قومی لەو قەلفەی دەدا، رووی لە کاکە لاسی کردییە، وەیسی لە مرازی کاکە لاسی گەیشتییە، بەڵان نازانی ناوی کاکە لاسی کوڕی ئەحمەد بەگییە. قاسیدی خەزاڵێ کیژێ مەلا نەبییە، قاتیلی رووحی وەیسییە.

وەیسی جوابی دەداوە بە توندییە. دەیگۆ مامی خۆم چڵکن چاو ڕەش، دیارە ئەتوو هیچ ئاقڵت نییە. هەر خوێڕییەکی تێ دەپەڕی بێرەدا، ئەتوو پرسیارەکی لێ دەکەی و دەیکەیە ڕدێن سپی، پێی بکەی مەسڵەتییە. ئاخر ئەتوو ئەو قسەت لۆ بەو خوێڕییەی گۆتییە. ئەو خوێڕییە یان دەرۆزەکەرە یان دەروێشە، خۆ کەڵکی قسە و مەسڵەتیانی نییە.

کاکە لاس خۆی لە وەیسی تووڕە کردییە، دەیگۆ ئەتوو تەماشای خۆت نەکردییە. خوێڕیی باش هەبی لە دنیایە هەر وەیسییە. ئەتوو ناو و ناوبانگی لاسی ئەحمەد بەگی شارەزوورت نەبیستییە؟ ئەگەر نامناسی ناوی من لاسە، کوڕی ئەحمەد بەگی شارەزوورییە. سەردار عێل و عاشیرەتێ جافییە. داکیشم خەجیج خانێ کیژێ شێخ حموودییە، خوشکی شێخ خەلیفەیە، لە بنەبنەی ماڵی

تەیانی عارەبییە. ئەورۆکە ڕۆژ درەنگە بەر مەیدانم لەگەڵ توو پێ ناکرێ، ئەمان هەڵی گرە لۆ سبەینێ، ژوانی من و توو لەبن گردی سپییە. با چی دیکە عالەمێ بەکوشتن نەدەین، بە خۆڕاییە. لەسەر چاوی خەزاڵە شۆڕێ کیژێ مەلا نەبییە. سبەینی ڕۆژ هەڵبێ لە کۆسرەتێ شاڵەبەگییە، بداتەوە لە گردێ سپییە، ئەتوو سوار بە لە ئەسبی چارپەل سپییە، ئەمنیش سوار دەبم لە شێخەزاڵییە، سەرمەیدانی لەگەڵ یەکدی دەکەین، یەکجارییە. ئەوەی مرد عیزرایل ڕوحی بردییە، ئەوەی بمینێ خەزاڵێ چاو بەڵەك قابیل بەوییە.

براینە! برادەرینە! وەکی کاکە وەیسی ئەوەی لە لاسی بیستییە، بەدەنی هەموو لەرزییە و تەزییە. لە خەفەتان شیری شامیسری لە عەردی دەدا، ڕمی هەژدەگەی گورگانی لە عەردی هەڵدەکیشا بە توندییە. دەیگۆ ڕۆڵە ئەگەر غیرەتت هەیە ئەلعان وەرە مەیدانێ، یان سەری من دەبڕی وەکی کارییە، یان سەرت دەبڕم بە دیاری دەنێرم ئەورۆ لەبۆ مەلا نەبییە.

دەیگۆ ڕۆڵە، عەگیداتیت نەدیتییە، ئیشی عەگیدان پاش عەسر نییە، سەر لە سبیانان گەلەك خۆشە، قەلبمان توندە و شل نییە. هەردووکمان یەکدی دەلاوێنینەوە بە شیرێ شامیسرییە، بە خەنجەرێ نێروییە، بە ڕمێ هەژدەگەی گورگانییە. با لە هەردوو عاشیرەتان بێنە تەماشای کاکە لاس و وەیسییە. بلێن ئەو دوو ڕەشید و مەردە، بەشەڕ دێن لە مەیدانێ هەر لەسەر دوو چاوی خەزاڵێ مەلا نەبییە.

کاکە لاس ئەوەندە قسەی گۆتییە، جەڵەوەی شێخەزاڵی سووڕاندییە، ڕکێبی لێ دەدا دەچووە خزمەت مەلا نەبییە.

مەلا نەبی لە دوور چاوی بەو سوارەی کەتییە. دەیهاتێ کەیفخۆشییە. بە گورجی بلند دەبووەوە ڕادەوەستا بەبێ دەنگییە.

کاکە لاس سەلامی لێ کردییە، لە شێخەزاڵی دابەزییە، هەردوو دەستی مەلا نەبیی ماچ کردییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! وەکی مەلا نەبی

چاوی بە کاکە لاسی کەتییە، دەیگۆت سوارە سواری گەرمێنییە، ئەمن ئەو جارە نەبی ئەتووم قەت نەدیتییە.

کاکە لاس دەیگۆ مامی گەورە و گرانم مەلا نەبییە، بە بیرت نایێ شەوەکی لە شەوان هاتم مێوان بووم لە دیوەخانی توو بە دەروێشییە؟

ناوی من لاسە کوڕی ئەحمەد بەگی شارەزوورییە. ئەمان چووم چاوم کەت بەوەیسییە، ئەوەی لە دڵم دابوو لە پێش چڵکن چاو ڕەشی مامی پێم گۆتییە. ئەوەی لە دڵم دا بوو بە چڵکن چاو ڕەشی مامی و بە وەیسیم گۆتییە.

سبیانێ ڕۆژ هەڵ بێ، گزەنگ بداتەوە لە کۆسرەتی شاڵە بەگییە، ژوانی من و کاکە وەیسی دەکەوێتەوە بن گردی سپییە.

ئای لە من غەریبێ، ئای لە من بێ تەبیبێ، ئای لە من ماڵ وێرانێ، ئای لە من بێ نسیبێ.

مەلا نەبی بابی خەزاڵێ، وەکی ئەو جوابەی لە کاکە لاسی زانییە، دەیگۆتە خزم و کەس و ئامۆزایانی خۆی بە ڕاستییە. دەیگۆ چۆل بکەنەوە کەند و سپێران و خەندەکان، بەجێ بێڵن لە بۆ وەیسی خوێڕییە. بزانی کاکە لاس گەلەك ڕشتە گەلەك توندە لەسەر وەیسییە.

ئەوجار مەحتی کاکە لاسی کردییە، زەمی وەیسی لەکن لاسی گەلەك کردییە. چونکی مەلا نەبی ڕەشیدایەتیی قەت نییە، هەر ئیش و کاری مەلا نەبی ئەوەیە، دەڵێ ئەگەر لاس بکوژرێ، خەزاڵ دەمینیتەوە لە بۆ وەیسییە. ئەگەر وەیسیش بکوژرێ، خەزاڵ دەمینیتەوە لە بۆ لاسییە. ئەگەر هەردووکیان یەکدی بکوژن، ئەمەش خەلاس دەبین لە شەڕ و بنار و فیتنەی لاس و وەیسییە.

براینە! برادەرینە! مەلا نەبی سواری ماینێ کەوێتی دەبوو لەگەڵ کاکە لاسی ڕووی لە ماڵێ کردییە بەجۆتە سوارییە. ئەو خزم و کەسانەی خۆیان لەناو سپێر و خەندەکان چەند ڕۆژە مات کردبوو لۆ شەڕییە، تیر و کەوانی خۆیان هەڵگرتییە، دەهاتەوە ماڵی خۆیان دادەنیشتن لە خزمەت مەلا نەبییە.

خەزاڵ چاوی بە کاکە لاسی کەتییە، دەهاتەوە لەگەڵ مەلا نەبی بابییە. هەردوو دەستی بڵند کردییە ڕووی لە عاسمانی کردییە. دەیگۆ خوای لە ژۆری سەرییە، چ شتاقە سەر بەبێ ئەجەل نامری ئەبەدییە. دیارە ئەوە کاکە لاسە ئەوشۆکە مێوانە لە خەزاڵێ مەلا نەبییە. لێشم یەقینە چاوی بە وەیسی ماڵوێران کەتییە. گفتوگۆیان پێکەوە کردییە. بەڵان سبەینێ ژوانی لاس و وەیسی مەعلوومە لەبن گردێ سپییە.

براینە! برادەرینە! گەلی خزمینە! گەلی دۆستینە! کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، گەلەك گەلەك بە ئەدەب دادەنیشت لە خزمەت مەلا نەبییە. نانی ئێوارێیان پێکەوە خواردییە.

بەڵان کاکە وەیسی لە خەفەتان هەردوو لێوی خۆی کرۆشتییە. هەتا نانی ئێوارێی پێ نەدەخورا بە تەمامەتییە.

گازی ئەحمەد و چاو شووشە و چڵکن چاو ڕەشی مامی کردییە، دەیگۆ ئەتوو ئەحمەدە لۆم بنووسە کاغەزەکی، کاغەزەکی دەنووسم لە بۆ لاسی ئەحمەد بەگییە، دیارە گەردەنی خۆی بە داکی ئازا نەکردییە. یان منداڵە یان مەکتەبلییە، شەڕ و شۆڕی عەگیدانی نەدیتییە. زۆری لێ دەترسم ئەوشۆکە هەڵبێ لە هەوارێ مەلا نەبییە. چونکی چاوی بەوەیسی کەتییە. هێشتان زەبری شیر و خەنجەری وەیسیی نەدیتییە.

ئەمن ئەو کاغەزەی دەنووسم، ئەحمەد و چاو شووشە هەردووکتان بیبەن لۆ لاسییە، بزانن جوابی ئەو کاغەزەی لاس لەبۆ وەیسی چییە؟

براینە، کاکە وەیسییە قەڵەمی هەڵگرتییە، کاغەزەکی لەبۆ کاکە لاسی نووسییە. سەلامی لە کاکە لاسی کردییە. دەیگۆ دیارە، خەزاڵی بابان وێران فکر و هۆشی تووی وەرگرتییە. خەزاڵ هەر لەبۆ وەیسییە، قەت لەبۆ لاسی نییە. ئەمان قەرار وابی ئەگەر ئەوشۆکە هەڵنێیە بە سەلامەتییە، سبەینێ لە مەیدانێ بکەویتە بەردەستی کاکە وەیسییە، لەسەری مەیدانێ لەبن گردێ سپییە، لە پێش هەردوو عاشیرەتێ خەیلانییە، لۆ من هەڵبێ بە تەواوەتییە، بە سواری

شیخەزاڵییە، لەسەر قۆڵنجی دابنێم ڕمیٚ هەژدەگەی گورگانییە، خەزاڵی لۆ تەڵاق دەدەم بە خۆڕاییە. ئەگەر درۆم کرد، دیارە مووی پیاوان لە وەیسی نەهاتییە.

کاغەزی ئیمزاکردییە، دەیداوە دەستی ئەحمەد و چاو شووشەی، بەو شەوەی بە جۆتە سوارییە، دەهاتنە بن ڕەشماڵیٚ و دیوەخانی مەلا نەبییە. کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە، چاوی بەو قاسیدانە کەتییە، هیچیانی نەناسییە. کاغەزیان دەدا دەست کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە. قاغەزی ئەوسەرەوسەر کردییە. لە مەعنای قاغەزیٚ تیٚ نەگەیشتییە. بەڵان براینە! برادەرینە! دەستی لۆ هەگبەی درێژ کردییە، لەناو هەگبەی دەردەینا و کاغەزی نووسییە.

دەیگۆ قەت سەلام نەبی لە وەیسییە. هەندی یەك تێرکەی گوو خواردییە. هەڵاتن لۆ ژنانە لۆ پیاوان نییە. ناوی من لاسی ئەحمەد بەگییە. لە هەناوی خەجیج خانیٚ عارەبی بە پاش کەتییە. داکی من لە چۆمی چەنعانی، لە دەشتی قەراجیٚ، لەسەر گۆمیٚ غەدیرەی، لەبن داری دارلاسی ئەمنی بەزگ کەتییە.

بابی من دڵی داکی منی ڕازی کردییە لەسەر پشتی شێرییە. ئەگەر کوڕەك بی لە هەناوەی بەپاش کەتییە، کوو لەسەری مەیدانیٚ هەڵدیٚ لەبۆ خوێرییەکی وەکی وەیسییە؟

ئەگەر ئەتوو خەزاڵ بۆ من تەڵاق بدەی بە خۆڕاییە، لە دەشتی شارەزووریٚ دوازدە ماینت دەدەمیٚ بە خەڵاتییە. هەمووی لە نەتەوەی شێخەزاڵی بە جوانییە. یان دەتدەمیٚ زێڕی نۆ بووکان، لۆ خۆت هەڵبژێری لەناو قەپەك و مامساڵ و مامەش و مەنگوڕ و خەیلانییە.

گەلی براینە! گەلی برادەرینە! کاکە لاسیش کاغەزی ئیمزا کردییە. ئەحمەد و چاو شووشە تەماشای دەوی لاسیان کردییە. دەیانگۆ مەعلوومە سبەینیٚ کاکە لاس قەت ڕزگار و خەلاس نابی لە دەست وەیسییە.

لاسیش دەیزانی ئەو قسانەی کە وەیسی، لە کاغەزێی کردییە، هەمووی لە ترسانە نەك لەبەر ڕەشیدییە.

خەزاڵیٚ بابان وێران خۆی ڕازاندیتەوە، دەتگۆت بووکی خەیلانی و

شارەزوورییە. لە خۆشیی کاکە لاسییە، گاز دەکا ئەسمەرە، ئەستییە، ڕابییە، خووبییە، جیّ و بالینگانی لاسی لە بۆنی جەوز و قەنەفلێ، لەسەر بڕشێنن بە تەواوەتییە.

ئەنگۆ نازانن ئەوشۆکە خۆشەویستی من مێوانە. ناوی ئەو خۆشەویستییە لاسی ئەحمەد بەگییە.

مەلا نەبییش دەیگۆتە لاسییە، مەلا نەبی ببی بە قوربانیّ لاسییە. ئەگەر وەیسی تەمبیّ نەکەی دیارە مووی پیاوان لە توو نەهاتییە. تەحریك و تانەی لاسی دەدا بە تەواوەتییە.

لاسیش دڵی جۆشی بەستییە. دەیگۆ لەبەر عەیبەی نەبی ئەوشۆکە بەو شەوەی دەچمە بن گردیّ سپییە. دەبڕم سەریّ وەیسییە، لۆ توو دەینم مامە مەلا نەبی بە دیارییە.

ئەویّ شەویّ کاکە لاسی ماڵ وێران قەت کەمی خەو لەچاو کەتییە. خۆ وەیسی ماڵ وێران لە ترسان خەوی لە چاوی نەکەتییە.

سبەینیّ، ڕۆژ لە کۆسرەتیّ شاڵەبەگیان و لە ئاکۆ و قەندیلان بەدەرکەتییە، دەیداوە لە قەرە ڕەشماڵیّ ماڵیّ مەلا نەبییە. گوارە و پلپلە و تاس و کەمبەرەی خەزاڵە شۆڕێی براینە! برادەرینە! ڕوون کردییە.

خەزاڵ ڕۆژهەلاتییە، بە دەستەکی ناسك هەردوو دیرەگەی ڕەشماڵێی گرتییە، کاکە لاسی گاز دەکردە لایێ ژۆریّ جۆتەکی ڕاموسانی پێشکێش کردییە، لەباتی نانی سبیانیّ و نیو ڕۆژییە. دەیگۆ ئۆبالیّ منت لە ملییە، ئەگەر خۆت بە کوشتن بدەی، خەزاڵی چاو بەڵەك دەمینیتەوە لێرە بە بێوەژنییە.

کاکە لاس دەڵێتە خەزاڵیّ مەلا نەبییە، قەدر و قیمەتی وەیسی لەکنە من نییە. مایینی من شێخەزاڵە، مایینی وەیسیش ئەسپی چار پەل سپییە. مەودای وەیسی قەت لەکن لاسی نییە، مەگەم خودای تەبارەك وەتەعالا ئەجەلی من بینی و عیزرایلی بنێرتە سەرە من رووحی شیرنم بباتە دەریّ لە بەدەنییە. نەکو وەیسی وسووئاسکیان قەت خۆراکی کاکە لاسی نییە. هێشتان منداڵ و نەفامە شەڕ و

بەر مەیدانی نەدیتییە. ئەو چەکەی لە کنە من هەیە، هێشتان وەیسی بەعەمری خۆی نەیدیتییە. ئەو ماینە لە بنە بنە، ماینی وا وەیسی هێشتان چاوی پێ نەکەتییە.

ڕۆژی موبارەك لە کۆسرەتێ شاڵە بەگیان بە تەواوی هەڵاتییە. کاکە لاسی ماڵ وێران گاسی خولامەکی کردییە. شێخەزاڵیان لۆ دەهینا ڕایان گرتییە. بە خۆی لێی دەداوە زینی ئەستەمبولییە. وەسەری دێخست لغاوی حەڵەبێ مروارییە. جۆتەکی ڕکێبی حەوێزیان لە زیوییە. کەمەندی پشتی باش قایم کردییە، زرێی داودیی لەبەر کردییە. گەردەنی خۆی بە خەزاڵێ ئازا کردییە. دوو ڕامووسانی گەلەك گەلەك خۆشی لە گەردەنی خەزاڵێ کردییە.

بەڵان خەزاڵێ بابان وێران، دەترسێ لە لاسییە، نەکو بکوژرێ نێەتەوە، بە دەست کاکە وەیسییە.

ئەمان مەلا نەبی دەیگۆ لۆمە زۆر عەیبە ئەگەر نەچینە سەر مەیدانێ. یازدە کەسی لەگەڵ خۆی هەڵگرتییە. یازدەکەسی لە خزم و کەسانی لەگەڵ خۆی هەڵگرتییە. بۆ خۆشی دوازدەمینە بەدوو کاکە لاسی بەدرۆ کەتینە. بەڵان لاسیش دەیزانی درۆیە و بەڕاستیان نییە.

ئەوی لاسی خۆش بوێ هەر خەزاڵە. ئەوی جەرگی سووتابێ هەر خەزاڵە. ئەوی ماڵ وێران ببی هەر خەزاڵە. ئەوی ئاگری تێ بەربووبی هەر خەزاڵە لەبۆ کاکە لاسییە.

خەزاڵ دەستی دیسان بڵند کردییە، خودای لە ژۆری سەرییە، سوڵتان عەبدوڵلای عارەبییە، یا حوسێنی غازییە. شێخە لاسی باڵەکییە، شێخ گەزنە و شێخ ئەستییە، شێخ عەبدولقادری گەیلانییە، شێخ مارفی کەرخییە. ئەنگۆ هەمووتان ببنەوە ئاگاداری کاکە لاسییە. چونکی خۆشەویستی بەر دڵی خەزاڵێ چاوبەنگییە.

کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە لەگەڵ سواران سەری مەیدانێی گرتییە. وەیسی غەزەبی سەر عەردییە. ئەحمەد و چاو شووشە و چڵکن چاو ڕەشی مامی،

هەرسێك لەگەڵ خۆی هینایە لۆ شاهیدییە.

وەیسی سوار دەبوو لە ئەسپی چار پەل سپییە، سەری مەیدانیی ڕەچاو کردییە. شوان و شوانەوێڵە و کیژ و کاڵێ قەپەك و مامساڵ و سوورچیان و خەیلانییە، هەمووی لە دوور بە دووری چاویان لەسەری مەیدانێ ڕاگرتییە.

تێبینی:

بەداخەوە بەیتەکە ناتەواوە... بەگوێرەی فۆلکلۆری زارگۆتی کوردی لاس لەشەڕی لەگەڵ وسووئاسکی دێنە کوشتن.